# خاڵە بەهێزەکانی کەسایەتیت بدۆزەرەوە

بەهەڵگرتنی 10 هەنگاوی بچوک
ئامانجی گەورە بەدەست بێنە.



نوسینی: جۆن بێرد
وەرگێڕانی: بڕیار بەکر

چاپی دووەم
2017

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# خاڵە بەهێزەکانی کەسایەتیت بدۆزەرەوە

بەهەڵگرتنی ١٠ هەنگاوی بچوک ئامانجی گەورە بەدەست بێنە.

نوسینی: جۆن بێرد

وەرگێڕانی: بڕیار بەکر

Scanned with CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە(٤٥٢)

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: خاڵە بەهێزەکانی کەسایەتیت بدۆزەرەوە
- بابەت: دەروونزانی
- نوسینی: جۆن بێرد
- وەرگێڕانی: بڕیار بەکر
- دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- 
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە


.ناونیشان: سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف
ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned with CamScanner

# پێڕست


پێشەکی .......... ٥

بەشی یەکەم .......... ١٥

به لەسەدا سێ دەست پێبکەن .......... ١٥

بەشی دووەم .......... ٢٩

ڕابەری خۆتان بن .......... ٢٩

بەشی سێیەم .......... ٤٣

لە کەسانی ترەوە فێربن .......... ٤٣

بەشی چوارەم .......... ٥٥

لە خۆتانەوە فێربن .......... ٥٥

بەشی پێنجەم .......... ٦٥

بۆ هێنانەدی ئاواتەکانتان .......... ٦٥

بەرنامەڕێژی بکەن .......... ٦٥

بەشی شەشەم .......... ٨١

کات بە هەل بزانن .......... ٨١

بەشی حەوتەم .......... ٩٥

لە هەڵەکردن مەترسن .......... ٩٥

بەشی هەشتەم .......... ١١١

چیتر خۆتان بە قوربانی مەزانن .......... ١١١

بەشی نۆیەم .......... ١٢٣

دەست لە بۆڵەبۆڵکردن هەڵگرن .......... ١٢٣

بەشی دەیەم .......... ١٣٧

پێویست ناکات هەوا بکەنە فیل .......... ١٣٧

چۆڕاوە .......... ١٤٧


Scanned with CamScanner

یەکەمین جار کە بۆمدەرکەوت ئەتوانم ژیانم بگۆڕم پانزە ساڵ بوم، من ڕۆژانە بیست و سێ کاتژمێر لە خانەی نەوجەوانان لە کۆتایی شاری لەندەندا لە ژورێکی یەك کەسیدا بەند ئەکرام. خێزانەکەم منیان وێڵکردبو و هەرکەسێك کە ئەیناسیم ڕقی لێمبو. هیچ عیشق و ئومێد و ئاسایشێکم نەبو بێجگە لە چاوەڕوانی لە بەندیخانەدا بۆ تێپەڕینی چەند ساڵێکی تر. تا ئەو کاتە ئەوەندە هەستم بە تورەیی نەکردبو.

لەوانەیە بپرسن: چۆن مێردمنداڵێك ئەتوانێت لە زیندانێکی یەك کەسیدا هەڵبکات، دەی ئیتر ئاوا بو. من لە گەڕەکی پیس و پۆخڵی (ناتینگ هاڵ)ی لەندەن لەدایك بوم و لە مێردمنداڵیدا لەگەڵ هاوڕێکانمدا هەتیو کەوتم. کاتێك کە هەشت ساڵان بوم ناردمیانە پەروەردەخانە. بەر لەوەی کە ئەندامانی ئەم خێزانە دوبارە لە فولهام پێکەوە پەیوەست ببنەوە سێ ساڵ لەوێ مامەوە. بەڵام کێشەکان هەر لەوێ تەواو نەبون. من بو بومە کوڕێکی زۆر نائارام، ئاگرم لە شوێنانێك بەرئەدا، لە قوتابخانە هەڵئەهاتم، لە دوکانەکان شتم ئەدزی و پسپۆڕی خراپەکاری بوم. هەمو ئەمانە لە دە



Scanned with CamScanner

ساڵی یەکەمی ژیانمدا ڕویاندا، ئەوکاتانەی باوەڕم وابو کە بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئەو ڕوداوە زۆر ناخۆشانەی ژیانمەوەیە کە من خراپترین کەسم.

ڕۆژێك پاسەوانی زیندانەکە هاتە ژورەکەم و وتی: (داواکاریەکت نیە، کوڕە؟)

وەڵامم دایەوە : (نەخێر قوربان.)

ئەو پرسی: (کتێبت ناوێت؟)

تەماشایەکم کرد.

(لەوانەیە خوێندەواریەکی باشت نەبێت؟)

هیچم نەوت.

ئەو لەوێ ڕۆشت، بەڵم دواتر بە کتێبێکەوە گەڕایەوە و کتێبەک و پێنوسێکی خستە لایەکی ژورەکەم و وتی: (هێڵ بێنە بە ژێر ەر وشەیەکدا کە نایزانی.)

بە کەمێك باوەڕ بە خۆ بونەوە وتم: (کەمێك ئەزانم بخوێنمەوە.)

ئەو وتی: ( باشە هەندێك هەلت لەبەردەستدایە تا باشتر ببیت.)

لە هەفتەکانی دواتردا هەندێك کات پاسەوانی زیندانەکە سەیری ئەو وشانەی ئەکرد کە هێڵم بەژێردا هێنابون و هەرجارەو وشەکانی بەشێکی بۆ ڕون ئەکردمەوە و دواتر داوای لێئەکردم بیاننوسمەوە. پیشەی ئەو ماmۆستایی نەبو بەڵام کەسێکی نەرم بو، هەرچەندە نەرمیەکەی لەپشت ڕوخسارە تورەکەیەوە ئەشاردەوە. دوای چەند هەفتەیەك وتی: (ئەوەندەش بێ ئەقڵ نیت وەك ئەوەی کە دیارە، وایە؟)بە ڕێژەیەکی زۆر ئەو پاسەوانی زیندانە گرنگترین کەس بو کە تائەوکاتە بینیبوم. ئەو

ئەگات لەوپەڕی سەرسوڕماندا ئەبینم کە بۆ وەسفکردنی ژیانم سوودیان لە وشەگەلێك وەرگرتوە کە وەك بڵێی من بە یەك دەست سوپەرمان ئاسا کێشاومە بە زەویدا یاخود من دێوی ئەنجامدانی کارە دژوارەکانم.

ئەفسانەی ژیان و کەسایەتی بەرز، ئەوان کەسایەتی ڕاستەقینەی من وەسف ناکەن کەسێك کە ئەزانێت چۆن شەڕبکات بەلاّم زۆرینەی کاتەکان ئەدۆڕێت، کەسێك کە لە دامەزراندنی بلاّوکراوەی (پەیامی گەورەد)ا بەژداربوە بەلاّم تۆمەتبار کراوە بە بێ توانایی و لە دەستدانی توانای سەرکردەیی و تا هێڵی کۆتایی بە ڕێوەیە. ئەزانم پێویستە کەسێك ئەم قسانە بکات کە هەرگیز نەڕۆشتبێتە زیندان و دیلی نەزانین نەبێت، بە شێوەیەك کە خەڵکی تاسەمەندی بیستنی قسەکانی بن، بەلاّم ئەگەر من پێچەوانەی ئەوە بومایە کە بەوان ناسێنرابوم ئەوە ئێستا کەسێك نەیئەویست گوێ لە قسەکانم بگرێت. بەم وەسفانەوە کێشەی من ئەوەیە کە دیل و بەندی نەزانین بوم و هەندێك کات هەستم بە بێ بایەخی و پێشنەکەوتن ئەکرد. ئەمەوێت ئێوەش ئەمە بزانن چونکە بەدەر لەمە ئەو دۆخە دروست ئەبێت کە گەیشتن بە سەرکەوتن تەنیا هی ئەو کەسانە ئەبێت کە هەمو ژیانیان لە گەورەیی و چاکە کردندا بەسەر بردوە. ئەمە ڕاست نیە دنیا پڕ نیە لە نمونەیی زۆر و ئێوەش ناچار نین ببنە سوپەرمانی ئەنجامدانی کارە پڕ بایەخەکان.

لەبەر ئەمە ئەمەوێت لەم کتێبەدا باسی بزاوتنی خۆمتان لە جادەی سەرکەوتنی ڕاستەقینەدا بۆ بکەم، بە هەمو شتە ناخۆش و دەردیسەریەکانیەوە بەو هیوایەی کە ئیلهام بەخش بێت بۆتان و هەست



Scanned with CamScanner

بکەن کە ئێوەش ئەتوانن ژیانتان بگۆڕن و شتێك بکەن بۆ ئەم ژیانە.
ئەمەوێت ئەزمونەکانی ژیانی خۆمتان بۆ ئاشکرا بکەم، نەك بەو شێوەیەی کە ئێوە بڵێن(کابرای داماو)یان(دەی ئەمە چیە خۆ من دوبەرامبەری ئەو زەحمەتم کێشاوە)لەبەر ئەوەی کە چەندین ڕوداوی خۆشیش تیایدا ڕویداوە. نا، ئەو وانانە گرنگن کە لە کێشەکانمەوە فێریان بوم. ئەتوانن تەماشای ژیانی من بکەن و وەك من بۆتان دەربکەوێت کە نابێت بەدەست هەڵە و سنوورداریەکانەوە گیر بخۆن. بەڵکە ئەبێت چارەنوسیان بگۆڕن و وەك یەکەمین هەنگاو لەسەر جادەی سەرکەوتن سودیان لێوەر بگرن. بەر لە هەر شتێك ئەمەوێت ئەم کتێبە بخوێننەوە و لەکاتی بیرکردنەوەدا هەست بە تێپەڕینی خوێن بکەن بە ناو دەمارەکانی مێکشتاندا و بڵێن: (من ئەتوانم).
یەکێك لەو پرسیارانەی کە زۆرینەی کات لێم ئەکرێت ئەمەیە کە: (چ کاتێك هەستی دەردەداری و خۆ بە بێبایەخ زانینت گۆڕی بە هەستێکی سودمەند؟ )وەڵامی من ئەمەیە: (بەرەبەرە، بە ناتەواوی، بە هەڵە، بە بەکەم تەماشاکردن، بە ئەمجامدانی هەڵەی جۆراوجۆر، بە سەرکەوتن بە شوێنگەلێکی سەختدا، هەرجارەی یەك هەنگاو، شوێنێك کە هەرگیز ساف و گونجاو نەبو، وە پاشان لەبەر ئەوەی کە مرۆڤێکی گەورە نەبوم زۆر زو بۆمدەرکەوت کە گەورەیی لەو کارەدا بو کە ئەمکرد ڕێك بەو شێوەیەی کە کەگۆڕام لە بەشێك لە کێشە بونەوە بۆ بەشێك لە چارەسەر، چەندان شتی دەگمەن لە شەوێکدا ڕو نەدەن و بە بۆچونی من هیچ شتێك بە بێ هەوڵ و تێکۆشان ڕونادات. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەم کتێبە لەو کتێبانە نیە



Scanned with CamScanner

کەپێتان بڵێت ئێوە ئەتوانن ببنە هەر شتێك كە ئەتانەوێت. یاخود بڵێت ئێوە ئەتوانن تەنانەت بەبێ بیرکردنەوە لە کێشەکان ئەتوانن چارەسەریان بکەن. بەڵام هیوا خوازم ئەم کتێبە یارمەتیتان بدات باوەڕ بەوە بکەن کە گۆڕان ئەتوانرێت ئەنجام بدرێت و کلیلەکەی لە دەستی خۆتاندایە. ئێمە هەمومان کرۆکی ئەوەمان تیادایە و ئەتوانین کارێك بکەین کە کاغەزەکە هەڵگەڕێتەوە.

دێتەوە بیرم پاش وتاردانم لە زانکۆی (میدڵند) ژنێك بەردەمی گرتم و پێی وتم: (ئێوە بونە هۆی ئەوەی کە من بڕیار بدەم ناکرێت بێ ئومێد ببم لە براکەم. ئەو زۆر ئالودەی مادە هۆشبەرکانە و هەمیشەش لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئێمەشدا خراپە ئەکات. بەڵام لەوانەیە بتوانم کارێکی بۆ ئەنجام بدەم هەوڵ ئەدەم یارمەتی بدەم. )ئەو بە زەردەخەنەوە لێم دورکەوتەوە و پاشان گەڕایەوە و تەوقەی لەگەڵ کردم. ئەمزانی کە ئەتوانێت سود لە وتەکانی من وەربگرێت بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی. ئەو ڕاستیەکەی دۆزیبوەوە، کە من ئەم قسانە تەنیا لە پلەی ڕەخنە گرتندا نەوتبو بەڵکو وتەکانم لە کارپێکردندا بە سودن. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ئەمەوێت کتێبەکەم پێتانی ببەخشێت: پەیوەست بێت پێتانەوە و پەیوەندی بە کێشەکانتانەوە هەبێت.

زۆرینەی کات ئارەزو ئەکەم کە ئای خۆزگە نەخشەیەکم هەبوایە بۆ ژیانم. بۆ ئەوەی ڕێگەی نیشان بدایەم و پێی ئەوتم کە کام ڕێگە ڕاستە. کاتێم کە گواستمەوە بۆ شاری لیل لە باشوری فەرەنسا بۆ ئەوەی کە ژیاننامەی خۆم بنوسمەوە سەرەتا نەخشەم لەگەڵ خۆمدا هەڵنەگرت،



Scanned with CamScanner

سەرەتا سەنتەری شارەکەم نەئەزانی، لەبەر ئەمە بەردەوام گوم ئەبوم.
جادەیەکم ئەگرتە بەر کە وامئەزانی ئەمگەیەنێتە ماڵەوە کەچی لەناکاو لە شوێنێکی نادیار خۆم ئەبینیەوە. هەندێك کات بیّ ئەوەی ڕێگەکە بزانم ڕێك لە پشت خانوەکەمەوە خۆم ئەبینیەوە. تا چەند هەفتەی سەرەتا شارەزای شاری لیل نەبوم و بەناڕەحەتی شارەزای بوم. تا ئەوەی کە ڕێگەکە شارەزا بوم و چیتر بەڕاستی ڕێگەم ئەبڕی. ئەمە ڕێك وەك ژیانم بو. ڕێگەکەم گوم ئەکرد و پاشان دوبارە ئەمدۆزیەوە، نەخشەی ژیان بەکەڵك بو، ئەگەر بە ڕاستی بەکارم ئەهێنا ئەوا ئەمتوانی زۆرێك لە کێشەکانم چارەسەر بکەم و بەسەر دەردە سەخت و هەڵە لەدەست چوەکانمدا زاڵبم. هیوا خوازم ئەم کتێبە بۆ ئێوەش بە سود بێت و شێوەی ژیانتان زۆر ئاسان بکات.

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

## بە لەسەدا سێ دەست پێبکەن



Scanned with CamScanner

ژمارەی ئەو جارانەی کە لێم ئەپرسن چۆن گەیشتوم بە ئامانجێکی گەورەی وەك دەرکردنـی گۆڤاری (پەیامی مەزن)، بۆمدەرئەکەوێت کە کەسانێکی کەم ئاگاداری دابەشکردنی کارەکانن بە بەشی بچوك بچوك. ئەوەی کە نایزانن ئەوەیە کە تەنانەت گەورەترین و فراوانترین پرۆژەکان تەنیا لە کۆمەڵێك بەشی بچوك پێك هاتون. دابەشکردنی کارێکی گەورە بە قۆناغی بچوکتر، بنەمای شێوازێکە کەمن ناوم لێناوە یاسای لە سەدا سێ. باوەڕم وایە کە ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئامۆژگاریەکانی ئەم کتێبە,هەر لەبەر ئەمە بەم ئامۆژگاریە دەست پێئەکەم چونکە ئەمە ئەو هۆکارەیە کە ڕێنمایی کردم بۆ سەر جادەی سەرکەوتن و ئەتوانێت یارمەتیدەری ئێوەش بێت. من بەشێوەیەکی لەناکاو لە هەژاریەوە نەگەشتوم بە دەوڵەمەندی. من سەفەرێکی درێژم بە هەنگاوی بچوك بڕیوە و بەرهەمەکانی ئەم هەنگاوە بچوکانە سەرڕێژم ئەکەن لە شانازی بە خۆوە کردن.



Scanned with CamScanner

# یاسای لە سەدا سیٚ چۆن دانرا؟

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ دا بلاْومکردەوە کە بەنیازم خۆم هەڵبژێرم بۆ جێگرتنەوەی سەرۆك شارەوانی لەندەن. کۆبونەوە گەلێکی زۆرم ڕێکخست بەلاْم یەکێك لە گرنگترین کۆبونەوەکان لە نوسینگەیەکی کەسە پلە بەرزەکان و ئەندازیارەکاندا بو. شەرەفمەندی وتاردان بوم بۆ زۆرێك لە خاوەن کار و سەرمایەداران کە ئەیانویست دەربارەی هۆکاری ئەوەی کە ئەمەوێت ببمە سەرۆك شارەوانی و ئەوەش کەچۆن ئەمەوێت بگەمە ئەم ئامانجە گەورەیە پرسیارگەلێکی جۆراوجۆر بکەن. لە وەلاْمی ئەواندا بە شیکردنەوەی یاسای لە سەدا سیٚ دەستمکرد بە قسەکردن: لە منداڵیدا لە خانەی نەوجەوانان هەڵهاتم. دواتر دەستگیرکرام و نێررامەوە بۆ ئەویٚ،تەنبیٚ کردنی من ئەوەبو کە کێڵگەیەکی گەورە تەنیا بە پاچ و بێڵێك ئامادە بکەم بۆ چاندن. ڕوبەری ئەو ناوچەیەی کە بڕیار بو بیکێڵم زۆر فراوان بو. ئەمزانی کە ئەوان نەك هەر ئەیانەوێت تەنبێم بکەن بەڵکو ئەشیانەوێت شکستم پێببێنن و لە حاڵەتی شکستەکەدا بمبینن. بە لاْم مکوڕ بوم کە نابێت ئەمە ڕوبدات. لەبەر ئەمە یەك کاتژمێر سەرقاڵی دابەشکردنی کێڵگەکە بوم بە چوارگۆشەی بچوك بچوك. ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە کارە سەختەکەم زۆر ئاسان ببێت و بۆمدەرکەوێت کە ئەتوانم ئەندازەی پێشکەوتنم لەبەرچاو بگرم. هە جارەی کە چوارگۆشەیەکم تەواو ئەکرد هەستم ئەکرد کە بە شتێك گەشتوم و ئەمەش بەردەوامی لەسەر

Scanned with CamScanner

کارەکەم پێئەبەخشیم. بە دابەشکردنی ئەم کارە گەورەیە بۆ بەشی بچوک چیتر پێویستی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ نەئەکرد. ئامانجێکم بۆ خۆم دیاریکردبو کە ئەمتوانی بە ئومێدەوە بەردەوام بم لە سەری. بە لە سەدا سێ دەستم پێکرد و هەرجارێك کە چوارگۆشەیەکم تەواو ئەکرد ئەمخستە سەر لە سەدا سێکە. من شکستم بۆ خۆم دا نەنابو و نیشانی کاربەدەستەکانی ئەوێمدا کە نامەوێت بە تەنبێ کردنەکانیان شکست بێنم. تەنانەت لەوەش گرنگتر، ئەم شتەم بە خۆم سەلماند.

ئاوا ڕونمکردەوە بۆ کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندانی شاری لەندەن دەربارەی ئەنجامی کارێکی سەختی وەك(سەرۆك شارەوانی لەندەن): هەرجارەی یەك هەنگاو، لە سەدا سێ، دوای لە سەدا سێ تا ئەوەی کە بگەمە لە سەدا سەد. دواتر هەنگاوی لە سەدا سێییم ئەنا کە پێویستم پێیانبو بۆ سەرکەوتن: کۆکردنەوەی کەسانێکی خۆبەخش کە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردنەکاندا بۆ پشتیوانی لێکردنم، فراوانکردنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن، هاندان و گەرمکردنی خەڵك بۆ دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا. هیچ شتێك بە خێرایی دەنگ ڕوینەدا. ئەمە تەنیا نمونەی بابەتانێکی بچوك بون کاتێك کە بەیەکەوە کۆ ئەبونەوە ئەو هەڵبژاردنە گەورەیەیان پێکئەهێنا.

لە کۆتاییدا لەم مەیدانەدا کەمم هێنا،بۆمدەرکەوت کە لە بیانو هێنانەوە لە نیوەی شەودا ئەویش بۆ کەموکوڕتی و گوڵ و گیاکان، شەمەندەفەرەکان یان جۆگەکان،شارەزا نەبوم. من بەڕێوبەرێکی کارناس نیم و لە بیانو هێنانەوەشدا باش ئیش ناکەم. بەڵێ من بە هەڵە داواکاری

Scanned with CamScanner

ئەم لێپرسراوێتیە بوم، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کە لە زیادبونی کاری قورس ترسابم. یاسای لەسەدا سێ باش ئیش ئەکات.

## لە سەدا سێکانی ژیانمان

کاتێك کە سەیری دەوروبەرمان ئەکەین بۆماندەرئەکەوێت کە یاسای لە سەدا سێ لە پێشدا بەشێك بوە لە ژیانمان. بۆ نمونە بەم تازەییانە سەیری منداڵە وردەکانی خۆمم کردوە و لەوەی کە چەند شت هەیە کە ئەبێت فێری ببن سەرم سوڕماوە. کاتێك کە فێری گەوالکێ ئەبن، بە نیگەرانیەوە تەماشایان ئەکەم. کەم کەم ئەوەستن، بەرسك ئەدەن، بەڵام هەمو ئەم جوڵە بچوکانە ڕۆشتن دروستەکەن و دواتر لەناکاو فێری ئەبن. وە بەرلەوەی کە مرۆڤ بۆیدەربکەوێت کە چۆن ئەمە ڕویدا ئەوان بە بڕوا بەخۆبونەوە مژۆلی ڕۆشتنن. ئەگەر بڕیار بوایە دەربارەی پێویستیەکانی منداڵ بۆ هەلگرتنی یەکەمین هەنگاوکتێبتان بخوێندایەتەوە، ئارەقی نیگەرانی لە تەوێڵتان ئەنیشت. نوقمی هەمو لە سەدا سێیەك ئەبون کە ئەبێت ڕوبدات. بەڵام ئەمە شتێکە کە هەمومان ئەنجامانداوە. فێربوین بڕۆین و قسە بکەین و دواتر لێهاتویی تر بە دەستبێنین.

لەبەرئەمە ویستی ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەکتان هەبو گەورە یان بچوك، لە ماڵەوە یان لە سەر کار، بە پێی ئەم لە سەدا سێیە بیری لێبکەنەوە. بەرنامە بۆ خۆتان دابڕێژن تا سەرکەوتو بن، دڵنیابن کە هەوڵنادەن ئیشەکە بەزویی یان بە زۆری ئەنجامبدەن. تەنانەت پێویست ناکات بە



Scanned with CamScanner

هێواشی بجوڵێن، تـا کاتێـک بـە شـێوەیەکی گشتی لـە بـزاوتن نەکـەوتون لەسـەر ڕێگـە ڕاسـتەکەن. بۆتـان دەرئەکـەوێت کـە سـەرکەوتن نهێنیـەکی نەزانراو نیە، هەموان ئەتوانن پێی بگەن، ئێوەش ئەتوانن.

## هەرجارەی هەنگاوێك

زۆرینەی کەسانی بێ ماڵ و حاڵ کە دێن بۆ نوسینگەی گۆڤاری پـەیامی مەزن، کەشتیەکی شـکاون، هـەمو شـتێکیان لەدەسـتداوە. چـۆن کەسـێك هەمو ژیانی تێکچوە زیندو ئەکەنەوە. چۆن کەسانێك کـە بـە خواردنـەوەی مەی، مادە هۆشبەرەکان و خواردنی پیس زیان لە خۆیـان ئـەدەن، زینـدو ئەکەیتەوە؟ چۆن ئەیانگێڕیتـەوە بـۆ سـەر ڕێگـەی ڕاسـتی ژیـان؟ وا دێتـە بەرچاو کە گۆڕینی ژیانی ئەم کەسانە پێویستی بە هـەڵهێنانی هـەنگاوێکی گەورە هەیە.

بەڵام لەڕاستیدا وانیە، من لـەم خەڵکـەم ناوێـت کـە هـەنگاوێکی گـەورە هەڵبگرن، لەبەر ئەوەی کە زیـاد لـە پێویـست چاوەڕوانیکردن لـە کەسـێك تەنیا ڕێنماییکردنی ئەویش و خۆشتانە بەرەو شکست. لەبەرامبەردائـەبێت داوا لەم جۆرە کەسانە بکەین کە لە سەدا سێمان پێبدەن. سەرەتا داوایان لێئەکەین کە ڕێگەکەیان لەسەر ڕێچکەیەکی ڕێکوپێك بگرنەبەر. کاتێك کـە وایـانکرد داوایـان لێئەکـەین کـە گۆڤـاری پـەیامی مـەزن بفرۆشـن. دواتـر بەرەبەرە کەمێك زیاتریان لـێ داوائەکـەین. لەوانەیـە داوایـان لێبکـەین کـە ڕەفتارێکی جوانیان هەبێت یان چیتر لەکاتی کارکردندا مەی نەخۆنەوە. لە



Scanned with CamScanner

کۆتاییدا ئاواتەخوازین لە بری ئەو لەسەدا پەنجایەی کە پێیان ئەدەین، ئەوانیش لەسەدا پەنجا پێشکەون، لەبەر ئەوەی ئەوان هەر بەو ئەندازەی کە وەریئەگرن بە ئێمەی ئەدەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە تەنیا شتێك بەوان ئەدەین کە بۆ سەربەخۆبون و پشت بەخۆبەستن پێویستیان پێیەتی.

زۆرینەی پرۆژە گەورەکان شکست ئەهێنن لەبەر ئەوەی کە بەژداربوەکانی چاوەڕوانی ئەوەن کە ڕێژەیەکی زۆر کار لەماوەیەکی کەمدا ئەنجامبدەن. هەر لەبەر ئەمەیە کە یاسای لەسەدا سێ کارە سەخت و گەورەکان دابەش ئەکات بۆ هەنگاوی بچوك و گونجاو بۆ کارکردن و یارمەتی خەڵك ئەدات کە بەروانکەی هاتنەدی بکەنەبەر خەونەکانیان.

یاسای لە سەدا سێ سروشتیترین شێوەی دەستخستنی خەونەکانە. لەبەر ئەمە هەراسان مەبن لە گەورەیی خەونەکانتان، تەنیا هەر جارەو هەنگاوێك هەڵبگرن.

## بەکارخستنی یاسای لە سەدا سێ

یاسای لەسەدا سێ ئەتوانێت بەکاربرێت بۆ هەر ئاواتێك کە لە ژیاندا هەیە. من کاتێك سودم لێوەرگرت کە ئەمزانی ئەبێت گۆڕانێکی ڕیشەیی لە شێوەی ژیانمدا بەدیبێنم تا ڕاستتر، تەندروستتر و سودمەندانە تر بژیم، بەڵام تەنیا وتنی ئەمەی کە ئەمەوێت ژیانم بگۆڕم بەس نەبو، ئەبوایە کارەکەم دابەشکردایە بۆ بەشی بچوکتر. ئەمزانی کە ئەبێت جگەرە و مەی خواردنەوە بخەمە لاوە، بەڵام ئاسان نەبو. لەبەر ئەمە کاتێك کە ئەمویست



Scanned with CamScanner

جگەرە تەرک بکەم بڕیارمدا یەک ڕۆژی تەواو نەیکێشم. کاتێک کە یەک ڕۆژ جگەرەم نەکێشا، ماوەی جگەرە نەکێشانم زیاتر کرد بۆ یەک هەفتە، لەماوەی یەک هەفتەدا گەشتم بە ئامانجەکەم و دواتر هەفتەی داهاتو و هەفتەی داهاتو تر تا ئەوەی یەک مانگی تەواو جگەرەم نەکێشا. لەبەر ئەمە ئەگەر هەر کارێکی سەخت کە ئەنجامدانی بۆتان نارەحەتە دابەش بکەن بۆ بەشی بچوکتر، گەشتن بە ئامانج زۆر ئاسانتر ئەبێت بۆتان.

## بەهەڵهێنانی هەنگاوی بچوك بکەن بە ئامانجی گەورە

هەنگاوی گەورە تایبەتە بە کەسە گەورەکان. بەڵام نمونەی هەنگاوانێکی بچوك ئەتوانرێت وەك دەسکەوتێکی گرنگ تەماشا بکرێت تەنانەت ئەگەر بەرنامە ڕێژیش نەکرابێت. هاوڕێیەکم کاروکاسپیەکی گرنگی شتومەکی دەنگی دەستپێکرد و تەواوی پاداشتەکانی وەرگرت. ئەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بۆ بەڕێوبردنی فرۆشگاکانی دامەزراند کە کڕیارێکی کەمیان هەبو، بەڵام هەلی پێئەدان و تەنیا بڕێکی کەمیان سەرکەوتو نەئەبون.

لێمپرسی کە چۆن بە تەنیایی ئاوەها کاروکاسپیەکی سەرکەوتوی دەستپێکردوە. ئەو وتی کە لە سەردەمی قوتابخانەوە دەستیکردوە بە کڕینی شتومەکی دەنگی دەستەدو. پاشان نوێی کردونەتەوە و لە ڕێگەی چاوەڕاو بۆکردنەوە(ڕیکلام) لە بلاوکراوەکاندا فرۆشتونی. ئەو هێشتا لە فرۆشگاکانیدا یاسای لە سەدا سێ پەیڕەو ئەکات. ئەو بابەتانەی کە



Scanned with CamScanner

ئەبێت بۆ دەستخستنی بیرۆکەی کارکەرەکان و بەردەوامی کار و هەست بە بەهێزی ئەنجامی بدات.

پێشکەوتنەکانتان بهێننەوە بەرچاوتان و چێژی لێببەن و بەو بۆنەیەوە جەژن بگێڕن، تەنانەت ئەگەر ئەو پێشکەوتنەش بەشەکی و کەمیش بێت. تا ئێستا دە خولەك پیادەڕەویتان کردوە؟ زۆر باشە. نیگەرانی ئەوە مەبن کە هاوڕێ زۆر خۆشەویستەکەتان یەك کاتژمێر ڕائەکات. ئەوەی گرنگ ئامانجەکەتانە و هەروەهاش ژیانتان.

بە بەکارخستنی یاسای لە سەدا سێ لە ژیانتاندا یارمەتیتان ئەدات لە پشتگوێ خستنی ترسەکانتان بۆ گەشتن بە ئامانجەکانتان. کاتێك کە هەمو شتێك دابەشبکەن بۆ هەنگاوی بچوك چیتر ئامانجە گەورەکان بە ترسناك نایەنە بەرچاو. ئەمە هەر ئەوەیە کە من ساڵانێك لەمەوبەر لەکاتی دابەشکردنی کێڵگەکەی خانەی نەوجەوانانـدا ئەنجاممدا: من ترس و نائومێدیم لەو کارەم جیاکردەوە. دواتر لە ژیانمدا، چەند هەفتەیەك بەر لە خستنەکاری گۆڤاری پەیامی مەزن لە ئەمریکا کارێکی لەم جۆرەم ئەنجامدا.

بەگەڕخستنی گۆڤارەکە ڕوداوێکی گەورە بو. ئێمە هەرکارێك کە ئەمانتوانی ئەنجامی بدەین، ئەنجاممان دابو. بەڵام نوسەرەکان، دیزاینکارەکان و دابەشکارەکان هەمویان تورە بون. ئێمە هەمومان دانیشتین و گوێمان لە قسەکانیان گرت دەربارەی کێشەکان بۆ خستنەگەڕی گۆڤارەکە. هەمو کێشەیەك بە شێوەیەك ئەخرایە پێشچاو وەك بڵێی کە بێ چارەسەرە.



Scanned with CamScanner

لەگەڵ ئەمەشدا، خشتەیەکمان بۆ زانینی ڕادەی پێشکەوتنەکانمان بەدیواردا هەڵواسی. بۆ ئەوەی کە هەموان قۆناغی پێویست لە ڕوی پێشکەوتن و چون بۆ قۆناغی دواتر بزانن. بۆمدەرکەوت کە ئەوان لەوە ئەترسن کە پارویەکی گەورەتر لە گەرومان قوتدابێت. کاتی قوتدان هاتبو. بۆ نەهێشتنی ترس و باوەڕپێکردنی گروپەکەم بەوەی کە ئەوان ئەتوانن ئەم کارە بخەنەگەڕ، پێویستم بە دابەشکردنی کارەکان بو بۆ بەشی بچوکتر. ئەبوایە نیشانمبدایە کە ئێمە تەنیا پێویستمان بە هەنگاوی بچوکتر هەیە تا بگەین بە ئامانجەکەمان و ئەگەر گروپەکە دەست هەڵگرن لە ترس، ئەوا سەرکەوتو ئەبین.

چەند هەفتەیەك دواتر کارەکەمان بە باشترین شێوە ئەنجامدا. کارێکی ڕێکوپێك و بونیادنەر و کامڵ بو. ڕوداوێکی گەورە بە پاڵپشتیەکی سەرانسەری تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

من هەرگیز لەم دنیایەدا کارێکم ئەنجام نەداوە پێویستی بە زانیاریەکی کەم بێت. لە منداڵیدا ڕۆشتن فێربوم، دواتر قسەکردن و دواتر سود وەرگرتن لەم دو توانایە بۆ بەدەستهێنانی لیێهاتویی تر. بە هەنگاوی گەورە ژیانم نەگۆڕیوە، بە هەنگاوی بچوك لە هەژاریمەوە گەشتوم بە دەوڵەمەندی. من سەفەرێکی درێژ و پڕ لە مەترسیم بە هەنگاوی بچوك کۆتایی پێهێناوە و لە گەشتن بە ئامانجەکەم هەست بە لە خۆڕازیبون



Scanned with CamScanner

ئەکەم چونکە باوەڕم وایە کە یاسای لە سەدا سێ یەکێکە لە باشترین ڕێگەکان بۆ کۆمەکیکردنی خەڵکی بۆ یارمەتیدانی خۆیان.

لەبەرئەمە ئەم جارە ئەگەر بڕیاربو ڕوداوێك لە ژیانتاندا ڕوبدات ئەمە تاقیبکەنەوە: ئامانجێك دیاریبکەن کە تواناتان هەیە پێیبگەن، مەبەستم ئەوەیە کە ئێوە پێویستتان بە ئامانجێکە کە پەیوەندی بە بەخت و ناوچاوەوە نیە یان بەدیهێنانی پەیوەست نیە بە کەسێکی ترەوە. ئەبێت واقعی بن نەوەك ئامانجێکی خەیاڵی و دەست پێنەگەشتو. مەبەستم ئەوە نیە کە ئامانجەکەتان ئەبێت ببچوك بێت، تەنیا دڵنیایی بە دەست بێنن کە هەستپێکراو و دەستپێگەشتو بێت.

ئەگەر بیرۆکەیەکی گەورەتان لە سەردایە یان هەست ئەکەن حەزئەکەن بگەن بە شتێکی گەورە، بەڵام نازانن چۆن یان ئەتانەوێت لە ژیانتاندا گۆڕان بەدیبێنن بەڵام هەست ئەکەن کە کارگەلێکی سەخت و جۆراوجۆرتان لە پێشەو لە سەر شانتان قورسن، ئەوا سود لە یاسای لەسەدا سێ وەربگرن. باوەڕم وایە کە ئەمە یەکێکە لە شێوەکانی کۆمەککردنی خەڵکی بۆ یارمەتیدانی خۆیان. تاقیبکەنەوە. لەوانەیە کە لەمەوپێش لە ژیانی ڕۆژانەتاندا تاقیتان کردبێتەوە. تەنیا لەکاتی بەرنامە ڕێژی بۆ ئامانجەکەتان بیکەنە بیرێکی ئاگاییانە. گەورە بیربکەنەوە، بەڵام بە بەشی بچوك پێیبگەن.



Scanned with CamScanner

*ئەو کارە بچوك و بەشەکیانەی کە پێویستە ئەنجامیان بدەن دیاریانکەن و ئەو کارە سەختە دابەشکەن بۆ هەنگاوی بچوك و سادە.

*دەربارەی توانای هەڵهێنانی هەر هەنگاوێك واقع بین بن. هەوڵمەدەن هەنگاوێك هەڵبگرن کە گەورە تر بێت لەوەی کە بەرنامەڕێژیتان بۆ کردوە. لەم بارەدا تەنیا شکست ڕوبەڕوی ئامانجەکەتان ئەکەنەوە.

*ئامادەبن تا کاتی بۆ تەرخانبکەن و ئارامگربن دەربارەی. بۆ گەشتن بە ئامانجەکەتان پێویستتان بە کات و هەوڵدان هەیە.

*چێژ ببەن لە هەڵهێنانی هەر هەنگاوێك، تەنانەت ئەگەر ئەو هەنگاوەش بچوك بێت. هەرجارێك کە ئەگەن بە ئامانجێك دەسخۆشی لە خۆتان بکەن. چێژ لەو گۆڕانە وەربگرن کە لە ژیانتاندا دروستی ئەکەن.



Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

# ڕابەری خۆتان بن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەر لە بەدیهێنانی گۆڕان لە ژیانتاندا لە خۆتان بپرسن کە:

*ئایا جڵەوی ژیانتان لەدەستی خۆتاندایە و خۆتان بڕیار ئەدەن؟

*ئایا چاوتان لە کەسێکی ترە و جڵەوی ژیانتان لە دەستی کەسێکی تردایە؟ مۆڵەت ئەدەن کە کەسێکی تر بڕیارەکانی ئێوە بدات یان هەوڵئەدەن چاوەڕوانی و پێشبینیەکانی کەسانی تر بێننە دی؟

*ئایا لێپرسراوێتی ژیانتان لە ئەستۆ ئەگرن؟

گرنگ نیە کە هەوڵئەدەن پێشبینیەکانی چ کەسانێك بێننەدی. لەوانەیە ئەو کەسە نیەت پاك، دایك، هاوڕێ، هاوسەر یان خۆشەویستتان بێت. ئەگەر ئەتانەوێت کە زۆرترین سود لە ژیانتان وەربگرن و تواناو لێهاتویی و ڕێژەی زیرەکیتان بزانن پێویستە هەوڵبدەن کە ڕابەری خۆتان بن. لە قبوڵکردنی لێپرسراوێتی ژیانتان هیچ غەمێك لە دڵتاندا جێ مەکەنەوە.



Scanned with CamScanner

## باوەڕتان بە خۆتان هەبێت

بۆ باوەڕ بەخۆبونتان پێویستە بتوانن ڕابەری خۆتان بن. پێویستە باوەڕتان بە خۆتان و ئەم ڕاستیەی کە ئەتوانن ژیانتان بگۆڕن، هەبێت. ئەزانم چەندێك سەختە. لەبەر ئەوەی کە من بە زۆری لە منداڵی و مێردمنداڵیمدا باوەڕم بە خۆم نەبو و نکوڵیم ئەکرد لە توانای ئەنجامدانی هەرکارێك بەدەر لەو ژیانەی کە پێی ڕاهاتبوم. ئارەزوم ئەکرد کە دایك و باوکی من کەسانێك بونایە کە ماڵیان پڕ بکردایە لە کتێبی کلاسیکی و پیانۆ و ماڵێکی ڤێلاییان لە شاخی ئاڵپ هەبوایە. بەڵام من لە گەڕەکی پیسوپۆخڵی پۆرتۆبیلۆ رۆد پەروەردە بوبوم، پێنج براو خوشکم هەبو و هەمیشە حاڵمان شڕ بو. دایك و باوکمان توانای خەرجیەکانمانیان نەبو، دایکم وا بیری ئەکردەوە کە جگەرەکێشان زۆر پێویستترە لە دابینکردنی کرێی خانو و دابینکردنی پێویستیەکانی منداڵەکانی. هەر لەبەر ئەمە بو کە لە هەشتساڵیدا بردمیانە خانەی نەوجەوانان. لەبەر ئەمە من داخی ژیان سەختی و بێ سۆزی بە ناوچاوانمەوە بو. باوەڕم نەئەکرد کە شێوەیەکی تر هەبێت بۆ ژیان.

کاتێك ڕۆشتمە قوتابخانە بارودۆخەکە لەوە خراپتر بو. کاتێك کە بەهۆی هەژاریەوە ناتوانیت جلی قوتابخانە دابینبکەیت و پیسوپۆخڵترین و خراپترین جل لەبەرئەکەیت، کاتێك کە ناتوانیت پارەی خواردنی قوتابخانە دابینبکەیت وا هەستئەکەیت کە لەبەرچاوی خەڵکی سوکترین کەسیت و



Scanned with CamScanner

هەروەها لەبەرچاوی خۆشت. من وابیرم ئەکردەوە کە مامۆستا و کارگوزارەکانی ئەویّ هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتیان لەگەڵمدا هەبو. لەبەر ئەمە لە قوتابخانەدا کاتەکانم تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێئەپەڕاند کە وەك خۆم کێشەیان هەبو. ئێمە بەو شێوەیە ڕەفتارمان ئەکرد کە وامانئەزانی هەرئەوەمان لیّ چاوەڕیّ ئەکرێت. چوبوە ئەستمانەوە کە بۆ بەندکردن دروستکراوین و ئەمە هەر ئەو جێیەیە کە زۆرینەمان بۆی ئەڕۆین ، بۆ نمونە خودی من. ئەڵبەتە کاتێك ئەم بیرەی کە ئێوە بۆ بەدبەخت بون دروستکراون لە ئەستتاندا جێئەگرێت، ناوبانگ پەیدا ئەکەن بە بیّ ئەدەبی و هەر ئەمەش جێبونەوەی بیری جیاواز لە مێشکتاندا دژوار ئەکات.

لە سەردەمی قوتابخانەدا جارێکیان مامۆستا تۆمەتباریکردم بە ئەنجامدانی کارێك کە نەمکردبو. ئەو هەمیشە ئەیناردم بۆ ژوری بەڕێوبەر و پێی ئەوتم کە حەزناکات لە وانەکەیدا بم. لەسەرەتادا هەمو هەفتەیەك پارەی نانی نیوەڕۆی کۆ ئەکردەوە. دو شەممەیەك، دوای ژماردنی پارەکە پاوەندێکی کەم بو. مامۆستا بیرێکی کردەوە و پاشان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کەسێك پارەکەی بردوە. لە منداڵەکانی پرسی کە چ کەسێك ئەمەی کردوە، ئێمەش هەمومان نکوڵیمان لێکرد، دواتر لێی پرسین کە گومان ئەکەن کاری چ کەسێك بێت.

لەبارەی منەوە کە پێشینەیەکی خراپ و نالەبارم هەبو و زۆرینەی کاتیش لەگەڵ دادگادا مژوڵ بوین. مامۆستا بردمیە دەرەوە و داوای لێکردم کە گیرفانەکانم خاڵیکەم. من دژی وەستامەوە، لەبەر ئەمە وتی کە



Scanned with CamScanner

ئەبێت بڕۆمە لای بەڕێوبەر، سبەینێ هاتەوە و دیسان بردمیەوە ڕێڕەوەکە و وتی کە پارەکە دۆزراوەتەوە و لە حسابکردنی تێچونی خواردنەکەدا هەڵەی کردوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمزانی کە ئەمە یەکەم جار نابێت و دیسانەوە تۆمەتباری هەڵەی کەسانی تر ئەبمەوە.

ڕۆژی وەرزش هەلێکی تر بو بۆئەوەی کە(منداڵە خراپەکان)دیسانەوە خۆیان نیشان بدەنەوە. بە هەر هۆکارێك بێت هیچکاممان سکێتمان نەبو. لەبارەی منەوە هۆی ئەوەبو کە خێزانەکەم هەژار بو و دایك و باوکم نەیانئەویست پارە بەوە هەدەر بدەن. دەربارەی منداڵەکانی تر نازانم هۆی چی بو، بەڵام هۆکەی هەرشتێك بێت مانای ئەوەبو کە ئێمە هیچ کاتێك هەلی سکێت سواریمان نەبو. بەڵام لە زەنگێکی وەرزشدا من پێڵاوێکی سکێتم پەیدا کرد، لەبەر ئەمە توانیم لە پیشبڕکێی هەڵدانندا بەشداریبکەم. ڕاهێنەر لە بینینی سکێت سواریەکەی من سەری سوڕما و تەنانەت کاتێك کە دو خاڵم بەدەستهێنا و لە ماوەی یەك چرکەدا خاڵەکەی تریشم بەدەستهێنا زیاتر سەری سوڕما. کاردانەوەی ئەو ئەوە بو کە ئەو منداڵەی کە دوای من کەسی سێیەم بو خستیە جێگەکەی من.

لەبەر ئەمە من نەمتوانی لەبەرامبەر منداڵانی قوتابخانە، مامۆستا و ئامادەبوەکاندا توانای خۆم دەرخەم. ئەو هیچ هۆکارێکی نەبو بۆ ئەم کارەی بەڵام بەوەی کە ئەوکاتە من تەنها ١٢ساڵان بوم، ئەمزانی کە بۆچی لەیاریەکە کردمیە دەرەوە: جونکە من منالێکی ئاژاوەگێڕ بوم. لە دڵی خۆما وتم لەمەودوا ناڕۆم بۆشوێنێك کەنرخم نەزانرێت.



Scanned with CamScanner

ئەمانە چاوەڕوانی گەلێك بون كەخەڵكی لێمیان چاوەڕێ دەكرد. باوەڕم نەئەكرد كارێك بكەم كەچارەنوسی ژیانم بگۆڕێت. ئەنجامی ئەمەش دەربەدەری بو . لەماوەی ئەو مانگانەدا كە خوێندنم تەرككرد ٣ساڵ خرامە بەندیخانە. هۆكاری ئەوەش خیانەت بو لە ڕاسپاردە. من كتێبێكم فرۆشت بە كتێبخانەیەك كە یەكێك لە هاوڕێكانم لەماڵی دایە گەورەی دزیبوی.

لەو كاتەدا هەستم نەئەكرد كە كارێكی هەڵە ئەنجام ئەدەم، یان ئەگەر هەستم ئەكرد گوێم پێنەئەدا. بەڵام ئێستا كە ئالودەی تاوان بوم، زیاتر سورم كە یارمەتی خەڵكی بدەم كە دوچاری نەبن.

## خۆتان بڕیار بۆ خۆتان بدەن

لەسەرەتادا سوربوم كە لە خانەی نەوجەوانان دوربم لە دەردیسەری. بە خۆمم وت ئەگەر ڕاست ڕێگەببڕم لەوانەیە بە دوساڵ لەوێ نەجاتم ببێت. لەبەر ئەمە ماوەیەك سەرقاڵی كاری خۆم بوم. دواتر بەرەبەرە توشی دەردیسەری بومەوە. لەبەر ئەمە لەگەڵ منداڵێكی تردا نەخشەی هەڵهاتنمان داڕشت.

ئەو ڕۆژەی كە داماننابو بۆ هەڵهاتن من لە ڕیزبەندیدا لە پێشەوە بوم. خراپی خراپتر. هەم سەرسوڕما و هەم خۆشحاڵ بوم. دیاربو بەو جۆرەش خراپ نیم كە دیاربوم. بەڵام بەڵێنم بەو منداڵە دابو و وادەكەمان دیاریكردبو.



Scanned with CamScanner

بارودۆخی ئەو لە من خراپتر بو، هیچ ئومێدێکی بە دەرچون لەوێ نەبو، شێر یان خەتی ئەکرد کە ئایا ئەڕۆم یان ئەمێنمەوە.

مـن ڕۆشـتم. ئێمـە ڕۆشـتین بـۆ لەنـدەن ئۆتۆمبێلێکمـان دزی و چـەند کاتـژمێرێك دواتـر بـەهۆی لێخـوڕینی سـەد و شەسـت کیلۆمـەتر لـە کاتژمێرێکدا، ئۆتۆمبێلەکە وردوخاش بو. هیچکاممان زیانمان پێنەگەشت. لـە دادگـا گەڕاندینیانـەوە بـۆ بەندیخانـەی مێـرد منـدالآن و لـەوێ جێیـان هێشتم. تا ئەوەی کـە منداڵەکـەی تریشیان دەستگیرکرد. چـەند مانگێـك دواتر لە دادگا یەکترمان بینیەوە. سەرۆکی خانەی نەوجەوانان بەدەنگێکی بـەرز و بـێ پـەردە قسەی لەگەڵدا کـردم وتـی وا هەسـت ئەکـەم کەسێك هەلێخەڵەتاندویت. وتم کە ئەم قسەیە ڕاست نیە و هەڵهاتنەکـە بڕیـاری من بو.

بڕیاری من؟ چ دانپیانانێکی سـەختە. نەمئـەزانی یـان بـاوەڕم نـەبو کـە ئـەتوانم بڕیـاری جـدی بـدەم. بـەلانی کـەم بڕیاردانێـك کـە بتوانێـت ژیـانم بگۆڕێـت. مـن تـەنیا بـەجۆرێك ئـەژیام کـە وا چاوەڕوانیم لێئـەکرا، نـەك بەجۆرێك کە یەکێك لە هەڵبژاردنەکانی خۆم بێت. ئێمە بەزۆری بێ ئەدەبی ئـەنوێنین چـونکە وائـەزانین ئەمـە هـەر ئـەو شـتەیە کـە لێمـان چاوەڕوان ئەکرێت. بەلآم ئەنجامی ئەوەی کە لێتان چاوەڕێئەکرێت، ڕێك هۆی ئەوەیە کە ئێوە ڕابەر نین و هەڵبژاردن لە دەستی خۆتاندا نیە. بڕیاردان بۆ خۆتان بە مانای ئەوەیە کە بتوانن جڵەو و هەڵبژاردنی ژیانتان بەرەبـەرە بگرنـەوە دەست.



Scanned with CamScanner

بە مەبەستی بڕیاردان بۆ خۆتان، پێویستە مێشکی خۆتان بناسن و سەربەخۆ بیربکەنەوە. بیرکردنەوە بە شێوەی ڕەسەن و ڕاست ، ئاسان نیە. ئێمە لە ژیانێکدا ئەژین کە بیروبۆچونی کەسانی تر لە هەمو لایەکەوە بەرەو ڕومان دێت و وەك بڵێی قبوڵکردنیان ئاسانتر و کەمتر ماندوکەرە. بەڵام بەبێ بەدواداچون بۆ ئەوەی کە چیان پێوتون و بەبێ ئەوەی کە بۆ خۆتان بیربکەنەوە بژین، ئەوا ناتوانن جڵەوی ژیانتان بگرنە دەست. قبوڵکردنی بیروبۆچونی کەسانی تر و نەبونی هیچ بیرۆکەیەکی تایبەت بە خۆتان، لە ژیان دواتان ئەخات و ناهێڵێت پێشبکەون.

بەم تازەییانە پیاوێکی بە ئەزمونم ناسی لە بواری ئیشوکار و پەیوەندی گشتیدا. کەوتمە سەر بیرۆکەی دامەزراندنی لەبەر ئەوەی کە ئەمویست گۆڤاری پەیامی مەزن بگۆڕم، لەبەر ئەمە قسەم لەگەڵدا کرد دەربارەی جۆرەها پڕۆژە کەتیایاندا بەشداربوم. بۆمڕونکردەوە کە زۆر لاواز بوم و پێویستم بە یارمەتیە و لێمپرسی کە ئەتوانێت چی کارێکم بۆ بکات. ئەو وتی: (من هەر کارێك کە ئێوە بیڵێن ئەنجامی ئەدەم. )

سەرم سوڕما. وا بیرمکردبوەوە کە ئەم پیاوە دامەزرێنم بۆ ئەوەی کە خۆی بێت، خۆی بیر بکاتەوە و بیرۆکەی مەزنی هەبێت و بڕیارەکانی خۆی بیدات. داوام لێئەکرد کە سود لەو توانا سەرکردایەتیەی کە تیایدا ئەمبینی، ببینێت. ئەگەر ئەو سەربەخۆ بیر نەکاتەوە تەنیا شوێن پێی من



Scanned with CamScanner

هەڵبگرێت چۆن ئەتوانێت ڕابەر بێت. زۆرینەی کات، کار واتە ڕۆژ تێپەڕاندن، بەڵام تەنانەت هەندێك کات پێویستە کە بابەتە ڕۆژانە و ئاساییەکانیش بگۆڕێن. ئەگەر ئەتانەوێت لە گۆرەوی فرۆشی ناو فرۆشگایەکەوە بگۆڕێن بۆ خاوەن پیشەیەکی باشتر، پێویستە ڕابەری کارەکەتان لە ئەستۆ بگرن و بپرسن کە ئایا ئەم ڕوداوە ئاساییە چۆن باشتر ئەبێت، ئایا توانای پێشکەوتن و باشتر بونی هەیە؟ ئایا ڕێگەیەکی تر هەیە کە ئەم کارە کاریگەرتر و بەسودتر بکات؟

هەندێك لە کۆمپانیاکان زیرەکن و بە پێشوازیکردن لە بۆچونی کارکەرەکانی بۆ باشترکردنی کارەکان و کەمکردنەوەی خەرجی، سود لە زیرەکی و بیرۆکەکانیان وەرئەگرن. یەکێك لە باشترین نمونەکان کارگەی شقارتەی (برایانت و می)یە. کە بە پێشنیاری یەکێك لە کارکەرانی سەدان هەزار پاوەند خەرجیان کەمکردەوە. زۆر سادە تەنیا پێویست بو کاغەزی گۆگردەکە لە یەك ڕوی پاکەتی شقارتەکە بدەن نەك هەردو ڕوەکەی.

## خۆتان بن

کاتێك کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ دا گەنج بوم وابیرمئەکردەوە کە خۆم بون واتە تا ئەوەندەی کە ئەتوانم لە دایك و باوکم جیاواز بم و بەشی سەرەکی ئەمەش پەیوەست بو بە شێوەی خۆ دەرخستنم لە دەرەوەدا. لەڕاستیدا لە پێناسی خۆم دڵنیا نەبوم، نەمئەزانی چ کەسێکم، بەڵام ئەمزانی چ کەسێك نیم، وەك باوکم نەبوم، ئالودەبویەك بە کارکردن. من



Scanned with CamScanner

نیازم وابو کە کەسێکی تایبەت و جیاواز بم. لەبەر ئەمە لە پانزە ساڵیدا بڕیارمدا ببمە بیت نیك. بیت نیکەکان وەك هیپیەکانی پێشتر بون بەڵام وەك ئەوان خۆشەویست نەبون. زۆرینەیان سواڵکەر، فێڵباز و هەندێك کات دزیکەر بون. و حەزیان ئەکرد شیعر گەلێکی گاڵتەجارپیانە بنوسن. لەبەر ئەمە منیش هەر ئەمەم ئەکرد و سەر و کەللەم وەك ئەوان چاککرد. پانتۆڵی جینی دڕاوم لە پێکرد و قژم بەرزکردەوە و بە مانگیش ڕەنگی حەمامم نە ئەدی. دەفتەری یادداشتەکانم لەگەڵ خۆمدا بۆ هەمو جێیەك ئەبرد، کە تیایدا ئەو شتانەم ئەنوسی کە پێم وابو شیعرن.

چەند ساڵێك تێنەپەڕیبو بۆمدەرکەوت کە خۆم بون پەیوەندی بە جل و ڕوخسارمەوە نیە. بەڵکو پەیوەندی بە شێوەی بیرکردنەوە و دەرونمەوە هەیە. خۆ بون واتە بۆ خۆت بیربکەیتەوە و خاوەنی ئەو بیرانە بیت کە هەتن.

بەر لەوەی کە بیرەکانتان بگۆڕێن بە بیرکردنەوەتان، بەدواداچونیان بۆ بکەن. کاتێك کە کاری دەرکردنی گۆڤارەکەم دەستپێکرد، دەبو ڕونم بکردایەتەوە کە من بیرۆکەی تایبەت بە خۆم هەیە و لاسایی کەسانێکی تر ناکەمەوە کە لە بواری کاری خەیریدا کارئەکەن. من ئەبێت بۆ خۆم بیربکەمەوە. ڕونبو کە بێ ماڵوحاڵی کێشەیەکی گەورە بو و بیرۆکەیەکی کارسازیش لەئارادا نەبو، ئەبوایە کەسێك بە شتێکی جیاوازەوە بهاتایە.

من بوم بەو کەسە. کەسێك هات بە خستنەکاری ڕێگەچارەیەك بۆ خەڵکی بێ ماڵوحاڵ، بەجۆرێك کە ئەوانیش بتوانن هەندێك ڕێکوپێکی بخەنەوە ناو ژیانیان. من لە بیری ڕێگەیەکدا بوم بۆ پێدانی ئەو هەلە بە



Scanned with CamScanner

کەسانی بێ ماڵوحاڵ کە ئەوانیش وەک ئێمە پارەیان هەبێت کە ل ئەنجامی ئیشکردنەوە بەدەستی دێنین. بیرۆکەکەی من زۆر دژوار و سەرگێژکەر نەبو. بەڵام بیرۆکە و کارانێک کە پەیوەست بون پێیەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەبو. من خاوەنیان بوم و لە ڕێگەی بیرکردنەوەی منەوە پاڵفتە کرابون.

مەبەستی من لە وتنی ئەم قسانە ئەوە نیە کە بۆچونی ئێوە ئەبێت جیا بێت لە هی خەڵکی. ناچارنین هەوڵبدەن بۆ جیاواز بون، تەنیا هەوڵبدەن کە ورد و ئەهلی بیرکردنەوە بن. لەوانەیە بۆ ئەو بیرۆکانە دەوری شوانێك بگێڕن. جیاوازیەکە لەوەدایە کە ئەگەر بیر و بۆچونەکانتان بپارێزن، ئەوا بەوردی ئەیانهێننە دی. ئەوان پەیوەستن بە خۆتانەوە، تەنانەت ئەگەر سەدان ملیۆن کەس تیایدا بەشداربن. ئێوە پەروەردەتان کردون و ئەتوانن بانگەشەکەری خاوەندارێتیان بن.

## چاوەڕوان مەبن کەسێکی تر ڕابەریتان بگرێتە دەست

ئەگەر چاوەڕوان بن کەسێکی تر ڕابەریتان بکات، هیچتان بە هیچ نابێت. زۆرێك هەن کە وا گومان ئەبەن کەسێکی تر بەرپرسیارە. من هەمیشە حەزمکردوە لە هەرکاتێکدا کە هەل بێتە پێشەوە، ڕابەریم بگرمە دەست، بەتایبەت کاتێك کە کەسانی تر ئەم کارە ناکەن یان ناتوانن. لەبیرمە جارێك لێپرسراوانی خانەی نەوجەوانان بۆ پشو بردینیان بۆ پیک دیستریکیت. ئەوکاتە من سیانزە چواردە ساڵان بوم. وا بڕیاربو کە لەو



Scanned with CamScanner

پشوەدا ئێمە کەسایەتیمان بەهێز بکەین و ڕاهێنەرێکی بە توانامان لەگەڵدا بو و بەڕەقی مامەڵەی لەگەڵدا ئەکردین و ناچاری ئەکردین کە چەندین کیلۆمەتر پیادە ڕەوی بکەین و بەسەر چەندین گرددا سەربکەوین و بێینە خوارەوە. ڕۆژێك هەمومان سەرقاڵی هاتنەخوارەوە بوین لەسەر گردێك کە تۆفانێکی بەهێز هەڵیکرد. بەرد بە گەورەیی تۆپێکی گۆڵف دەستیانکرد بە هاتنە خوارەوە. ئێمە هەمومان لە پشت بەربەستێکدا خۆمان دا بە زەویدا بەڵام ڕاهێنەرەکەمان وەستا و پێی وتین کە بەزویی لە گردەکە بڕۆینە خوارەوە. ئەو پێشبینی ئەوەی نەئەکرد کە ئێمە تەڕئەبین و گەرمای ڕۆح و جەستەمان لەدەست ئەدەین.

کۆمەڵەکە نەجولاَن. ئێمە لەپشت بەربەستەکەوە ماینەوە. ئەوێ ئاسانتر بو لە ڕۆشتنە خوارەوە لە گردەکە. لەناکاو شتێك لە دەرونمدا ناچاریکردم بوەستم و هاوار بکەم: (بەرەو خواری گردەکە، هاوڕێیان، بەرەو خوارەوەی گردەکە ! . ) دەستم کرد بە دروشم دان و هاوارکردن و هاندانیان. هەموان هەستانەوە و دەستیان کرد بە دروشم وتن و هاوارکردن و هیچ گوێیان نەئەدا بەو هەوا ترسناکەی کە دەوری دابوین. نیو کاتژمێر دواتر هەمومان تەڕ، ماندو و برسی لەجێیەکی پارێزراودا لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا کە لەناو دۆڵەکەدا، کۆبوینەوە.

من ڕابەری کردنیانم لە ئەستۆ گرتبو. ئەگەر چاوەڕوان بومایە کە کەسێکی تر ئەو کارەی بکردایە لەوانە بو هێشتا لەسەر گردەکە مابوینایەتەوە.



Scanned with CamScanner

## کەسانی تر بە تاوانبار مەزانن

من هەمیشە کەسانێك ئەبینم کە لەبارەی هەڵەکانی ژیانیانەوە کەسانی تر بە تاوانبار ئەژمێرن و پێم ئەڵێن: (ئەو ناچاری کردم ئەو کارە بکەم)، یان : (من لەبەر خاتری ئەو خانمە ئاوا و ئاوام کرد. ) تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەشم پێیان وتوم کە هیچ کارێکیان بۆ نەکردوم. بەڵام ئیبلیسێکی چوارشانە لە ئەشکەوتێکدا خۆی نەشاردوەتەوە کە ژیانتان لەسەر پەنجەیەك بخولێنێتەوە و ناچارتان بکات کار گەلێك ئەنجام بدەن کە حەزیان پێناکەن. ئێوە ئەتوانن ژیانتان بگۆڕن بەڵام بەدیهێنانی ئەم کارە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە. ئێوە بە تەنیا لێپرسراوی ژیانی خۆتانن، لەبەر ئەمە دڵنیابن کە ژیانتان باشە.

*باوەڕتان بە خۆتان هەبێت، وە ئەم ڕاستیەش کە ئەتوانن جیاوازیەك بخولقێنن.

*دڵنیابن کە کوێرانە پەیڕەوی لە کەسێکی پێشتر لە خۆتان ناکەن.

*لێپرسراوێتی کارەکانتان لە ئەستۆ بگرن.

*لەو جۆرە کەسانە مەبن کە ئەڵێن: (من تەنیا فەرمان جێبەجێ ئەکەم.)

*لەبیرتان بێت کە ئێوە تەنیا یەك جار ئەژین، وەك ئەڵێن ئەمە پرۆڤە نیە بۆ شانۆ.

*شێوەیەکی ژیان هەڵبژێرن و دڵنیابن کە پەیوەستە بە خۆتانەوە.



Scanned with CamScanner

# بەشی سێیەم

# لە کەسانی ترەوەفێرببن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لەوانەیە زیرەکترین کەسی گەڕەکەکەتان بیت، بەڵام لەبیر بونی ئەم خاڵە کە تەنانەت گەورەترین ڕابەرەکانیش پێویستە لە کەسانی ترەوە فێربن، گرنگە. لە ڕاستیدا گەورەترین ڕابەرەکانی سەر سەزەوی کەسانێکن کە ئەزانن چۆن گوێ لە قسەی ڕابەرە پێشینەکان بگرن و بیانکەنە سەرمەشق بۆ خۆیان. ئەگەر سود لە هزری کەسانی تر وەرنەگرن چۆن هزری خۆتان ئەناسن؟

لەبەر ئەمە هەرچیەك کە ئەتانەوێت لە ژیاندا ئەنجامی بدەن یان بەدەستی بێنن، با فێربونی بەهرەیەکی تربێت یان بەهێزترکردنی تواناکانی پێشوتان یان گۆڕینی شتێك لە ژیانتاندان، ئەگەر ئامادەیی وەرگرتنی ئەزمونەکانی کەسانی ترتان هەبێت کە لەو بوارەدا هەیانە ئەوا سەرکەوتوترین کەس ئەبن. دەربارەی خودی من تەنانەت هەندێك کات ئامادەیی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ژیانمی ڕزگارکردوە. فێربون لە کەسانی ترەوە هەمیشە ئاسان نەبوە، بەتایبەت کاتێك کە گەنج بوم و وامئەزانی هەمو شتێك ئەزانم. دواتر قبوڵکردنی ئەوەی کە وتەکانی کەسێك بۆ گوێ



Scanned with CamScanner

لێگرتن بەسودن زۆر دژوارە هەروەها قبوڵکردنی ئەوەی کە لەوانەیە ئەوان لەو بوارەدا لە من زانیاریان زیاتر بێت. ئەگەر بتوانن زاڵبن بەسەر لە خۆبایی بونتاندا و بەپێی پێویست خاکی بن بەرامبەر کەسێك کە لە خۆتان زیاتر ئەزانێت، ئەو کاتە بۆتاندەرئەکەوێت کە ئەتوانن زۆر زوتر بە ئامانجەکانتان بگەن.

## سەردەمی قوتابیێتی

هەمومان پێویستمان بە نمونە گەلێکە: کسانێك کە بتوانین لێیانەوە فێرببین، کەسانێك کە ڕێزیان لێبگرین، بە کەسێك کە ژیانی نمونەیی بێت کە بتوانین بیکەینە سەرمەشق. لە ڕۆژگاری ڕابردودا سروشتمان وا بو کە سەردەمی قوتابێتی تێپەڕێنین. شێوەی بازرگانی لە شاگردێتی و بەردەستیەوە فێربون. پارەیەکی زۆرتان دەستگیر نەئەبو بەلام ئەو شتەی کە دەستگیرتان ئەبو زانست و لێهاتویی بو، بەجۆرێك کە ڕۆژێك ئامادەی ئەنجامدانی ئەو کارە بون، ئەویش بە تەنیایی. گوێگرتن لە کەسانی بە ئەزمون و فێربون لێیانەوە لە خۆڕا ڕویدا. هەرچەندە لەوانەیە شاگردی ئێستە جیاواز بێت، گرنگی ئێستە لەچاو ئەو کاتەدا کەمتر نیە، کاتێك کە توانای ژیانتان لە کەسانی بە ئەزمونەوە وەرئەگرت. لەبەر ئەمە گوێ ئەگرن بۆ کەسانی تر بۆ ئەوەی ببینن کە چیان هەیە و دەربارەی خۆتان و ژیانتان زانیاری بەدەست دێنن.



Scanned with CamScanner

یەکەم جار کە گرنگی گوێگرتن لە کەسانی ترم بۆ دەرکەوت کاتێک بو کە تەنیا پانزە ساڵان بوم و بێ ماڵوحاڵ بوم. ماوەیەك دوای مانەوە لە سەرپەرشتێتی ئەم و ئەو لە شارێکەوە چون بۆ شارێکی تر، سەقاڵی پیاسە کردن بوم و لە دواییدا گەڕامەوە لەندەن. جێیەك کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایدا بە سەختی شەو، ڕۆژم ئەکردەوە. کاتێك کە گواستمەوە بۆ وێست ئاند و لەوێ دەستمکرد بە سواڵکردن. بۆمدەرکەوت کە پیاوێك سەیرم ئەکات. ساتێك دواتر پیاوەکە هاتە پێشەوە و خۆی بە جەیمز ناساند.

ئەو وتی: (من داوەتت ئەکەم بۆ خۆشترین نانی بەیانی وێست ئاند. )دڵنا نیم چ شتێك وایلێکردم کە لەگەڵیدا بڕۆم. لەوانەیە سوسەکاری، هەرچەندە ناوی کەسێکم بیستبو بەناوی جەیمزەوە و پێشبینیم کرد کە لەوانەیە قسەکانی نرخی گوێ لێگرتنیان هەبێت.

هەروا لە کەناری دەریاکەدا پیاسەمان ئەکرد، جەیمز وتی: (گومانم نیە کە کەسێکی تازەکاری لەبەرئەوەی کە لە شوێنێکی گشتیدا سواڵ ئەکەی. هیچ کەسێك ئاوا بە ئاشکرایی سواڵناکات. ئەگەر پۆلیس بتگرن ئەوا ژیانت لەدەست ئەدەیت. تەنانەت بەر لەوەی کە دادگاییت بکەن. وە لەبەر ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکەیت. مۆری سەر پەنجەت لێئەگرن. )

پانزە ساڵ زیاتر نەبوم بەڵام پێشینەی خراپەکاریم هەبو، واتە ئەگەر دەستگیر بکرامایە و مۆری پەنجەمیان بکردایە بۆیان دەرئەکەوت کە گیرفان برم و ئەیانبردم بۆ دادگا. لەبەر ئەوەی کە قاچێکی جەیمز شەل بو



Scanned with CamScanner

خێرا و مکوڕانە هەنگاوی ئەنا. خۆم ئەگەیاندەوە پێیدا بەلاّم لەبەرئەوەی کە چەند مانگێك لە جێگەی نالەباردا خەوتبوم ، جەستەم کوترابو.

دواتر گەشتینە قاوەخانەیەکی بچوك و نیوە خاڵی من بۆ خۆم نانی بەیانیم داواکرد. ئەو پارەیەم خەرج ئەکرد کە لە ڕێگەی سواڵکردنەوە بەدەستم هێنابو. خوم گرتبو بە سواڵکردنەوە تەنانەت بە سواڵکردن بۆ دەرهێنانی پارەی جگەرەی دایکم. کارێکی سەخت نەبو بەلامەوە و گوێم نەئەدا بە گاڵتە و تالیقی خەڵکی. ئایا بەڕاستی ئەمویست گوێبگرم لە قسەی کەسێك کە ئەیویست پێمبڵێت چۆن لە شەقامەکانی وێست ئاندا پارە پەیداکەم؟

جەیمز دەستی پێکرد: (من ئەتوانم زانیاری زۆرت پێبدەم. )بەردەوام بو: (ئەتوانم یارمەتیت بدەم لە کاتێکدا کە لە قەڵەمڕەوی مندا سواڵ ئەکەیت، بەلاّم ناتوانم لە جیاتی تۆ بیر بکەمەوە. )هاتمە دواوە . نەمئەویست هیچ کەسێك پێمبڵێت کە چی بکەم ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە سەردەستەی سواڵکەرەکانیش بێت. لەکاتێکەوە کە دەساڵان بوم و خانەی نەوجەوانانم جێهێشتبو بۆ ڕۆشتن بۆ وێست ئاند سواری پاس ئەبوم و هەندێك جێم ئەناسی، جەیمز بەشێوەیەك قسەی ئەکرد وەك بڵێیت کە خەڵکی لەندەن نیم.

ئەو بەردەوامبو: (سواڵکردن لە شوێنی گشتیدا، خەوتن لەسەر کورسیەکانی پارك قەدەغەیە، ئەوە دزی هەرمەپرسە، گیرفان بڕین قەدەغەیە. ئەمانە تایبەت مەندیە باشەکانی لەندەنن کە ئەتوانرێت لە شەقامەکاندا کاربکرێت، بەلاّم دەبێت بە بێدەنگی و بێ ئەوەی کەس



Scanned with CamScanner

بزانێت ئەنجامی بدەیت. کەسانێك هەن کە ئەیانەوێت بەخراپە سودت لێببینن: بۆ چێژبینین، دزی لە فرۆشگاکان، سواڵکردن و پێدانی بەشێکی زیاتر بە سەرۆکی گروپەکە. شێوەگەلێکی زۆر هەن بۆ سودی خراپ وەرگرتن لە منداڵانی هاوتەمەنی تۆ. لەبەر ئەمە پێویستە ڕێگەیەك بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کە کەس پێت نەزانێت و دورکەویتەوە لەو جێیگە تایبەتیانەی کە تیایاندا تەڵەت بۆ دائەنێن. تێگەشتی؟)

وتم بەڵێ بەڵام مەبەستم نەخێر بو. ئەو خەریك بو حەوسەڵەی نەئەهێشتم. خۆم ئەمتوانی پارێزگاری لە خۆم بکەم. لەو قسانە زیرەکتر بوم.

دواتر، گەنجێك هاتە ژورەوە، لەسەر بازوە ئەستورەکانی خاڵی کوتراوی زۆر ئەبینران، ئەویش ئاگای لە ئێمە بو، بەجۆرێ تەماشای کردم وەك بلێی پارویەکی بەتامم، بە جەیمزی وت: ( ئەم کوڕە جوانکیلە کێیە؟)

جەیمز یەخەی گەنجەکەی گرت و تا بەرچاوی خۆی ڕایکێشا و وتی: (ئەو کوڕە ماممە. )

ئەو زو داوای لێبوردنی کرد.

دوای ئەوەی کە گەنجەکە ڕۆشتە دەرەوە جەیمز وتی: (میکی کەسێکی باش نیە، کوڕ و کچە منداڵەکان هەڵئەخەڵەتێنێت. ڕونتر بڵێم ئەو بۆ کەسێك کار ئەکات و پارو کۆ ئەکاتەوە، تۆش پارویەکی بەلەزەتی. نامەوێت بتترسێنم، بەڵام ئەگەر من لە جێی تۆ بومایە لە وێست ئاند نەئەمامەوە. تۆ پارویەکی چەوری بۆ کەسە خراپەکان. تۆ هێشتا منداڵی،



Scanned with CamScanner

مندالـە بـچکۆلەیەک کـە ناتوانێـت بڕواتـەوە ماڵـەوە لەبـەر ئـەوەی ک
هەڵەیـەکی کـردوە. لەبـەر ئـەوە بـڕۆرەوە ماڵـەوە و ئازایانـە ڕوبـەڕوی
ئازارەکانی ببەرەوە و چیتر ئامێری یاری پێکردن مەبە. )

ئەمئەتوانی گوێ لە قسەکانی جەیمز بگرم گەنج بوم و تاڕادەیەک لەخۆ بایی کە وامئەزانی پێویستم بە ئامۆژگاری کەسی تر نیە. بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك بە گوێمکرد و ئەمەش ڕزگاری کردم لـە قوربـانی بـونی مامەڵەی خراپ و ڕەق و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و هەمو کارە خراپـەکانی تر. زۆر خێرا فێربـوم کـە لـەبیربونی ئـەوەی کـە ئێـوە چ شـتێك نـازانن چەند گرنگە. من لـە وێـست ئانـدەوە ڕۆشـتم و لـەو شـەقامانەوە کـە ئەمناسین گەڕامەوە تەواوی ڕۆژ خۆمئەپاراست و تەنیا بە شەودا لـە مـاڵ ئەڕۆشتمە دەرەوە. بێ دەنگەدەنگ سواڵم ئەکرد. بەڵام شەوێك ڕوداوێکی نـەخوازراو ڕویدا دەستگیر کرام و بردمیانە بەڕێوبەرایەتی پۆلیس و دادگاییان کردم.

## خاکی بون

پێشتر دەربارەی خۆڕابەریکردن لەژیاندا قسەم کرد. هەنـدێك وا ئـەزانن ڕابـەری خۆبـون واتـە ئەنجامـدانی ئـەو کـارەی کـە وائـەزانن ڕاسـتە و بێ لاکردنەوە بۆ بیروڕای کەسانی تر. بەڵام وانیە. باشترین ڕابەرەکان ئەوانەن کە ئەزانن هەمیـشە ڕاسـت نـاڵێن و لەکەسـانی تـرەوە فێرئـەبن. هەمیشە قبوڵکردنی ئەوەی کە پێویستیتان بە فێربونـە لـە کەسـانی تـرەوە ئاسـان نیە. ئەوەی کە هەمیشە ئەتوانن پێشبکەون بـەڵام لـە شـوێنانێکدا ئـەبێت



Scanned with CamScanner

لەخۆبایبونتان بخەنە ژێر پێتانەوە و خاکیانە مامەڵە بکەن. ئەمە واتە قبوڵی بکەن کە ئێوە هەمو شتێك نازانن و هەمیشە شتێك هەیە بۆ فێربون و هەمیشە ئەگەری پێشکەوتن هەیە. باوەڕم وایە ئەمە یەکێك لە کێشەدارترین وانەکانە بەڵام بە گرنگترینیشیان دائەنرێت. زۆرینەی ئەو کەسانەی کە ستایشیان ئەکەم پیاوان یان ژنانێکن کە گەشتون بە ئامانجی گەورە بەڵام هێشتا خاکین و سنور و چوارچێوەی خۆیان ئەزانن و ئەزانن کە ئەبێت بەردەوام فێربن. بێگومان خاکێتی هونەرێك بو کە من پێویستم پێی بو,بەتایبەت کاتێك کە لەسەرەتای رێگای خستنە گەڕی گۆڤاری پەیامی مەزندا بوم. هەرچەندە ئێمە دارای پشتیوانی ماددی و ناوبانگ بوین,بەڵام پێویستیمان بە کۆمەکی کەسانێك هەبو کە لە بەشی بێ ماڵوحاڵەکاندا کاریان ئەکرد. ئەگەر کەسێك لە وانەی کە لە کۆمەڵەی بێ ماڵوحاڵەکاندا کاری ئەکرد یارمەتی بداینایە,ئەمە ئەبوە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ پۆلیسدا رێك بکەوین بەجۆرێك کە بتوانین لەگەڵ کەسە بێ ماڵوحاڵەکاندا پەیوەندی ببەستین,بەبێ یارمەتی ئەوان خستنە گەڕی گۆڤارەکە رێ تێنەچوبو,زۆر گران بو.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەی بەر لە هەرشتێك وادەم دانا لەگەڵ پیاوێکی ریشندا کە بە ئەگەری زۆر چەند ساڵێك لە من گەنج تر بو لە مەیدانی ترافالگاری. ئەو پێمی وت: (ئێوە هیچ دەربارەی ژیانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان نازانن,ئێوە لەگەڵ بارودۆخ و ژیانیاندا چەندین میل لەیەك دورن.)روونبو کە ئەم پیاوە، کەسێك کە ئیشی بۆ رێکخراوەکەی من ئەکرد تا یارمەتی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان بدات، منی خۆش نەئەویست، لەبەر ئەو



Scanned with CamScanner

ڕاستیەی کە من ئەمویست یەکێك لە کەسە هەڵبژێرراوەکان بم بۆ یارمەتیدانی کەسانی بێ ماڵوحاڵ بە خستنەکاری گۆڤارەکە

. هەڵسەنگاندنەکەی ئەو لەسەر بنەمای ئەو کۆبونەوەیە بو کە چەند کاتژمێرێك پێشتر لەگەڵ کەسە بێ ماڵوحاڵەکاندا بەستمان. ئەو لەگەڵیاندا زۆر ئارامگر و ڕێك و پێك بو و کاتێك کە پێم وت هەستنەکەم زۆر لەگەڵیاندا نەرم هەڵسوکەوت ئەکەیت، لەم قسەیەی من خۆشی نەهات. ئەو ئامادە بو کە لەگەڵ مندا قسە بکات لەبەرئەوەی ئەو ڕێکخراوەی کە ئەو نوێنەرایەتی ئەکرد نەیئەویست مرۆڤناسێکی بەناوبانگی وەك گوردون ڕۆدیك(پێکهێنەری گۆڤاری پەیامی مەزن لەگەڵ هاوسەرەکەی ئانیتا)لەدەست بدات، کەسێك کە پشتیوانی گۆڤارەکەی ئەکرد و لەوانە بو هانبدرێت تا یارمەتی ئەوان بدات. بەڵام دیار بو کە باوەڕی بەمن نەبو. بۆچونی ئەو وەك زۆرینەی ئەو کەسانە بو کە لەوکاتەدا لەو بەشەدا ئیشیان ئەکرد: ئەوەی کە دواین شت کە بێ ماڵوحاڵێك پێویستی پێیەتی یان ئەیویست، شێوەی یاسایی دەستخستنی دەرامەت بو. ئەوانە کەسانێك بون لەگەڵ کێشەگەلێکی زۆر قوڵدا، کە پێویستیان بە یارمەتی جەستەیی و دەرونی و شوێنێکی ئارام و کەمێك ئاوڕلێدانەوە بو.

حەزمنەئەکرد کەسێك پێمبڵێ کە تۆ هیچ نازانی. بەڵام لەسەردەمانی بێ ماڵوحاڵی من سی ساڵ تێپەڕی بو، ساڵانێك بەر لەوەی کە ئەم ڕێکخراوە دەست بکات بە یارمەتیدانی کەسانی بێ نەوا. گوێگرتن لەو پیاوە ڕیشنە خستمیە سەر ئەوەی کە تێبگەم پێویستم بە تێگەشتنە لە کێشەی ئەمڕۆیی بێ ماڵوحاڵەکان و شێوەی چارەسەرکردنی. ئەبوایە



Scanned with CamScanner

ئامادەی خستنە کەناری لەخۆبایی بونم بومایە و گوێمبگرتایە لە قسەی کەسانێك کە پێیان ئەوتم چیمبکردایە، تەنانەت ئەگەر هیچ ڕێزێکیشم بۆیان نەبوایە. بۆمدەرکەوت ئەو ڕاست بو کاتێك کە پێی وتم ئەبێت بڕۆیت و لەگەڵ بێ ماڵوحاڵەکاندا قسە بکەیت. پێویست بو تێبگەم کە ئایا ئەوان توانای ئەنجامدانی چ کارێکیان هەیە. ئایا ئەتوانن بابەت بنوسن بۆ گۆڤارەکە؟ ئایا ئەتوانن یارمەتی بیرۆکەیەك بدەن؟ ئایا ئەتوانن کاتێك کە گۆڤارەکە چاپ بو بیفرۆشن؟ ئەگەر بمویستایە بیرەکەم ببێتە ڕاستی ئەبوایە پەیوەندیەکی نزیکترم لەگەڵ کەسە بێ ماڵوحاڵەکاندا ببەستایە. تەنیا ئەوکاتە بو کە بۆمدەرئەکەوت ئایا گۆڤارەکەمان سودی ئەبێت یان نا؟

گوێگرتن لە قسەکانی ئەو پیاوە پیشنە، کەسێك کە ئەزمونێکی زۆری لەکاری یارمەتیدانی کەسانی بێ ماڵوحاڵدا هەبو، یارمەتیەکی لەبەرچاوی دام، زۆر لەوە زیاتر کە لە سەرەتاوە بیرم لێئەکردەوە. زانیم ئەبێت چی بکرێت بۆ کەسانی بێ ماڵوحاڵ، گوێمگرت و ماوەی شاگردیم تێپەڕاند، بە زانینی ئەوەوە کە ئەبێت شتێکی جیاواز ئەنجامبدەم لەوێ ڕۆشتم. ئەگەر ئەمە لەوەوە فێرنەبومایە هەرگیز نەمئەزانی چیبکەم.

## باشتر بون

کاتێك کە گوێ لە قسەی خەڵکی ئەگرن و وانەی لێوە فێر ئەبن، ئەوکاتە ئەتوانن شێوەی خۆتان پەرەپێبدەن و لەو مەیدانەدا کە فێربون



Scanned with CamScanner

پێشکەوتن بەخۆتانەوە ببینن. من بەپێچەوانەی تەواوی ئەو کارانەی کە بۆ کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئەنجام ئەدرا، کاری خستنە گەڕی گۆڤارەکەم ئەنجامدا. لێکۆڵینەوەمکرد، ماوەی شاگردیم تەواوکرد و دواتر ڕێگەیەکی ترم دۆزیەوە، ڕێگەیەك کە شێوەیەکی جیاوازی لە سواڵکردن نیشان ئەدا بە کەسانی بێ ماڵوحاڵ. دەرهێنانی دەرامەت بەبێ پەیوەست بون بە خێری خەڵکیەوە. من ئەبو نمونەی سەربەخۆی بێ ماڵوحاڵەکانم چاك بکردایەتەوە، ڕەوشێك کە ڕزگاربون لە بێ ماڵوحاڵی بەرهەم ناهێنێت. لەڕاستیدا ڕێژەی بێ ماڵوحاڵی لەبەرزبونەوەدا بو.

ئەگەر ئەتانەوێت کارێکی باش ئەنجام بدەن ، تەنانەت چاکتر لەوەی کە پێشتر ئەنجامتانداوە، ئەبێت ناو کرۆکی ئەوەی کە ئەتانەوێت چاکتری بکەن، دەرك بکەن و بەڕاستی لێی تێبگەن.

*لەبەرامبەر خەڵکیدا گوێیەکی بیسەرتان هەبێت و سەرنج بدەن لە بڕیارەکانیان تا بزانن دەربارەی چی بیرئەکەنەوە.

*بەرگریبکەن لە بەرامبەر دڵەڕاوکێی(لەسەر کەلی شەیتان دانەبەزین).

*بنەما و یاسای هەمو شتێك فێربن.

*ئارامگربن و کات دابینبکەن. فێربن کە خۆراگربن بەرامبەر بە ئەوەی کە حەزئەکەن ئەنجامی بدەن و ئەوەش کە ئەبێت ئەنجامی بدەن.



Scanned with CamScanner

# بەشی چوارەم

# لە خۆتانەوە فێربن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیدا بەشداریم كرد. ئامادەیی ئەوەم تیادا نەبو بەڵام وامئەزانی تەنیا بەوردی هەڵسوكەوتكردن ئەتوانم سەركەوتو بم. بەڵام پێشكەشكارەكە زانی كەمن وردنیم، دەربارەی بابەتی چاوپێكەوتنەكە بیرم نەكردبوەوە، لە وەڵامدانەوەی پرسیارە وردەكان دەربارەی گۆڤاری پەیامی مەزن گیرم خواردبو. وام هەستئەكرد كە لە هەمو لایەكەوە ئەكوترێم.

كاتێك كە لە ستۆدیۆكە هاتمە دەرەوە و بەرەو شەقامەكە ڕۆشتم، هەستم بە بێهێزی ئەكرد، لەگەڵ خۆمدا شەڕمئەكرد. بۆچی مۆڵەتم دابو كەسێكی تر ئەو پرسیارە سەختانەم لێبكات؟ بۆچی خۆم لە خۆمم نەپرسیبون؟ پرسیار لە خۆكردن شتێك بو كە بو بویە خوم، بەڵام بەرەبەرە گرنگیەكەیم لەبیركردبو.

ئێستا ئەتوانم بڵێم تا ئێستا هیچ ڕێگەیەكی باشترم لە دیاریكردنی ئەو گۆڕانكاریانەی كە ئەبێت لە ژیانمدا بیانكەم نەدۆزیوەتەوە و ئەمەش زۆر



Scanned with CamScanner

باشترە لە خۆ نامۆیانە تەماشاکردن، ئەویش لە پلەی چاوپێکەوتن کاردا. لەوانیە سەرسوڕهێنەر بێتە بەرچاو، بەڵام گومان ئەکەم کە ئەوەی دەربارەی خۆتان کەشفی ئەکەن سەرسوڕهێنەر دێتە بەرچاو.

## چۆن پرسیار لە خۆمان بکەین؟

ئەڵبەتە ئەبێت پرسیاری ڕاست لە خۆتان بکەن، هەرچەندە سادەتر باشتر. لەجیاتی خەیاڵپلاوی دەربارەی دەوڵەمەندبون و ناوداربون، یەکەمین پرسیاری ئێوە ئەکرێت ئەمە بێت: (چ شتێك ڕێگریم ئەکات لە گۆڕانگاری لە ژیانمدا یان لە گەیشتن بەو جێیەی کە ئەمەوێت؟ )کەسێك ئەناسم کە هەمیشە پێم ئەڵێت (لەدەستدانی لێهاتویی) بێبەشی کردوە لە هەبونی ژیانێکی باشتر. لەبەر ئەمە ئەپرسم: (چ شتێك ڕێگریت ئەکات لە فێربونی توانا و لێهاتویی؟ )لەوانەیە لیستێکی درێژ لە هۆکارەکان وەك بێ پارەیی، نەبونی کات یان تەرخان نەکردنی کات، ئامادە بکەن. لەوانەیە لە ئەنجامدا بگەنە ئەو ئەنجامەی کە پێویستیتان بە یارمەتی دەرەکیە و بپرسن بۆ ڕزگار بون لەو ڕێگرانەی کە بەربەستن لە ڕێگەتاندا چی ئەتوانن بکەن؟

تا خۆتان ئامادە نەکەن بۆ ناڕەحەتی فێری هیچ شتێك نابن. لەبەر ئەمە وای دەرخەن کە پێشکەشکارێك چاوپێکەوتنتان لەگەڵدا ئەکات و داوای ڕاستیەکان لە خۆتان بکەن. جێیەکی ئاسودە پەیدابکەن و دڵنیابن کە پرسیارگەلێکی سەختن.



Scanned with CamScanner

یەکێك لە باشترین شتەکان بۆ ڕێنمونی کردنتان بۆ چاوپێکەوتنی خۆ ویستانە ئەمەیە کە ئەتوانن هەرکاتێك و لەهەر جێیەکدا کە بتانەوێت ئەنجامی بدەن. هەرچەندە پێویستە مۆڵەت بەخۆتان بدەن و بە باشی دەربارەی پرسیارەکان بیربکەنەوە. من بۆمدەرکەوت کە پیادەڕەوی مێشکم پاك ئەکاتەوە و توانام پێئەبەخشێت تا بیرەکانم پاك و ڕونکەمەوە. ئەتوانم چەندین کیلۆمەتر بڕۆم بەبێ ئەوەی کە بزانم کە چەند ماوەیەکی درێژم بڕیوە لەبەر ئەوەی کە سەرنجم لەسەر بیر و چاوپێکەوتنە دەرونیەکەمە. دوای ئەو چاوپێکەوتنە حەیابەرە تەلەفزیۆنیە، لە شەقامەکانی لەندەندا پیاسەم کرد و هەزاران پرسیارم لەخۆم کرد دەربارەی ئەوەی کە چیم کردوە لە ژیانم و هەوڵمدا لە ڕاستیەکە تێبگەم. بەڵام هەر لەو کاتەشدا پرسیارگەلێکی زۆر هەبون. پێویست بو کەمێك پشو بە خۆم بدەم بەڵام ئەمزانی کە ئەم کارە ئەکەم لەبەر ئەوەی کە بێدار بو بومەوە و چاوم بەڕوی ڕاستیدا کرابوەوە و ئەبوایە لە خۆم وانە فێر ببومایە.

چەند مانگێك دواتر بڕیارمدا بڕۆم بۆ سمیت فێلد و بەیانی زو لە قاوەخانە پەسەندەکەمدا نانی بەیانی بخۆم. (لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك پێویستم بو کە لە ژینگە هەمیشەییەکەم دورکەومەوە و بتوانم کۆمەڵە پرسیارێکی جددی لە خۆم بکەم. )هەرچەندە بۆ پرسیارکردن لە خۆم بەرنامەی پێشتر داڕێژراوم نەبو. ئەمزانی نیەتم وایە کە چی پرسیارگەلێك لە خۆم بکەم. بەم پرسیارە دەستم پێکرد کە بەم ژیانەم ئەمەوێت بگەم بە کوێ؟ . ئامانج چی بو لەو هەولانەی کە ڕێنمونی ئەکردم لە هەژاریەوە



Scanned with CamScanner

بۆ دەوڵەمەندی یان لە بێناویەوە بۆ ناووبانگ؟ ئایا ئامانجم دەرکردنی بلاوکراوەیەك بو یارمەتی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان بدات تا بتوانن یارمەتی خۆیان بدەن؟ وە دواتر ئەمە نیشانی کەسانی تر بدەم؟ من کەسانێکی تازەم پەروەردە کردبو تا ڕوبەڕوی کێشەی ماددیان بنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر ئەبوین. کاتێکی ئازادی زیاترم هەبو. بەڵام ئەمویست چی بکەم بەم کاتە زیادەم؟

## ڕاستگۆیانە وەڵام بدەنەوە

لەناوەڕاستی نانخواردنەکەدا بوم کە درەنگم پێبو. هەمو پرسیارە چەند ڕەهەندیەکانی من بەشێوەیەکی ڕەها باشبون. بەڵام وەڵامەکانی منیش گرنگ بون و کاتێکیش بۆ واقع سودمەند بون کە لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بومایە. ڕاستگۆیی بەم ئاسانیانە بەدەست نایەت. حەزکردن لە درۆ لەگەڵ خۆکردن زیاترە. بەڵام ئەگەر بمویستایە ژیانم بگۆڕم، ئەبوایە لەگەڵ خۆڕاستگۆ بون فێرببومایە بەشێوەیەك کە بمتوانیایە ئەو شتانەی کە حەزیان لێناکەم بیانگۆڕم. شتانێکی زۆر هەبون کە لەو کاتەدا حەزم نەئەکرد لە ژیانمدا هەبن. چاوپێکەوتن لەگەڵ خۆم ژیانی پێناساندم کە نوقمی سەرلێشێواوی و ناڕونی ڕەها بو. من تەنیا بوم، بۆ خۆم ئەژیام، دوبارە لە ناوەڕاستی پەنجا سالّیدا سەڵت بوم و تەنیا بە ناوبانگێکەوە بۆ ڕێنمونی کردنی بەرەو ئەبەدیەت لە جوڵەدا بوم. باش و خراپی ژیانم بینی بو بەڵام خراپ نانم نەخوارد، جگەرەم ئەکێشا و زۆرم ئەخواردەوە. خەریك بوم لە کۆتاییەکانی ژیانم نزیك ئەبومەوە. هەمو هەفتەیەك هەزاران



Scanned with CamScanner

کەسم ئەبینی بۆ نمونە ژنانێکی سەرنجراکێش، بەلاّم هیچ شتێکیانم لەبیر نەئەما. وە لەگەلّ کەسانێکدا ئەژیام کە وەك من لە سایەی شکۆ و بەخۆوەنازیەکانی پێشتریانەوە ئەژیان. من هەمو ڕێگە و شێوەکانم تاقیکردبوەوە.

دەستمکرد بە بیرکردنەوە لەو ڕوداوەی کە لە حەڤدە سالّیمدا ڕویدا لە پەروەردەخانەدا. بێئەدەبیم کردبو و وام لە منداڵێك دابو کە هەمو لاشەی شین بوبویەوە. کاتێك کە کاتی لێکۆڵینەوەی دادگا هات دادوەر پرسیارێکی گرنگی لێکردم: (بە بۆچونی خۆت ئەبێت لێرە ئازاد بکرێیت، بێرد؟ )من بە وردی دەربارەی بارودۆخ و ڕەفتارەکەم بیرم کردەوە و وەلاّمم دایەوە: (نە ، گەورەم، بەلاّم حەزئەکەم ئاوا بێت. )ئەمە وەلاّمێکی ڕاستگۆیانە و زیرەکانە بو. ئەندامانی کۆمەڵەی ڕێکخەری ناوخۆ ئەوەندە لەم بە ئاگاییە، هەرچەندە کەم، خۆشحالّ بون کە بڕیاریاندا مۆڵەتم پێبدەن هەرچی زوترە لە کاتی هەبونی کارێك بمنێرنە دەرەوە، لەبەرئەوەی کە باوەڕیان وابو ئەم ڕاستگۆییە نیشانەی گەورەیی و کاملّی منە.

## دەربارەی ئەم وەلاّمانە کارێك ئەنجام بدەن

خستنەڕوی پرسیارە سەختەکان باش و سەرسوڕهێنەر بو، وەلاّمدانەوەی ڕاستگۆیانە و دۆزینەوەی کۆمەڵێك ڕاستیش دەربارەی خۆم هەر شتێکی باش بو. بەلاّم هەنگاوی دواتر ئەوەبو دەربارەی ئەوەی کە



Scanned with CamScanner

فێربوبـوم کارێـك ئـەنجام بـدەم. ئەبوایـە خێـرا ئـەنجامێکی کاراپـەڕێنم دەستگیر ببوایە. پێویستم بە هەنگاو هەڵهێنان بو.

بڕیارمدا بە ئاوڕدانەوە لە خـۆم دەسـت پێبکـەم. بڕیـارم بـە خۆمدا ی جگەرە کێشان و مەی خواردنەوە تەرك بکەم و وازبێنم لە کات تێپەڕاندنی بێهودە. سوربوم کە لەڕێگەی سود وەرگرتن لـە توانـا و لێهاتوییەکانمەوە ڕێگەیەك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی کە لەخەیاڵمدا هەبو بۆ گەڕانـەوەی ژیـان بۆ کەسە بێ ماڵوحاڵەکان.

ئـەوڕۆژە، پرسـیارگەلێکم دەبـارەی ژیـانم کـرد، پرسـیارگەلێکی ڕاستم خستە ڕو و وەڵامگەلێکی ڕاستیـشم دەسـتکەوت، ئەوکاتـە دەسـتمکرد بـە گـۆڕین و چـاککردنەوەی ژیـانی خـۆم. لەبـەر ئـەوە ئێـستا چـیتر جگـەرە ناکێشم. مەی ناخۆمەوە و دەستم هەڵگرتوە لە کـات تێپـەڕانـدنی بێهـودە. بە ڕوبەڕو بونەوەی ڕاستیەکی ڕون دەربارەی خۆم هێزی ئەنجامـدانی ئـەم کارەم بەدەست هێنا.

## مێشکتان بە کارایی بهێڵنەوە

ئێمـــە تـــەنیا دەرکمـــان بـــە گرنگـــی پـــەروەردە کردنـــی مێـــشك و بیرکردنەوەمان کردوە. ناوبانگی سەرگەرمیەکانی وەك سـودوکۆ (خـشتەی ژمارەی یابانی) و یاریە کۆمپیوتەریەکان بۆ مێشك نیشانی ئەدات کە مرۆڤ پێویستی بە کارا ڕاگرتنی مێشك و جەستەی هەیە.

هەرچەند زیاتر سود لە مێشکتان وەربگرن تەندروستتر و زیاتر ئامادەی خزمەت ئەبن. لەبەرئەمە خۆتان بخەنە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کـە وەڵامـی



Scanned with CamScanner

پرسیارەکانتان بدەنەوە. هەر ئەم کارە ئەنجامێکی باش ئەخاتە ناو مێشکتانەوە. ئەوکاتە دەستئەکەن بە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ کێشەکاندا و سەرکەوتنێکی ئاسانتر بە سەریاندا. ئەو کاتە وردبینیتان بەرەو پێشەوە ئەبەن و یادگەتان باشتر ئەکەن. تا ئێستا چەند جار فلیمێکتان دیوە، کتێبێکتان خوێندوەتەوە یان لە کۆبونەوەیەکدا ئامادە بون کە چەند ڕۆژێك دواتر هەمویانتان لەبیرکردوە؟ ئەگەر بۆ دۆزینەوەی بیروبۆچونتان دەربارەی ئەو فلیم، کتێب یان کۆبونەوانە کات تەرخانبکەن ئەوا هەر ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم بابەتانە لە مێشکتاندا بمێنێتەوە و ئەمە بۆ ناسینی زیاتری خۆتان ڕێگەیەکی گونجاوە. لەبەر ئەمە پرسارکردن لە خۆتان هەرگیز فەرامۆش مەکەن، بە فێربون لە وەڵامەکانتانەوە ، خۆتان بەهێزتر بکەن. پرسیارکردن لە خۆتان بەتەنیایی سودێکی نیە، دۆزینەوەی وەڵامەکان و دواتر بەکارخستنیان گرنگن. بۆ هەرکارێك کە ئەتانەوێت ئەنجامی بدەن، وانە وەرگرن و دواتر ئەنجامی بدەن. وەڵامەکان بخەنە کار و چێژ لە خستنەکاریان وەربگرن. بەڵام کارەکە بە ئەنجامدانی هەنگاوی بچوك دەست پێبکەن. سەرەتا شتە ئاسانەکان تاقیبکەنەوە و لە ئەنجامدانی هەندێك لە شتە سادەکان کە لە وەڵامەکانتانەوە وەرتانگرتون، چێژ ببەن.



Scanned with CamScanner

*هەوڵبدەن بەرنامە ڕێژی بکەن بۆ پرسیارەکان. تەنانەت لەوانەیە بتانەوێت بیاننونسن، لەبەرئەوەی کە ئەم کارە وائەکات کە مێشکتان بێ ئاگا نەبێت لە خاڵە گرنگەکان.

*پرسیارەکانتان بە شێوەیەکی ورد بخەنە ڕو بەشێوەیەك کە بتوانن بەسود وەرگرتن لە زانیاریە بەدەست هاتوەکان، هەنگاو گەلێك هەڵبگرن.

*پرسیار گەلێکی قورس لە خۆتان بکەن. ئەمانە گرنگترین خاڵەکانن. ئێوە ئەم پرسیارانە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی خۆتان ئەخەنە ڕو، هەر ئەمە وا ئەکات کە گۆڕانکاری پێویست لە ژیانتاندا بهێننە دی.

*ڕاستگۆ بن، ئەگەر لەگەڵ خۆتاندا ڕاستگۆ بن ئەوا ئەتوانن لەگەڵ خەڵکیشدا ڕاستگۆ بن و لە ئەنجامدا ڕێز و متمانەیان بەدەست بێنن.

*ئامادە بن تا دەربارەی ئەم پرسیارانە هەنگاو گەلێك هەڵبگرن. دڵنیایی بەدەست بێنن کە ئەنجامێکی باشی ئەبێت. خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن کە تەنیا ناسین و دەرککردنی بارودۆخەکە بەسە.

*چێژ ببەن لە زانیاری وەرگرتن دەربارەی خۆتان. لە خستنەوەگەڕی ئاگاییتان و بەدیهێنانی شێوەگەلێکی تازە بۆ چارەسەری کێشەکان.

*بۆ ئەوەی کە پێویستە ئەنجامی بدەن زانیاری وەربگرن، دواتر ئەو زانیاریانە بخەنەکار. بەڵام لەهەر بارودۆخێکدا سود لە یاسای لە سەدا سێ وەربگرن. هەنگاوی بچوك هەڵبێنن. سەرەتا ستە ئاسانەکان تاقیکەنەوە و لە ئەنجامدانیان چێژ وەربگرن.



Scanned with CamScanner

# بەشی پێنجەم

# بۆ هێنانەدی ئاواتەکانتان بەرنامەڕێژی بکەن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێمە هەمومان پێویستمان بەوەیە کە ئامانجەکانمان ڕێچکەی ژیانمان دیاریبکەن. بێ ئامانج و بەرنامەڕێژیکردن بۆ گەیشتن پێی، ژیان وەك دەریایەکی لێدێت کە ئێوە بێ ئەوەی کە بتوانن هیچ کارێك بکەن لەناویدا ئەبن بە مەلەوان. من بەشی گرنگی ژیانمم بەبێ ئەوەی کە بزانم بۆ کوێ ئەڕۆم و چی ئامانجێکم هەیە، بەسەر برد. تەنیا پشتم بە بەخت و ناوچاو ئەبەست تا بۆ هەر شوێنێك کە ئەیەوێت پەلکێشم بکات. هەروەها درەنگ بۆمدەرکەوت کە چەندێك کات و وزەم سەرفکردوە بەبێ ئەوەی دەستم بگات بە ئامانجێکی بەسود(ئیتر چ ئامانجی بچوك چ گەورە)و ئەوەش کە چەند گرنگە مۆڵەت نەدەم کە ژیانم بەرەو هەر لایەك بەبێ ویستی خۆم بڕوات. لەبەر ئەمە هەر ئامانجێك کە لە ژیاندا هەتانە بچوك یان گەورە دڵنیایی بەدەست بێنن کە بۆ گەشتن پێی بەرنامەیەکتان هەبێت.

هەرکارێك کە ئەنجامی ئەدەین پێویستی بە بەنامەڕێژی هەیە. ئەبێت بۆ ڕۆشتن بۆ جێی کارکردنمان بەرنامەمان هەبێت، بۆ ڕۆشتن بۆ شوێنێك یان



Scanned with CamScanner

بینینی کەسێك هەر بەرنامەمان هەبێت. ئەگەر بڕیارتانداوە کە چێشت لێبنێن ئەبێت سەرەتا تاوەکە بشۆن. بەڵام بەرنامە گەورەکانیش پێویستیان بە بەرنامە هەیە و ئەبێت تا ئەوجێیەی کە ئەتوانین بەرنامەی سادە بکەینەوە. ئەو خانمەی کە ئێستە لەگەڵ مندا کار ئەکات پێشکەوتنی خۆی لە هەمبەرگر دروستکردنەوە تا گەشتن بە ژمێریار بەرنامە ڕێژی کردبو. ئەو هەمو قۆناغەکانی دیاریکردبو تەنانەت کاتیشی بۆ کتێب خوێندنەوە و هاتوچۆ بەمەبەستی ڕۆشتن بۆ وانە فێرکاریەکان دیاریکردبو. هەمو بەشەکانی بەرنامەکە سادە بو بەڵام ئەو هەنگاوی پێویستی هەڵهێنا و لە کۆتاییدا گەیشت بە ئامانج.

## ئامانجێکی بەدەست هاتو دیاریکەن بۆ خۆتان

بەر لە بەرنامەڕێژی دڵنیابن کە ئەو ئامانجەی هەتانە واقعیانە بێت. هەڵەی گەورەی بەشێکی زۆری ژیانم ئەوە بوە کە ئامانج گەلێکی دەست پێنەگەشتوم هەبوە. ئەگەر ئامانجەکەتان باڵایانە دیاریبکەن، ترسی هەرگیز پێنەگەیشتنتان هەیە.

لە شانزەساڵیدا کاتێك کە لە خانەی نەوجەوانان زیندانی بوم شەیدای هونەر بوم. دوای ئەوەی کە چەند مانگێك دەربارەی هونەر وانەم خوێند گەشتمە ئەو ئامانجەی کە ئەمەوێت ببمە وێنە کێش. ئەگەر ماوەیەك پێشتر ئەمەم بکردایەتە ئامانجم ئێستا پێی گەشتبوم و لەو زەمینەدا سەرکەوتو بوبوم. بەڵام ئامانجی من ئەوەبو کە باشترین وێنە کێشی ئەو ڕۆژگارە بم. بەرنامەکەم سادە بەڵام زۆر تاریك و ناڕون بو، تەواوی ئەو



Scanned with CamScanner

کانزمێرانەی کە ئەمتوانی لەو رێکخراوەدا سەرقاڵی وێنەکێشان و ڕەنگکردن بوم، و کاتێك کە کاتی پشو ئەهات بەردەوام ئەبوم تا بگەم بە جێیەك لە پەیمانگای باڵای هونەر و ببمە باشترین وێنەکێشی دنیا. لە یەکەمین شتێکەوە کە بەیانیان ئەمبینی تا کۆتایی شەو وێنەم ئەکێشا.

بەرنامەکەم لەسەرەتادا کاریگەری واقع بو، کاتێك کە خەڵکی لە رێکخراوەکەدا سەرقاڵی چێژوەرگرتن بون لەو کاتانەی کە لە پشودا بون من هەوڵم ئەدا کە شێوەی گوزەیەك یان هەر شتێکی تری چواردەورم کە ئەمبینی بکێشم. دواتر کاتێك کە ئەم ئیشەم واز لێهێنا و کارێکم دۆزیەوە ، هەمو هەفتەیەك لە وانەی شەوانەی وێنە کێشاندا بەشداریم ئەکرد. ڕۆژانی پشو بەبێ حەواسی لە خەو هەڵئەستام و ئەڕۆشتم بۆ پارك تا لە سروشتی کراوەدا وێنە بکێشم.

لە کۆتاییدا هەوڵ و کۆششی شەو و ڕۆژی من لە واقعدا کاریگەربو. ڕۆشتمە قوتابخانەیەکی ناوبانگدار تر و لەوێ زۆر پێشکەوتم، زۆر. ڕاهێنەرەکانم دەستخۆشیان لێکردم و کارەکانمیان بە جددی وەرئەگرت. لەوێ پڕ بوم لە ئومێد و توانا.

بەڵام نەمتوانی ئەو حاڵەتە بپارێزم. نەمتوانی بەردەوامبم لەسەر کارێکی تر بێجگە لە وێنە کێشان. ئامانجەکەم زۆر باڵا دیاریکردبو و هەر ئەمە گەشتن بە ئامانجەکەی زۆر دژوار ئەکرد. ئەڵبەتە ئەو ڕوداوەی کە ڕویدا ئەوەبو کە لەو بەشەدا کچێك هاتە ناو ژیانمەوە و منی لە ئامانجەکەم دورخستەوە و بەردەوام لە بەرنامەکانم دور ئەکەوتمەوە. لە جیاتی وێنەکێشان کاتەکانم لەگەڵ ئەو کچەدا بەسەر ئەبرد. ئامانجەکەم نەك



Scanned with CamScanner

ناڕون بو وە گەشتن بەو بەرنامە زۆرتر دژوار. یان هەمو شتێکم ئەویست یان هیچ شتێك و من نەمئەتوانی بگەم بە هەمو شتێك لەئەنجامدا نەگەشتم بە هیچ شتێك.

گەورەترین خەمێك کە لە ژیانمدا هەمە ئەوەیە کە هەرگیز نەمتوانی ببم بەو وێنەکێشەی کە ئەمویست. هەرگیز ڕۆژەکانمم بە بۆن و بەرامە و ڕەنگی وێنەوە بەسەر نەبرد و بێبەش بوم لە گەشتن بە ئامانجەکەم. لەڕاستیدا بەشێکی شایانی لا لێکردنەوە لە ڕێگەکەم بڕی، بەلاّم لەبەرئەوەی ئامانجەکەم زۆر دور بو لە دەست پێگەیشتن نەمتوانی بگەم بەو ئامانجەم، نەمتوانی تێبگەم کە چەندێك خۆمم پێگەیاندوە. ئەگەر وتبام: ((ئامانجم ئەوەیە کە ببمە وێنەکێش. ))گەشتبوم پێی و بە یەکەمین لادان لێی دەستم لێهەڵنەئەگرت. لەبەرئەمە ئێوە ئەم هەڵەیەی من دوبارە مەکەنەوە. دڵنیابن کە ئامانجەکەتان واقع بینانەیە و تا ڕاددەی سەرکەوتن بەرنامە دارێژن بۆ خۆتان.

## دەست هەڵگرن لە ئاواتخواستن

تا ئێستا چەند جار لە ژیانتاندا ئاواتتان بۆ شتێك خواستوە و دواتر هیچ شتێکتان دەربارەی نەکردوە؟ لەوانەیە حەزتان ئەکرد لاوازتر یان قەڵەوتر یان لەوەی کە ئێستا هەن دەوڵەمەند تر بن. ئەگەر بەڕاسی شتێکتان ئەوێت، یەکەمین کار کە ئەبێت ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە دەست هەڵگرن لە ئاواتخواستن بۆ هەبونی ژیانێکی باشتر. لە جیاتی ئەمە، بەرنامەیەك



Scanned with CamScanner

داڕێژن و نەخشەیەك بكێشن و ئامادە بن تا هەوڵبدەن و خەونەكانتان بێننەدی. یاسای لەسەدا سێ فەرامۆش مەكەن و هەنگاوی بچوك هەڵگرن.

ئەزانم كە ئەم كارە ئاسان نیە. بەتایبەت لەكاتێكدا كە من لە دورکەوتنەوەدام لە نەخواردنی خواردنە تایبەتەكانی زیادكردنی كێش. كێشی زیادە بەرەبەرە كەم ئەبێتەوە و بەنەخواردنی ئەو پسكیتە بچوكانە ئامە دێتە دی. پیادەڕەوی بەیانیان زو دەستپێكی كارە و دوای ئەوە دورکەوتنەوەی توندوتۆڵی خواردنە چەورەكان. بەرنامەكە ئەمەیە كە بەهەڵگرتنی هەنگاوی بچوك بگەن بە ئاواتەكەتان و هەنگاوەكانی دواتریش هەڵگرن. بەڵام من ئەبێت دەربارەی ئەمە كارێك بكەم. ئەزانم كە ئاواتخواستن بۆ لاواز بون لاوازم ناكات.

هەبونی بەرنامەیەك و پیادەكردنی تەنیا ڕێگەی گەشتنە بە ئامانج. من بەردەوام سەروكاریم لەگەڵ پیاوێكی بێ ماڵوحاڵدا هەیە كە ئەیناسم و پێم ئەڵێت كە ئەیەوێت لەم شارەدا شوێنێكی هەبێت و دەستێكی میهرەبان بەسەریەوە بێت و ئەو شوێنە لە كۆتایی باخێكدا بێت تا بتوانێت وێنەگەلێك بكێشێت و لە بازارە خۆماڵیەكاندا بیانفرۆشێت؛

ئەو خەونی خۆی هەیە. بەڵام شتێك كە نیەتی بەرنامە و كاربۆكردنە. من پێشنیارم بۆ كرد كە یەكەمین هەنگاو بە پاشەكەوتكردن دەستپێبكات ئەویش بە تەرككردنی جگەرە. ئەم كارە نەك ڕێژەی پاشەكەوتكردنەكەی زیاد ئەكات بەڵكو تەندروستیشی باشتر ئەكات. ئەگەر خانویەكیشتان لە كۆتایی باخێكدا هەبێت بەڵام ئەوەندە تەندروست نەبن كە بڕۆنە ناویەوە چ سودێكی هەیە؟ من تەنانەت پێشنیارم كرد تا دۆستەكەم بڕواتە



Scanned with CamScanner

خولێکەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە تەرککردنی جگەرەدا. بەڵام وا دێتە بەرچاو کە ئەو هێندە تاسەمەندی گەشتن نیە بە ئاواتەکەی. ئەو ئەڵێن کە ناتوانێت جگەرە تەرک بکات لەبەر ئەوەی کە تەنیا شتێکە هەیەتی. وە ئەو بەبێ ئەوەی کە باخ و بنەی هەبێت، لەئەنجامی جگەرە کێشانی زۆرەوە ئەمرێت.

ئەگەر ئەتانەوێت بگەن بە ئامانجەکەتان ئەبێت بەنامەکەتان ڕێکوپێک بکەن و پاشان ئامادە بن بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ هاتنە دی ئامانجەکەتان. بەرنامە ڕێژیبکەن و لەبیرتان بێت کە یاسای لەسەدا سی بەسودە. بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی بچوك بەرنامە ڕێژی بکەن، هەرچەندە سەخت بێت، بەڵام نەك ئەوەندەش سەخت. دواتر ئەگەن بە ئامانجەکەتان. تەنیا بە ئاواتخواستن ناگەن بە ئاواتەکانتان. تەنیا بۆ گەشتن بە دەرامەتێکی کەمی دەورانی خانەنشینی خەیاڵپلاوی مەکەن، بەڵکو هەنگاوی تر هەڵگرن.

## ئامانجێکی ڕێکوپێك و گونجاو بدۆزنەوە

ئامانج ئەبێت تایبەت و پەیوەندی بە ئێوەوە هەبێت. هیچ پێویست ناکات بڕیاردەن کە براوەی خەڵاتی ئەدەبی پۆکەر بن لەکاتێکدا کە هیچ پەیوەندیەکتان بە نوسینەوە نیە. یان بتانەوێت باشترین ئارایشتگەر بن لەکاتێکدا تا ئێستا هەرگیز قژتان کورت نەکردوەتەوە. هەر بەم شێوەیە ئەبێت ئەو بەرنامەیەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەتان دایئەڕێژن واقع



Scanned with CamScanner

بینانە و پەیوەندی بە ئەزمونی ژیانتانەوە هەبێت. بۆ نمونە ئەگەر گۆردۆن ڕۆدیك بیوتایە کە پارەت پێئەدەم تا ڕیستۆرانتێکی زنجیرەیی دابنێیت و خەڵکانی بێ ماڵوحاڵی تیادا دامەزرێنیت، تا کاتێك کە من شتێك دەربارەی شێوەی دروستکردنی خواردن نەزانم بێ سود ئەبو. بەڵام لەبەرئەوەی کە داوای لێکردم کە بڵاوکراوەیەك بخەمەکار – و من ئەزمونی وێنە کێشانم هەبو – ئەو پەیوەست بو بە لێهاتوییەکانی ژیانمەوە. ئەو کارێکی لەمن داوانەکرد کە هیچ شتێکم لێ نەئەزانی.

## سەرنج بدەن لە بەشەکانی بەرنامەکەتان

کاتێك کە لە کالیفۆرنیا بوم ژنێکم بینی کە یارمەتی کەسە بێ ماڵوحاڵەکانی دابو، گەیشتبو بە ئامانجی خۆی لە ژیاندا کە ئەویش دەستگیرۆیی کۆمەڵایەتی بو. ئەو دەربارەی ئەم بابەتە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەبو. بەڵام کێشەی ئەو ئەوە بو کە بەشێوەیەکی ئەوەندە هەستیار تەماشای وێنە گشتیەکەی ئەکرد کە بەشە لاوەکیەکانی لەبیرکردبو.

شتێك کە لەهەمو شتێك زیاتر بۆ ئەم ژنە گرنگ بو هەبونی ئۆتۆمبێلێك بو بۆ گەڕان لە شاری لۆس ئەنجلۆسدا. ئێوە ناتوانن پشت بە هۆکارەکانی گواستنەوە ببەستن لەبەرئەوەی کە ئەبێت تەواوی ڕۆژەکە لەناو ئۆتۆمبێلدا تێپەڕێنن تا بگەنە شوێنی مەبەست و هەریەوەندەی کە گەشتنە ئەوێ ئەبێت دوبارە بگەڕێنەوە. ڕۆژێك بەپەلە هات بۆ لام و تورەبو لە حکومەتی فاشیستی ویلایەتی کالیفۆرنیا، لەبەرئەوەی کە



Scanned with CamScanner

دوباره ئۆتۆمبێلەکەیان گرتبو، ناچار بو چەند سەد دۆلارێك باج بدات و ئەگینا ئۆتۆمبێلەکەیان بە نرخێکی زۆر هەرزان ئەفرۆشت بە کەسێکی تر.

دیاربو کە ئەو دە جار وەستانی قەدەغەی کردبو و باجی بۆ کرابو و هیچ کامیشیانی نەدابو. لە لۆس ئەنجلۆس ئەگەر باج نەدەیت ئەوا ئۆتۆمبێلەکەت دەستگیر ئەکەن. ئەمە لە بۆچونی ئەودا کارێکی زۆر ناشرین بو. بەڵام بە بۆچونی من زۆر سادە بو. ئەگەر بەرنامە ڕێژی کردبا و سەرنجی بخستایەتە سەر بەشە لاوەکیەکان ئەوا ناچار نەبو کە بکەوێتە ناو دەردیسەری و ئەنجامدانی ئامانجێکی گەورەی وەك یارمەتیدانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئاسان تر ئەبو.

لەبیرتان بێت کە بەشە بچوکەکانی بەرنامەکەتان بەئەندازەی ئامانجە گەورەکە پێویستی بە بیرلێکردنەوە و کات و سەرنج لێدانە.

## بەرەو ئامانجەکەتان بکەونە ڕێ

لە دەیەمینساڵیادی دمەزراندنی گۆڤارەکە، لە چاوپێکەوتنێکدا کە بەیانیەکی زو ئەنجامدرا، ڕاپۆرت کارەکە منی کردە ئامانج و وتی(باشە، بەڕێز بێرد دە ساڵ بەسەر دامەزراندنی گۆڤارەکەتاندا تێئەپەڕێت، بۆ دەساڵی تر چی بەرنامەیەکتان هەیە؟ )

پێشتر پرسیاری لەم شێوەیەم لێکرا بو. بەڵام ئەمەیان لەخەو ڕایچڵەکاندم. بە ئەگەری زۆر لەبەرئەوەی کە دە ساڵ بەسەر دامەزراندنی گۆڤارەکەدا تێپەڕیبو بۆیە من وام لێهاتبو. من کە زۆرینەی کاتەکانی ژیانم



Scanned with CamScanner

خێرا تێپەڕاندوە، بۆمدەرکەوت کە بناغەی کارێکم دارشتوە کە ئەویش بەخێرایی تێئەپەڕێت. خەڵکی خۆشیان ئەوێت و ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی دەستەبەرکرد. کارەکەمان لەسەرەتادا لەبەیانیەوە تا کۆتایی شەو درێژ ئەبویەوە، بەڵام ئامانجی ئێمە یارمەتیدانی کەسانی بێ ماڵوحاڵ لەڕێگەی یارمەتیدانی خۆیانەوە بە فرۆشتنی گۆڤارەکە، لە ساڵانێك لەوەو پێشترەوە بەرگی کاری پۆشیبو. ئێستا ئیتر کاتی دیاریکردنی ئامانجێکی تازە بو و وە بەرەو ئەو ئامانجەش ڕێکردن. ئەڵبەتە ئەگەر خوازیاری پێشکەوتنێکی زیاتر بم. من بۆمدەرکەوت کە دوای بەدەستهێنانی ئامانج ئەگەر کارێکی تری بۆ ئەنجام نەدەن ئەوا هەندێك کات بەمانای دواکەوتن دێت. چێژ لە سەرکەوتنتان وەربگرن، بەڵام زۆر پشت ئەستور مەبن بە دەستکەوت و سەرکەوتنەکانتانەوە، ئەگینا تەماشاچی شکستەکانی خۆتان ئەبن.

لەناکاو بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك خۆم لەناو وەڵامی چاوپێکەوتنکارەکەدا بینیەوە و وتم: (دە ساڵم بە چاککردنەوەی ئەم کاتژمێرە خراپانەوە بەسەربرد، ئێستا ئەمەوێت بە بەدەستهێنانی دڵنیایەکی زۆرترەوە دەساڵ لەوەشدا تێپەڕێنم کە ئەم کاتژمێرانە لە هەنگاوی یەکەمدا خراپ نەبن. )ئەوکاتە بو کە ئامانجێکی تازەم دۆزیەوە. بەدەر لەوەی کە کەسانێك ئێستا بێ ماڵوحاڵ کەوتون و یارمەتیان ئەدەم، بڕیارمدا کە مۆڵەت نەدەم خەڵکی بێ ماڵوحاڵ بکەون.

لە کاتێکەوە کە ئەو چاوپێکەوتنە کراوە ئێمە ئامانجەکەمان واقعی تر و کارا تر ئەنجامئەدەین. ئامانج کۆتایی هێنانە بە بێ ماڵوحاڵی لەم وڵاتە



Scanned with CamScanner

پایە بەرز و شکۆمەندەدا. لەبەرئەمە بڕیارماندا هۆکاری بێ ماڵوحاڵی بخەینە ڕو و بەرنامەیەکی وردمان دانا بۆ هەنگاو بە هەنگاو گەشتن بەم ئامانجە.

لەبەرئەمە دەربارەی ئامانج و بەرنامەکانتان هێندە سەختگیر مەبن. ئەگەر ئەزانن ئامانجی یەکەمتان واقع بینانە نیە ، لەو ئامانجە تێپەڕن و هەڵی سەرکەوتنتان بەرز کەنەوە.

ئێمە بۆماندەرکەوت کە بۆ گەشتن بەو ئامانجە خوازیاری ئەوەین کە مۆڵەت نەدەین بێ ماڵوحاڵی ڕوبدات و لەهەمانکاتدا ڕێگربین لە تەشەنە سەندنی. ئێمە نەگەشتوین بە ئامانجەکەمان بەڵام کارمان کردوە لەسەر خستنەڕوی نەخشەیەک بۆ گەشتن بەو ئامانجە. ئێمە بەرنامەیەکمان دارشتوە کە دەوڵەت و ڕێکخراوەکان ئەتوانن بیکەنە بنەمای کارەکانیان.

وا دێتە بەرچاو کە ئەم ئامانجە بەدیهاتو تر بێت لەبەرئەوەی کە زەحمەتمان کێشاوە بۆی و ئاگاداری هەنگاوە تایبەتەکانین بۆ ناسینی ئامانجەکە.

## بەرنامە ڕێژیبکەن بۆ ژیانتان

لەهەر زەمینەیەکی ژیانتاندا، سود لە ئامانج و تەرحە کاریگەرەکان وەربگرن بۆ یارمەتیدانی گەشتن بە ئامانجەکەتان. ئامانجەکانیش هێندەی ژیانی تایبەتی و کارەکەتان گرنگە. ئایندەی من وەک نان پەیداکەری خێزان بەر لە هەر شتێکی تر بەرنامە ڕێژی بۆ کراوە. کاتێک تێئگەن کە

ئامەتایە نـاژین ، پێویـستیتان بـە ئامـانج گـەلێکی زیرەکانـەتر هەیـە بۆ خۆتـان و خێزانەکـەتان. لـەخۆتان بپرسـن کـە حەزئەکـەن لـە دە سـاڵی داهاتودا بینەری چی بارودۆخێك بن. ئامانجەکانی من لە ئامانجی زۆرینـەی ئەو کەسانەی کە منداڵی بچوکیان هەیە جیـاوازە. مـن ئەمانـەم کـردوە بـە ئامـانجی خـۆم: جـێگیری مـاددی، خوێنـدنی منداڵـەکان و دابینکردنـی هۆکارەکـانی پێـشکەوتنی منداڵـەکانم لـە کەشـێکی شـاد و تەندروسـتدا، سەلامەتی تەواو و بەشێوەیەك کـە تەمـەنم بـە دنیـاوە بمێنێـت و بینـەری پێگەیشتن و پێـشکەوتنیان بم. لـە خۆتـان بپرسـن ئایـا ئـەو کـارەی کـە ئەنجامی ئەدەن بەشێکە لەو بەرنامەیەی کە بۆ گەشـتن بـە ئامانجەکـەتان داتانناوە یان وانیە. یەکێك لە بەهێزترین ژنانێك کە تا ئێستا هەڵی ناسینیم هـەبوە پێـی وتم کـە چـۆن مێردەکـەی بەشـێوەیەکی بـەردەوام خـۆی و منداڵەکانی کوتەك کاری کردوە. ئەو ئـەیوت: (هـیچ رێگـە چارەیەکەم بۆ رزگاربون لەو بارودۆخە نەبو. هیچ بەرنامەیەکم نەبو و وامئـەبینی کـە ئـەم کوتەك کاریە تا هەمیشە بەردەوام ئەبێت. )

دوای رۆژێـك هـەمو توانـای خـستبوە کـار تـا بەرنامەیـەك دابرێـژێت. وا ئەهاتە پێشچاو کـە تـەواوی بەرنامـەکانی بێمانـا و خـەیاڵپڵاویانـە بـو بـن. لەبەرئەمە بڕیاریدا کارێکی سادە ئەنجام بدات: رۆشت بۆ سەنتەری پرس و را. لەوێ فێربو کـە چـۆن خـۆی و منداڵـەکانی ببـات بـۆ شـوێنێکی ئـارام. فێربو کە چۆن ئەتوانێت دادگا ئاگاداربکاتەوە و فێربـو کـە ئـەتوانێت ئـەو پیاوە لە ژیانیدا بباتە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

ئەم ماوە بەئاشکرایی کاریگەری لەسەر ژیانی زۆرێک لە خەڵکی هەی
بەڵام بۆ ئەو دیار نەبو لەبەرئەوەی ئەو لەبارودۆخێکدا ئەژیا کە تەنیا
شکستی ئەبینی. نەیئەتوانی ڕێگەچارەی دەرچون لەو نارەحەتیە ببینێ
ئێستا ئەو ژنە یارمەتی ئەو ژنانە ئەدات کە لە ژێر فشاردان بۆ ئەوەی
کە دەربازبین لە کەوتنە بەر ڕەفتاری ناشرین و ئەزانێت کە تەنیا بە
هەبونی بەرنامەیە کە ئەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە هەستکردن بە بێ
ئیرادەیی و لاوازی. سودوەرگرتن لە بەرنامەیەکی دیاریکراو بە ئاڵۆزیەکی
گەورە و قۆناغ بەندیەکی ورد و ئاگاداربون لە بەشەکان و دواتر
جێبەجێکردنی، بەسە.

## وردبونەوە

دورکەوتنەوە لە دیاریکردنی ئامانجی زۆر و لەسەریەک گرنگە،
لەبەرئەوەی هەوڵدانی پێویست بۆیان دژوارە. هەوڵبدەن سەرنجتان بخەنە
سەر یەک یان دو ئامانج و کاتێک گەشتن بەمانە بچن بۆ ئەوانی تریش.
هاوسەرەکەم پارێزەرێکی باشە هەمیشە هانم ئەدات، بەڵام لە بینینی
ئەوەی کە چەند کارێکی بێ پەیوەندی بەیەکەوە ئەنجام ئەدەم تورە
ئەبێت.

ئەو ئەڵێت کە ژیانی من وەک داری کریسمسە، پڕە لە چرای بچوک کە
بەسراون بەیەکەوە. لەبەرئەمە ئێستا هەوڵئەدەم زیاتر وەک گڵۆپی ماڵەوە
بم. یان ئامانجێکی تر کە ڕۆشناییەکی زیاتری هەبێت و ئەتوانێت
ڕۆشناییەکەی لەچەند فەرسەنگێکی دورەوە ببینی.



Scanned with CamScanner

*باوەڕتان بە ئامانجەکەتان هەبێت. دڵنیا بن کە ئەمە هەر ئەو شتەیە کـە هانتـان ئـەدات و ئەتانخاتـە جوڵـە. وە زۆر دورەدەسـتیش دیاریمەکەن چونکە حەز و تاسەتان بۆ گەشتن پێی لەدەست ئەدەن.

*بۆ گەشتن بەم ئامانجـە قۆنـاغ گـەلێك دیاریبکـەن، بەشـێوەیەك کـە بتوانن دیاریبکەن کە تا چەند دورن لە ئامانجەکەتان و ببینن تـا کـوێ پێشکەوتون. تێپـەڕین لەهـەر قۆناغێـك ئـەبێت ئـەم هەسـتەتان تیـا ببزوێنێت کە لە ئامانجەکەتان نزیکتر ئەبنەوە.

*ڕاشکاو و ورد بن.

*سود لە یاسای لەسەدا سێ وەربگرن.

*ئامانجەکـەتان لەگـەڵ خەڵکیـدا بخەنـە ڕو. بـە نهێنـی مەیهێڵنـەوە، مەگەر ئەوەی کە بەڕاستی ناچاربن. داوا لە کەسانی تـر بکـەن کـە لـە شادی و خۆشبەختی و تاسەمەندیتاندا بەشداربن. ئەم کارە بەڕاسـتی یارمەتیتان ئـەدات تـا هەسـتبکەن کـە لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـت هـەنگاو ئەنێن و ئەمەش ڕاددەی سەرکەوتنتان بەرز ئەکاتەوە.

*بەردەوام سەیری بەرنامەکەتان بکەنەوە و ئامادە بن بۆ گۆڕینی یان باشتر کردنی. بەتایبەت کاتێك کە بە ڕێژەی پێویست لە ئامانجەکەتان نزیکی نەکردنەوە.

*مۆڵەت بدەن کە بەرنامەکانتان بە کێـشمان بـن. ئـەبێت وەك باخێـك بن کە هەندێك گیای تیا بێت بەشێوەیەك کـە پەپولـەکانیش بـۆ خـۆی ڕاکێشێت.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## بەشی شەشەم

# کات بە هەل بزانن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

(کات به هەل تەماشا کردن) ئامۆژگاریەکی گرنگە و ئەگەر ئامادەی پەیڕەوی کردن نەبومایە لێی ئەوا سودمەند نەئەبوم لەو سەرکەوتنەی کە لە ژیاندا دەستم کەوتوە. هەرلەبەرئەمەیە کە ئەم ئامۆژگاریەتان ئەکەم.

هەندێك وا بیرئەکەنەوە کە(کات بە هەل تەماشا کردن) واتە چێژ بردن لە ئێستا بەبێ نیگەران بون بۆ ئاینده، بەلاٚم من بەم شێوەیە تەفسیری ئەکەم: ئێوە ئەبێت ئەو هەلانەی کە دێنە ڕێتان ڕاو بکەن. مۆڵەت مەدەن کە هەلەکان لەدەست دەرچن، ئەویش بەهۆی ئامادە نەبونتانەوە. ئێوە بێئاگا مەبن و دڵنیا بن لە ئامادە بونتان. لەبەرئەوەی کە ئەم هەلانە ئەکرێت ژیانتان بگۆڕێت.

## چۆن ڕاوکردنی ساتەکان ژیانتان ئەگۆڕێت؟

چەندین جار هەلی وام بەدەستهێناوە کە ژیانمی گۆڕیوە. یەکەمین جار ئەوکاتە بو کە دەستمکرد بە بەشداریکردن لە وانەشەوانەکانی پەیمانگای هونەر لە چێڵسی. لەوکاتەوەی کە لە پەروەردەخانە بوم وێنەم ئەکێشا و



Scanned with CamScanner

گەیشتبومە ئەو ئەنجامەی کە هونەر گرنگترین بابەتی ژیانمە
بەشداریکردن لە وانە شەوانەکاندا بۆ هەمو فێرخوازێك بو بەلام من
فێرخواز نەبوم، من لە شەقامەکانەوە خۆمکرد بەوێدا و دەستمکرد بە
وێنەکێشان. وا ئەهاتە بەرچاو کە هیچ کەسێك ئەمەی نەئەزانی تا ئەوەی
کە عەسری ڕۆژێك کاتێك لەسەر گرنگترین تابلۆیەك کە تائەوکاتە خەریکی
کێشانی بوم کارم ئەکرد، مامۆستا تایبەتەکەم لە پشت سەرمەوە وەستا و
بەوردی سەرنجی تابلۆکەمی دا. دواتر وتی: (زۆر باشە، من زۆر کارەکەم
بەدڵە، وا دێتە بەر چاو کە هەمیشە خەریکی تەماشای دەوروبەری خۆتی،
چ داهێنانێك لە دەرونتایە؟)

ترسام ئەگەر پێی بڵێم کە ناچمەوە بۆ قوتابخانە دەرم بکات. بەلام ئەو
بە بیستنی ئەم قسەیە وتی: (هەرچۆنێك بێت ئەبێت بچیتەوە بۆ
قوتابخانە، تۆ لە هەمو ئەوانەی کە بینیومە بەتواناتری.)

ئەمتوانی دەربارەی ئەوەی کە نەبوبوم بە فێرخواز هۆکار گەلێکی زۆر
بڵێم: تازە لە خانەی نەوجەوانان هاتبومە دەرەوە، نەخوێندەوار بوم بەبێ
هیچ بڕوانامەیەك، لە دونیای وێنەکێشان و دیزاینکاراندا هیچ پانتاییەکم
نەبو، لە ڕۆیالْ پۆرۆ و بەشی باخچەی چێلْسی ئیشم ئەکرد، لە ئاستی ئەو
کەسانەدا نەبوم کە ئەچون بۆ پەیمانگای هونەر، و لە چینی کرێکاران
بوم. هونەر بۆ کەسانی تر بو.

لە لایەکی ترەوە، بیری بە هونەرمەند بون و تەواوی ڕۆژ کارکردن
شایستەی من بو. بڕواهێنان بە خۆم بۆ ڕۆشتن دژوار نەبو، بەلام ئەمزانی
بڕواهێنان بە دایك و باوکم نارەحەتتر ئەبێت، چونکە ئەبوایە مۆڵەتم

وەربگرتایە و فۆرمم پڕ بکردایەتەوە. خێزانی ئێمە ئەهلی پڕکردنەوەی فۆرم نەبو.

بەیانی ئەو ڕۆژە بۆمدەرکەوت کە چاوپێکەوتنی وەرگرتنی خوێندکاری ساڵی دواتر لەکۆتایی هەفتەدا ئەنجام ئەدرێت و من ئەتوانم لە یەکێکیاندا بەشداری بکەم. بڕیارمدا تا دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە قسە لەگەڵ دایك و باوکمدا نەکەم. ئەگەر وەربگیرامایە چ باشتر و ئەگەریش وەرنەگیرامایە ئیتر هیچ بابەتێك نەئەمایەوە بۆ دەمەقاڵێ لەسەرکردن.

من کۆتا کەس بوم کە دوای نیوەڕۆی هەینی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردم. هەموان لەوپەڕی پاك و پوختەیی و ڕێکوپێکیدا بون بەلام من پیسوپۆخڵ و شێواو.

لەکاتی ڕۆشتنە ژورەوەمدا ئەبوایە نزیکەی نیو کاتژمێر لە چاوەڕوانیدا بمایەتەوە، بە ژورەکەدا هاتوچۆم ئەکرد و ئەوان تەواوی وێنەکانمیان بە دیوارەکەدا هەڵواسیبو، دواتر کە بانگکرام باوەڕم نەئەکرد کە ئەمانە هی من بن. سەرتاسەری دیوارەکە داپۆشرابو و هیچ جێیەك نەمابوەوە. هەفتەی دواتر نامەی پەیمانگای فێرکاری هونەر بەدەستم گەشت و وەرگیرابوم. سەرم سوڕئەما. ئەمە ڕوداوێکی گەورە بو بەلام من هەلەکەم قۆستبوەوە. ئەو هەلەی کە هاتبوە سەر ڕێگەم. ئەو ڕۆژەم بە دەستکەوت زانیبو و سەرکەوتبوم.

هەرچەندە هێشتا ڕێگر هەبو کە ئەبوایە بەسەریاندا زاڵبومایە. ئەبوایە ڕازیبونی دایك و باوکمم بەدەست بهێنایە و ئەمەش سەختترین کار بو.



Scanned with CamScanner

دەنگی دایکم بەرز بووەوە: (تۆ لە چینی کرێکاریت. خەڵکی چینی کرێکار ناچنە پەیمانگا. )باوکیشم وتی(ناڕازیم. تۆ ئەبێت کارێک لە بیناسازیدا بدۆزیتەوە. )وای ئەزانی چونکە بۆ ئەو بە ڕادەی پێویست باش بوە ئیتر بۆ منیش باش ئەبێت.

بە دەگمەن ڕوئەدات کە شتێك بە بێ هەوڵدان بەدەستبهێنرێت. چاوەڕوان مەبن توانایەکی گەورە لە ئاسمانەوە بڕژێتە دەرونتانەوە. بەڵام کاتێك کە یەکێك لەوانە دێتە سەر ڕێتان مەهێڵن ڕێگرە سەختەکان شکستتان پێبهێنن. لەوانەیە بەداخبن بۆ ئەوەی کە بۆچی سودتان لەو هەلە نەبینیوە. من هەلی ڕۆشتن بۆ پەیمانگای هونەرم قۆستەوە تەنانەت ئەگەر ناچاریش بومایە بۆ چون بۆ ئەویٚ شەرم ئەکرد. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو ساتەم لەدەستبدایە، واتە کاتێك کە وزە و توانا و لێهاتوییم هەبو، چیتر هەرگیز ئەو هەلەم بۆ دوبارە نەئەبویەوە. چەند ڕۆژێك درێژەی کێشا بەڵام دایك و باوکم ئیتر هاتن بەقەولا و من مۆڵەتی چون بۆ هەیمانگام لێوەرگرتن. و سەرەڕای باوەڕنەبونیان پێم بەڵام دواتر شانازیان پێوەئەکردم. جوجکە بچوکە ناشرینەکەی خێزان و ئەندامە خراپەکارەکە ، ڕێگەی خۆی لەوان جیاکردەوە.

## چۆن بزانم چ کاتێك ساتی قۆستنەوەی ئەو هەلەیە؟

هەلەکان لە ئەندازە و شێوەی جیاوازدا دێنە سەر ڕێگەی مرۆڤ. هەندێکیان ڕونن و ئێوە یەکسەر ئەزانن کە ئەو هەلە بەتایبەتی بۆ ئێوەیە



Scanned with CamScanner

چ مانایەکی هەیە و ئەبێت یەکسەر بیقۆزنەوە. هەرچەندە لە زەمینەی جیاوازتردا، هەلانێك دێنە سەر ڕێگەتان کە وەك ئەوانە نین کە وا گومانتان ئەکرد بە دوایانەوەن، لەوانەشە وابن بەڵام وا دێتە بەرچاو کە لە کاتێکی نەگونجاودا دەرکەوتون و ئێوە ئامادەیی قبوڵکردنیانتان نیە. هەروەك ئەو کاتەی کە گۆردۆن ڕۆدیك داوای لە من کرد کە کاری ڕۆژنامە فرۆشی شەقامی بۆ کەسە بێ ماڵوحاڵەکان دەستپێبکەم. لەسەرەتادا وەك هەلێکی گرنگ تەماشام نەئەکرد، لەڕاستیدا بۆ ئەم داواکاریە خۆشحاڵ نەبوم. بەتازەیی کارگەیەکی بڵاوکردنەوەم دامەزراندبو، زۆر سەرکەوتو نەبو. بەڵام ویستی من پەیداکردنی پارەی پێویستبو بۆ بەردەوامبونی. نەمئەویست تێکەڵی کارە خێرخوازیەکان ببم کە بۆ کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئەنجامئەدرا. خوایە، من لە دەیەکانی سەرەتای ژیانمدا لە ئاگری بێ ماڵوحاڵیدا ئەسوتام، بۆچی ئێستا بمەوێت دوبارە تامی بەدبەختی و شکست بچەژم؟ لەبۆچونی خۆم پێویستم بە کارێکی بڵاوکردنەوەی باش و پاکوتەمیز هەبو تا بتوانم بەهۆیەوە تەواوی ئەو نەهامەتیانەی کە تا ئەوکاتە چەشتبوم بشارمەوە.

بەڵام گۆردۆن لەوێدا دانیشت و پێی وتم کە چ کارێکی باش ئەکەم، دەربارەی گرنگی یارمەتیدانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان قسەی کرد و وتی کە ئەم کارە لە خێرپێکردنیان باشترە و مکوڕ بو کە من کەسێکی لێهاتو و شایستەم بۆ ئەو کارە و پێی وتم کە لەڕوی ماددیەوە یارمەتیم ئەدات و ئەلبەتە لەبەرئەوەی کە من لەسەرەتادا حەزم لێنەئەکرد هانیدام بۆ ئەوەی کە سود لەم هەلە وەربگرم.



Scanned with CamScanner

سـود وەرگـرتن لـە هـەل (خـۆ خـستنە نـاو مەترسـی) پێویـستی بە قبـوڵکردنی بیروبۆچـون و هـەلی تازەیـە. هەوڵبـدەن کـە لـە گۆشـەگەلێکی جیاوازەوە بۆ هەلەکان یان بەختتان بڕوانن.

## دواتر ئەبێت چی بکەم؟

کاتێك بڕیارمدا کە هەلی دامەزراندنی گۆڤارەکە بقۆزمـەوە ئەمویست تا تەنورەکە گەرمە نانەکە ببرژێنم. نەمئەویست کـە کاتەکـەم بـەفیڕۆ بدەم. ئـەمزانی کـە هـەمو بابەتـەکانم دابەشـئەکرد بـۆ بەشـگەلێکی بینـراو و بەرجەستە. ئەمتوانی سود لە تواناکانم وەربگرم بۆ دورخـستنەوەی تـرس لە ئەنجامدانی کارێکی ئاوەها. مکوڕبوم کە خێرا، یەکلایەنانە و بێ بێزاری و دڵـەڕاوکێ بـچمە پێـشەوە و لـەماوەی سـێ مانگدا دوای بەدەسـتهێنانی کۆمەکی ماددی گۆڤارەکە دابمەزرێنم. زۆرینـەی خـەڵکی ئـەیانوت کـە من شێتم و ئەم کارە پێویستی بە شەش مانگ تا ساڵێك هەیە.

وا ئەهاە بەرچاو کە بابەت گەلێکی سەیر لەبەردەمماندا قـوت بوبنـەوە. بەرلە هەشتێك، هـەمو ئـەو کەسـە بـێ ماڵوحاڵانـەی کـە قـسەمان لەگەڵدا کـردن هـەمویان بەشـێوەیەکی ناشـرین ڕەفتاریـان لەگەڵدا کرابـو. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان نیگەرانی ئەوە بون کە ئێمەش وەك ئەو کەسە چاکەکارانە بـین کـە بۆخۆمـان کـاری خێرخـوازی ئەکـەین نـەك بـۆ ئـەوان. ئـەوان لەسەرەتای دەستپێکردنماندا یارمەتیان نەداین.



Scanned with CamScanner

دواتـر کێـشەی چـۆنێتی دەسـتپێکردنی کـاری ڕۆژنامـەی شـەقامی دەستپێکرد. لەبەرئەوەی تا ئەو کاتـە کـەس ئـەو کارەی ئەنجامنـەدابو. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە کۆمەڵەیەکی نوسەرانی گونجا و پێویستمان نـەبو و لە ڕوی بەڕێوبردنیشەوە بێ ئەزمون بوین.

بۆچی بەبێ لێزانین و بە توانـایی خۆمـان سـەرقاڵئەکرد بـە کارێکـەوە؟ تەفسیری من سـادە بـو، کەسـێك ئـەبێت ڕۆژنامـەی شـەقامی بـەر لەئێمە دەستپێبکات، زۆرێـك لـە ڕۆژنامـەکان دژی بـێ ماڵوحاڵـەکان بـون، و بـێ ماڵوحاڵەکانیان تۆمـەتبار ئـەکرد بـە ڕەفتـاری ڕەق و بێـزراو و هەرچـەندە ئێمـە ئەنجامـدانی کارەکـەمان دوا ئەخـست هـەواڵ گـەلێکی خـراپتر بڵاوئەبویەوە کە ئەڵبەتە من ئامادەیی ئەمەم تیابو. من پارە و وزەم

هەبو و ئەگەر شتێکیشم نەزانیایـە، فێرئـەبوم. ئامـادە بـوم شـەو و ڕۆژ بەردەوام بم لە هەوڵدان و هەمو شتێکی پێویست و سـودمەند لـەو بـوارەدا ئنجامبدەم، تاوەکو ئەنجامێکی زۆر باش بەدەستبێنم.

هەندێك کات پێویستمان بە بەرنامەڕێژی ماوە درێژ و ورد هەیە. هەندێك شت ئەبێت بەهێزبکرێت و پەروەردەبکرێت. بەڵام هەندێك کاتیش پێویستە هەمو شتێك بخرێتـە کـورەوە و پلـەی گەرمیەکـەی بەرزبکەیتـەوە. ئێـوە ناتوانن چاوەڕوانی وادەی پـەیمان پێـدراو بـن. ئەمـەش یـەکێك بـو لـەو جارانە. من کەم کەم تێگەشتم کە ژیانی من بە شێوە گەلێکی زۆر، جۆرێك لە ئامادەیی بوە بۆ ئەم ساتە. هەمو گرێکانی ژیانم بەیەکەوە گرێدرابو بـۆ ئـەوەی کـاری گۆڤـاری پـەیامی مـەزن دەسـتپێبکەم. هـەمو هەڵـەکان، کەتنەکان و کێشمەکێشەکان، سواڵکردن لەسەرەتادا بۆ جگەرەکانی دایکم



Scanned with CamScanner

و دواتر بۆ خۆم، بەمانای ئەو شتەیە کەئێستا هەم. هەمو ئەو شەوە درێژانەی کە لە چاپخانەدا کارمئەکرد و تواناگەلێکم بەدەستهێنا، واتە ئەوەی کە من لەکاری گۆڤاری شەقامی نە ئەترسام. من دیزاینی گۆڤارم بۆ خۆم و داخوازیکاران دائەنا. کتێب و گۆڤارم پیتچنی و چاپئەکرد و ئەمفرۆشتن بە گەلەری و کتێبخانەکانی سەرتاسەری ئینگلتەرا. گۆڤارەکانم نارد بۆ ولآتانی تر. ئەمزانی کە چۆن بودجەی بۆ دابینبکەم و بە زمانی بازاڕی قسە بکەم. لە سەروکاریکردنی کاروکاسپی گەلێکی بچوک کە پێویست بو بۆ تێپەڕاندنی ژیانم وانە گەلێك فێربوبوم. وە لەهەموان زیاتر لەگەڵ سوالکەر و شکست خواردوەکاندا ئاشنا بوم. من لەناو ئەواندا ژیابوم و کارمکردبو. لەبەرئەمە بۆچی چەندین مانگ سەرگەردان بم، قەڵەم دا بدەم، یادداشت بکەم و دەربارەی کارێك کە بڕیارە ئەنجامی بدەم پرس و ڕاوێژبکەم؟ ئەبێت ڕابێم لەگەڵیدا. ئەبێت خێرا بم و کات بەفیڕۆ نەدەم.

هەروەها خۆشبەخت بوم کە دکتۆر فیل یارمەتیدام تا ئەم گۆڤارە بلآوبکەمەوە. سالآنێك لەمەوبەر بەرلەوەی کە پەیوەندیمان ئەوەندە توندوتۆڵ بێت، دکتۆر فیلم بینیبو و دیاربو کە ئەو لە جۆری کەسانی((کار ڕاپەڕێن))ە. ئەم نوسەر و گیتار ژەنە لە بیست ساڵی کۆتایی ژیانیدا ، بەشێوەیەکی باوەڕنەکراو لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکیدا کارامە بو و ئەیزانی کە ئەتوانێت یارمەتی خەڵکی بدات و خەڵکی بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەمو ئەمانە کارسازن. ئەو بەجۆرێك لە جۆرەکان لێهاتوییەکی پیشەیی هەبو، شتێك کە هەستم ئەکرد نیمە، هەستکردنێکی گەورە بە خۆشحاڵی. لەهەمانکاتدا بڕوام وابو کە تا تەنورەکە گەرمە ئەبێت نانەکەی



Scanned with CamScanner

لێبدرێت. ئەو منی شاد ڕائەگرت و هەرجارێك كە سارد ببومایەتەوە دڵگەرمی ئەكردمەوە.

بارودۆخ شلۆق و تێكەڵوپێكەڵ بو. ئانیتا زیاتر كارە تەلەفزیۆنیەكانی ڕائەپەڕاند و منیش كارە ڕادیۆییەكان، كە ئەمزانی تیایاندا لێهاتوم. بەڵام ئەنجامەكانیان هێندە سادە نەبو.

تەنیا یەك مشت كڕیار لەو ڕۆژەدا كۆ بونەوە، تەنیا چەند زمان درێژ كە تەنیا ئەیانویست بە بڵاوكراوەكان بڵێن كە چەند زانیاریمان كەمە دەربارەی بێ ماڵوحاڵەكان. ڕۆژی دوەم دو دانە لە ئۆتۆمبێلەكانی گواستنەوە خراپ بون. ئەگەرچی ژمارەی كڕیارەكان زیاد نەبو، ڕوبەڕوی كێشەی جۆراوجۆر بوینەوە. بەڵام ئەگەر بارودۆخ بە نەگونجاو ئەهاتە بەرچاو، كاتێك كە ڕێگە كرایەوە هەمو ترسەكانم لە داهێنانی كارێكی تەواو تازە ڕەویەوە. ئەمزانی كە كارێكی ڕاستم ئەنجامداوە. ئەم باوەڕ بەخۆبونە، كاركردنی چەندین كاتژمێر و بەرگەگرتنی تۆمەتەكانی كەسە بێ ماڵوحاڵەكان و گومانی كەسانێك كە بۆ بێ ماڵوحاڵەكان ئیشی ئەكرد ئاسانتر كرد، كەسانێك كە كەوتبونە سەر ئەوبڕوایەی من وەك دەڵاڵی ئۆتۆمبێلە دەستەدوەكانم. ئەم ئارامگریەم چاوەڕوانی بۆ بیستنی یەك وشە و لەناو كەسە بێ ماڵوحاڵەكاندا مانەوەی ئاسانتر ئەكرد، ئەمەی كە ئەتتوانی پارەی پێویست لە فرۆشتنی گۆڤارەكە بەدەست بێنی، و ئەمەش كە ئەتتوانی هەست بە لەخۆبایی بون بكەی چونكە خەڵكی لەگەڵتدا هاودڵ ئەبون، و ئەمەش ڕوبەڕوبونەوەی هەمو كێشەكانی ئاسان ئەكرد، لە كاتی بەستەكردنەوە تا بەڕێكەوتنی ئۆتۆمبێلەكان و گومانەكانی



Scanned with CamScanner

خـەڵکی. ئـەمزانی کـە مـافم هەیـە دەورەکـە بگێـڕم و دواتـر کێشەکان چارەسـەربکەم و گۆڕانکـاری بـە درێـژایی کـات دروسـتکەم و ئـەمزانی کە کاتەکەی گونجاو بو، ئەمەی کە ئەبێت سود لە هەلەکان وەربگرم. ئێمە ب ڕێژەی پێویست خێرا و ئازا بوین.

بـە تەماشـاکردنی ڕابـردو، وادێتـە بەرچـاو کـە خـستنەگەڕی گۆڤاری پـەیامی مـەزن جوڵەیـەکی دروسـتکردوە. بـەجۆرێك پەیوەست بـو بـ تێپەڕینی کاتەوە. ئێستا ئەم گۆڤارە لە هەمو کیشوەرەکانی دنیـادا چاپ و بڵاوئەکرێتـەوە و ئومێـدی بـە بزوتنـەوەی نێونەتـەوەیی بەخـشیوە و گەورەترین کاری ڕاستەوخۆی سەدان کەسی بـێ ماڵوحاڵـە و بـەردەوام لـ هێـز پەیداکردندایـە. سـەرمایە خـستنەگەر بـۆی دەسـتپێکردوە و چەند شێوەیەکی تازە بۆ دەرکردنی خراوەتە ڕو و هەر ئەمە یارمەتی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئەدات کە یارمەتی خۆیان بدەن. ئەگەر سودم لەو هەلەی ئەو ڕۆژە وەرنەگرتایە و ئـەو سـاتەم ڕاو نەکردایـە، هـیچ یـەکێك لـەم ڕوداوانە ڕویان نەدابو.



Scanned with CamScanner

*لەبەرئەمە چۆن کات بە هەل ئەزانن؟ چۆن ئەزانن کە ئایا ئەبێت ئەو ساتە بقۆزنەوە یان نا؟ چۆن ئەزانن کە ئایا ئەبێت سود لەو هەلە وەربگرن یان نا؟ تێگەشتن لەوەی کە ئەبێت بەدوای شتێکدا بڕۆن یان نا هەمیشە ئاسان نیە. بەلآم لێرەدا خالآنێک خراونەتە ڕو کە ئەتوانن بیریان لێبکەنەوە.

*چاوەڕوان مەبن کە وادەی بڕیاردراو بێتە پێشەوە. چونکە ساتێکی ئاوەها بونێکی دەرەکی نیە، لەبەرئەمە دەستپێبکەن و ئەنجامی بدەن. کات دابینبکەن بۆ بیستنی قسەی کەسانێك کە باوەڕیان بە خۆتان و بیرۆکەکانتان هەیە. لەوانەیە ئەوان شتانێك ببینن کە ئێوە نەتوانن بیانبینن.

*ئامادەی ئەنجامدانی ترسناکی بن(بەبێ ئەوەی کە ئازایەتیتان لەدەست بدەن. )ئەنجامدانی هەر بڕیارێك ترسناکیەکی لەگەڵدایە، چ بتانەوێت کارێك بۆخۆتان ئەنجامبدەن، چ بتانەوێت دەست بکەن بە کارێکی تازە یان تەنانەت پەیوەندیەکی تازە ببەستن. لەوانەیە دەست لەسەر دەست دانان بێ زیانتر بێت بەلآم تەنیا هیچتان دەستگیر ئەبێت. خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەرکەوتن و کەمکردنەوەی ترسناکی تا ئەو جێیەی کە ئەتوانن.

*ئامادە بن بۆ کاتێك کە هەلێك دێتە پێشەوە با بە باشی سودی لێوەربگرن. مەبەستم ئەوە نیە کە هەمو بەشە بچوکەکان لەبەرچاوبگرن، بەڵکو مەبەستم بەشە گەورە و بەنرخەکانە. لەخۆتان بپرسن کە ئایا ئامادەییتان تیایە بۆ قۆستنەوەی هەل یان نا. دڵنیا بنەوە لەوەی کە بزانن دەربارەی چی قسە ئەکەن. خێرا بن. ئەرکەکانتان ئەنجامبدەن. ئەگەر بە ئامادەیی تەواوە بچنە پێشەوە ئەوە هەلەکەتان قۆستوەتەوە و ئەگەری سەرکەوتنتان زۆرە.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەشی حەوتەم

# لە هەڵەکردن مەترسن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

باشە، هەمو کەسێك هەڵە ئەکات. ئەمە ڕاستیەکە، لەبەرئەوەی کە هیچ کەسێك کامڵ نیە و ژیانیش بێ کەموکوڕی نیە. کێشەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئەڵێن هەڵەکان گرنگن، بەلاّم لەناخی دڵیاندا باوەڕیان بەم بانگەشە نیە. لەوانەیە هەمو کەسێك لە ڕابردودا هەڵەی کردبێت – ڕابردوەکان تێپەڕین– بەلاّم هیچ کەسێك نایەوێت ئەمە قبوڵبکات کە ئێستا هەڵەئەکات.

ئەگەر لە ڕاددە بەدەر لە هەڵەکردن بترسن ئەوا دو ڕوداو ڕوئەدەن. یەکەم ئەوەی کە لەوانیە ئەو هەلانەتان لەکیس بچن کە پێویستن بۆ گۆڕان، دوەم ئەوەی کە لەوانەیە هەوڵبدەن هەڵەکانتان بشارنەوە. تەماشاکەن کە سیاسەتمەدار و کەسە ئاساییەکان چەند جار ئەمە ئەکەن لە ژیانیاندا و ئەم شاردنەوەش بەزۆری لە هەڵەکەی پێشو خراپترە. پێویستە هەڵەکانتان دەربکەون و دواتر وەك وانەیەك دەربکەون بۆ ئەوەی کە سودیان لێوەربگرن. بەلاّم ئێوە ئەبێت هەڵەکانتان قبوڵبکەن تا بتوانن



Scanned with CamScanner

سودیان لێوەربگرن. ئەگەر سود لە هەڵەکانتان وەرنەگرن، بەردەوام توشی هەڵەی لەو جۆرە ئەبنەوە. لەبەرئەمە ئەگەر ئەتانەوێت ژیانتان بگۆڕن ئەوا سود لە هەڵەکانتان وەربگرن بۆ ناسین و پەیبردن بە خۆتان و دونیای دەوروبەرتان و بە چاو و دیدێکی ترەوە لێیان بڕوانن.

## گرنگی هەڵەکان

ئێستا گونجاوە بۆ ئەوەی کە دەربارەی هەڵەکان قسە بکەین. ئەمە ڕاستیە و گرنگە. من بە ڕێژەی پێویست لە ژیانمدا هەڵەم کردوە و بۆمدەرکەوتوە کە هەڵەکردن واتە فێربون، پێشکەوتن و گەورە بون. من بڕوام وایە بەبێ ئەو چاڵ و هەڵانەی ژیانم نەمئەتوانی ئەم کتێبە بنوسم. یەکەمین جارم دێتەوە یاد کە دەربارەی گرنگی هەڵە قسەمکرد. ئەوکاتەی کە تازە گۆڤاری پەیامی مەزنم دەرکردبو، لە کۆبونەوەیەکی قەرەباڵغی پڕ لەو کەسانەی کە ئیشیان بۆ یارمەتیدانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئەکرد دانیشتبوم. ئەوان لە چاو مندا زۆر زۆر بون، من لە ئەندامانی یارمەتیدەرانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان نەبوم، بەڵکو پێشنیارم ئەکرد کە کارێکی زۆر بونیادی ئەنجامبدرێت: ئەمویست مانای بەدەستهێنانی سەرمایە لەلایەن خۆیانەوە ڕونکەمەوە بۆ کەسە بێ ماڵوحاڵەکان، نەك ئەو پارەیەی کە لە بودجەی ڕێکخراوی پارێزگاری کۆمەڵایەتی، یان لە ڕێگەی سواڵکردنەوە بەدەست دێت، بەڵکو ئەو پارەیەی کە بە هەوڵی خۆیان بەدەست دێت.



Scanned with CamScanner

یەکێك لە ئامادەبوان قسەی بۆ هەموان کرد و کاتی ڕونکردنەوەی ڕای هەموان لەبارەیەوە وتی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان ئازاردراو، موحتاج و بێ ئیرادەن، کەسانێکن کە سودی خراپ لە خۆیان وەرئەگرن و نا بەرپرسیارانە ڕەفتار ئەکەن و بە منی وت کە تۆ هەڵەتکرد کە گۆڤاری پەیامی مەزنت خستەکار لەبەرئەوەی کە ناتوانرێت بڕوا بە کەسە بێ ماڵوحاڵەکان بکرێت.

ئەو بەردەوام بو ئەگەر کەسانێك کە بۆ یارمەتیدانی کەسە بێ ماڵوحاڵەکان کارئەکەن ئەم لێپرسراوێتیەی تۆیان لە ئەستۆ بگرتایە زۆر باشتر بو، لەبەرئەوەی ئەوان کەسانێکی گونجاوتر بون و ئەیانتوانی بڕیار بدەن و هیچ هەڵەیەك ئەنجام نەدەن. کەسێك کە نەیئەهێشت کەسە بێ ماڵوحاڵەکان توشی هەڵە ببن. کاتێك کە ئەو قسەی ئەکرد من کەوتم بیری ئەو کەسانەی کە خویان وابو بڵێن کە ناتوانرێت بڕوا بە چینی کرێکار یان ژنە خاوەن ڕایەکان بکرێت چونکە لەوانەیە ئەوان ڕایەکی((هەڵە))بدەن. ئەم هەڵهێنجنانەش هەر لەوجۆرەیە و منی برینداركرد. وتم: (کێشەی ئێوە ئەوەیە کە لەوە ئەترسن کەسە بێ ملو حاڵەکان هەڵە بکەن، ناتانەوێت ئەوان بڕیار بدەن چونکە بڕواتان بەوە نیە کە لەوانەیە بڕیارێکی ڕاست بدەن و لەبەرئەوەی کە بڕواتان پێیان نیە ئەوانیش هیچ گەورە نابن و هەرگیز فێرنابن کە لە ژیاندا پێشبکەون. ئەگەر ئەوان توانای بڕیاردانی ژیانیان نەبێت، دیلی مێشکی خۆیان ئەبن و لە گەرماخانەکان و شەقامەکاندا ئەژین. بەدەر لەمە ئێمە ئەبێت یارمەتیان بدەین کە گەشە بکەن. ئەبێت لێپرسراوێتیان بدەینە دەست. بەدەر لەمە هەمیشە چاویان



Scanned with CamScanner

له خەڵکی و کۆمەڵگەیە. ئەوان پێویستیان بە ئازادی بڕیاردان هەیە تا گەورە ببن و فێرببن کە باشتر بژین. )

## هەڵەکان ئەبنە هۆی ئەوەی کە خۆتان باشتر بناسن

ئەگەر بتوانن ئەزمون لە هەڵەکانتان وەربگرن، ئەوا گرنگ ئەبن. یەکێك لە گەورەترین و گاڵتەئامێزترین هەڵەکانی سەردەمی گەورەییم ئەوکاتە ڕویدا کە قبوڵمکرد لە زەمینەی خزمەتگوزاری شاردا خزمەتی خەڵکی بکەم. پیاوێك دایمەزراندم بەناوی تۆنی و پەیماننامەیەکی لەگەڵمدا بەست دەربارەی کارێك کە لەتوانای ئەودا نەبو. ئەو هەمیشە چاوەڕوانی کەسانێکی دیار، میهرەبان و وشیاری ئەکرد تا یارمەتیبدەن لە ڕێکخستنی خولەکاندا. لەبەرئەمە کاتێك کە منی ناسی لەڕێگەی هاوڕێ هاوبەشەکانمانەوە لێی پرسیم کە ئایا حەزئەکەم لەو بوارەدا ئیشبکەم؟

وەڵامدانەوە بە ئەرێ هەڵەیەکی گەورە بو. لە قوڵایی دڵمەوە ئەمزانی کە بەڕاستی گونجاو نیم بۆ ئەو کارە. گرفتی زۆر لە توانای لەبەرکردنمدا هەبو، ئەڵبەتە بە سەرنجدان لە خوێندنە شپلاخەکەی سەردەمی منداڵیم. بۆ نمونە بە باشی ئەمزانی کە لە لەبەرکردنی زانیاریدا لاوازم، لەگەڵ ئەمەشدا کارێکم قبوڵکرد کە پێویستی بە لەبەرکردنی زانیاری زۆر و زەبەندە ئەکرد.

هێشتا بە جۆرێك لە ترسەوە لەو ڕۆژانە ئەڕوانم. پارەکەی باش بو و کەسانێك کە فێرم ئەکردن کەسانێکی بە ئەدەب بون. بەڵام کاتێك کە بۆیان دەرکەوت بێ توانام وەك گەلحۆکان لێیان ئەڕوانیم.



Scanned with CamScanner

دەستمکرد بە بەڕێوبردنی چەند خولێکی تر بەڵام زۆر سەرکەوتو نەبون. هەربەوەندەی کە خەڵکی بۆیان دەرکەوت کە من نەزانم باوەڕبەخۆبونم گەیشتە پلەی بەستن و تەنانەت نەزان تریش بوم. ئەوەندە خراپ بوم کە تەنانەت بەبێ هەڵگرتنی جانتا نەمئەتوانی کاغەز لە ڕێڕەوەکەوە ببەم و دواتر تاقیکردنەوەی کۆتایی هاتە پێشەوە: کە تیایدا بە سەختی شکستم هێنا و تەنانەت نەمئەتوانی ئەو پرسیارانەش وەڵام بدەمەوە کە لێمئەکرا. گاڵتە لەسەر گاڵتە کۆ ئەبونەوە. من کەسێکی هەڵەکار بوم کە هیچ سودێکم بۆ ئاژەڵەکانیش نەبو چ بگات بە مرۆڤدا.

لە کۆتایی خولەکەدا تەنانەت تۆنیش ناچار بو لەکاتی قسەکردندا دەربارەی تواناکانم هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشێت و بەداخەوە کە ئامادەبوان ئەبوایە فۆرمی هەڵسەنگاندنی فێرکاری خولەکەیان پڕ بکردایەتەوە و پێویستیش ناکات بڵێم کە بە نمرەی سورەوە لەوێ دەرکرام. تازە هەندێك کەسیش پیاوەتیان کرد و نمرەی زیاتریان پێدام. هەرچی بێ من حۆل بوم، بەڵام تەنیا کاتێك کە تۆنی دەستی خستە ناو کارەکەمەوە هەستمپێکرد.

ئەگەرچی ئەو ساڵە ساڵێکی گاڵتەئامێز بو بەڵام وانەگەلێکی لێوە فێربوم: ئەوەی کە هەرگیز کارێك نەکەن کە شایستەی نەبن، یان لە کەسێکی ترتان بوێت ئەنجامی بدات، ناتوانن بۆ هەموان هەمو کارێك ئەنجام بدەن و ئەبێ تواناکانتان تاقیبکەنەوە.

چۆن لە دوبارە بونەوەی هەڵەیەك دورئەکەونەوە؟ چۆن دڵنیا ئەبنەوە کە خاڵی بەهێزیتان دۆزیوەتەوە؟ چۆن بۆتان دەرئەکەوێت کە لە



Scanned with CamScanner

هەڵەکانتانەوە وانە فێربون؟ لەگەڵ خۆتاندا ڕوڕاست بن و کاتی پێویست دابین بکەن بۆ دۆزینەوەی توانا و خاڵە بەهێزەکانتان.

## خاڵی بەهێزتان بدۆزنەوە

بە مەبەستی ناسینی تواناکانتان. بزانن خەڵکی چی ئەڵێن. باوەڕ بە زانیاریەکانی خۆتان مەکەن. جارێک کچەکم پێی وتم کە چۆن سڵاو و ئەحواڵ پرسیەك کە لەگەڵ کارمەندەکانیدا ئەیکەم ئەم هەستەیان تیادا دروست ئەکات کە ئەوان بەشێکن لەو کۆمپانیایەی کە ئەو بەڕێوەی ئەبات. من پێم سەیر بو، من هەمیشە وا بیرمئەکردەوە کە سڵاو و ئەحواڵ پرسی یەکێك لە خاڵە لاوازەکانمە. بەلام زۆرینەی خەڵکی نازانن لە چ زەمینەیەکدا بەتوانان. ئەوان هەرگیز بەدواداچونیان بۆ خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان نەکردوە.

ناتوانم ژمارەی ئەو جارانە بژمێرم کە کاتێك کەسانێکم ناسیوە کە شتێکی لەم بابەتەیان وتوە: (تۆ بەڕاستی لەگەڵ خەڵکیدا باشی.) یان: (هەمیشە لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەدا باش ڕوبەڕو ئەبیتەوە.) وە ئەزانم کە ئەمە ڕاست نیە. دوێنێ کاتێك کە وەستابوم بۆ وەرگرتنی هەمبەرگر بیرم لەمە ئەکردەوە. ئەوێ پڕ بو لە کرێکار و خزمەتکار. ژنێك کە کاری ئامادەکردنی ساسەکە بو بە ئەوانی تری ئەوت کە چی بکەن: ساڵۆنەکە پاکبکەنەوە، تابلۆکە بخەنە بەردەم دەرگاکە، مێزەکە بە دەسڕ پاکبکەنەوە و شتی تر، بارودۆخی، تەنانەنەت ڕەنگی ڕوخساری پێی



Scanned with CamScanner

ئەوزانیت کە ئەو گونجاو نیە بۆ ئەو کارە. ئەو هەمیشە تورەبو. دوای ئەوەی کە پانزە خولەك چاوەڕێی ساسەکە بوم پێم وت کە داواکاریەکەی من چی بو؟ ڕوخساری سورتر بویەوە و لە ژێر لێوەوە شتێکی وت. لەو کاتەدا من هۆکاری هەمو کێشەکانی بوم. دڵم بۆ ئەو ژنە سوتا. ئەو ئیشە هەرگیز بە باڵای ئەو ژنەدا نەبڕابو. بەڵام کێشکە ئەوەبو کە ئەم ژنە بە گشتی لەمە بێ ئاگا بو و ئەگەریش ئەیزانی هەرگیز نەیئەویست لە هەڵەکەی وانە وەربگرێت.

ئەبێت بەدواداچون بکەن تا بزانن زانیاریەکانتان لەگەڵ واقیعدا هەماهەنگن یان نا. دەربارەی خۆم ئەتوانم بڵێم کە لە چی زەمینەیەکدا چالاکم: من لە زەمینەی چاپ، دیزاین و نوسین دا زانیاریم هەیە، قسەم ئەچێتە دڵەوە و کاتێك کە قسە ئەکەم خەڵکی ئەتوانن گوێیان لە قسەکانم بێت، لەبەرئەمە خستنە گەڕی گۆڤار و گەیاندنی قسەکانم بە گوێی خەڵکی و قسەکردن دەربارەی بێ ماڵوحاڵەکان کارێکی گونجاو بو بۆ من. نەك کارێك کە پەیوەندی بە خزمەتگوزاری شارەوە هەبێت.

## هەڵەکانتان دوبارە مەکەنەوە

ئایا ئێوە یەکێکن لەو کەسانەی کە کارێکی باش، ژیانێکی جێگیر، و ماڵێکی ئاسودەتان هەیە؟ یان کەسێك کە جارلەدوای جار هەڵە دوبارە ئەکەنەوە؟ لەوانەیە هۆکاری ئەمە ئەوە بێت کە هێشتا بەردەوامن لەسەر کڕینی جلوبەرگی نەگونجاو یان هەڵبژاردنی هەمان جۆر هاوسەری باوەڕ



Scanned with CamScanner

پێنەکراو یان ڕۆشتن بۆ هەمان پشوە نائومێدکارەکان. سەیرە کە جار لەدوای جار ئەو هەڵانە دوبارە بکەنەوە بێنەوەی هیچ شتێکی لێ بگۆڕن. من هاوڕێیەکم هەیە کە هەمیشە بەدوای ئەو جۆرە کەسانەدا ئەگەڕێت. ماوەیەکی زۆر بە سەر ئاشناییاندا تێناپەڕێت کە لەیەک جیائەبنەوە. هەستێکی ناخۆشی لا دروست ئەبێت بەڵام وەك بڵێی کە هەرگیز کارێك ناکات بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە. ئێوە هەرگیز بەبێ هەڵەکردن ناگەن بە هیچ شوێنێك. بەڵام بەبێ دەرس وەرگرتن لە هەڵەکانیشتان بە هیچ شوێنێك ناگەن. لەبەرئەمە بە وردی سەرنجی هەڵەکانتان بدەن هەرچەندە سەختە، بەڵام وانەیان لێوە وەربگرن و دواتر بەشێوەیەك لەبیرتاندا هەڵیانگرن کە هەرگیز دوبارەیان نەکەنەوە.

## لەکاتی خۆیدا هەست بە هەڵەکانتان بکەن

گەرچی باوەڕم وایە کە هەمیشە ئەتوانرێت بابەتێکی بەسود و کەڵك لە هەڵەکانتان وەربگرن، مەبەستم لەوە نیە کە ئەبێت هەوڵبدەن کە زیاتر توشی هەڵە ببن. هەندێك جار هەڵەکان زۆر ئازاربەخش و فەوتێنەرن و ئەڵبەتە ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمان ئەدەین کە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا پێشگیری لێبکەین. بەڵام ئەگەر هەڵەتانکرد بەخێرایی قبوڵی بکەن و هەوڵبدەن تا بچوکە هەستی پێبکەن. هەرچەندە ماوەیەکی زۆرتر ئەو هەڵەیە واز لێبێنن گەورەتر و خراپتر ئەبێت. ڕێك وەك ددانێك کە گەنیوە و چارەیەکی تر نیە بێجگە لە هەڵکەندنی.



Scanned with CamScanner

بەم تازەییانە دەربارەی گۆڤارەکەم توشی هەڵەیەکی کوشندە بومەوە. من باوەڕم بە زانیاریەکانی خۆم کردبو. باوەڕمکردبو کە من هەروەك ئەوەی ئەیلێن گەورە و بەهێزم. لەبەرئەمە ئەمئەزانی کە بازاڕ لە حاڵی ناچون و فرۆشمان لە دابەزیندایە. بەتایبەتی لەدوای ڕوداوەکەی یانزەی سێپتەمبەر و تەقاندنەوەی دو بورجەکەی نیۆرك، خەڵکی نەیانئەویست بە سەرنجدانەوە بە شەقامەکاندا بڕۆن یان ئەگەریش وا بوایە، نەیانئەویست کە لە فرۆشگاکانمان گۆڤار بکڕن. ئەندازەی چاوەڕاوەکان (ڕیکلام)کەمبویەوە لەبەرئەوەی کە پشت ئەستوری بە ئیشوکار نەما و ئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر سەرمایەی گەڕاوەی ئێمە هەبو.

من ئەوەندە سەرقاڵی فراوانکردنی جیهانیی گۆڤارەکە بوم کە سەرنجم لە هیچ خاڵێکی تر نەبو. ئەم هەڵەیە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بو کە لەناکاو خۆم لەنیوەی ڕێدا بینیەوە. شکست لەدورەوە خۆی ئەنواند. دیوارێکی بەردین بەخێرایی نزیك ئەبویەوە. ئێمە تەنیا دە ساڵ ئیشمان کردبو بەڵام ئامادەیی بەردەوامی بۆ دە ساڵی ترمان نەبو. مەگەر ئەوەی کە بەبێ درەنگ بیرمان لە چارەیەك بکردایەتەوە.

ئەبوایە بودجەکەمان بگۆڕیایە و زیانی ماددیمان کەمکردایەتەوە. ئەگەر پارەمان بۆ کاری گەورە نەبو ناچاربوین کە کارەکەمان بچوکتر بکردایەتەوە. ئەبوایە بە خێرایی ئەمەمان ئەنجامبدایە. لەبەرئەمە ئەبوایە دامێنی کارەکەمان سنوردارتر کردایە و بەئامانجی خۆشمان گەشتین. کۆمپانیاکەمان لە بەهێزترین و گەورەترین پرۆژەی کارەوە لە ئینگلتەرادا



Scanned with CamScanner

گۆڕا بە ڕێکخراوێکی زۆر بچوك. ئەمە تەنیا ڕێگەی بەردەوامی کاری بازرگانی بو.

گۆڕان بە ڕابەڕێك کە پێگەکەی لەدەستدابو زۆر دژوار بو. وا هەستم ئەکرد کە لەبەرامبەر زۆرێك لە خەڵکیدا سوکایەتیم پێکراوە، تەنانەت کەسانێکیش کە وامئەزانی هاوڕێمن. ئەوانیش وایان هەستئەکرد کە من بەڕێوبەرێکی هیچ و پوچ و ناشایستەم و بلاوکراوەکەش حاڵێکی باشی نەبو.

خۆشبەختانە هەڵەکان کۆتایی کار نەبون و من هەلێکی ترم بەدەستهێنا کە گۆڤارەکە توشی شکست نەبویەوە. ئێمە دوبارە گەڕاینەوە لوتکە و لە گەورە بون و بارودۆخی فراوانبونی ئیش و کاری کۆمەڵایەتی تازەدا بوین. بەڵام ئەم هەڵانەمان نەشاردەوە، بەوردی بەدواداچونمان بۆکردن تا بتوانین ببینین چۆن کارەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر و باشتر ئەنجامبدەین. ئێمە دەربارەی گرنگی هەڵسوکەوتکردنی باش لەگەڵ خەڵکی و بە نزمی هێشتنەوەی تێچونەکان و بەدەستهێنانی زانیاری لە هەمو ڕویەکەوە شارەزا بوین، لەئەنجامیشدا دەربارەی باش ئاگاداربون لە هێلانەکەشمان وانەی گرنگ فێربوین.

بەڵام گرنگترین وانەیەك کە تا ئێستا فێربوم و لەبیرمدا جێگیرم کردوە ئەمەیە کە ئەگەر بەزویی بەتەنگ هەڵەکانەوە بومایە و بەدواداچونم بۆ زانیاریەکان بکردایە، لەکارەکەماندا تا ڕادەی گەشتن بە مەرگ شکستمان نەئەهێنا. تەنانەت ئەمڕۆش هێشتا ئەبیستم کە چۆن خەڵکی باس لە نابودبونی گۆڤاری پەیامی مەزن ئەکەن، تەنانەت سەرەڕای ئەم ڕاستیەش



Scanned with CamScanner

کە من چاکسازیم تیادا ئەنجامداوە. هەڵەکەی من زۆر بە قورسی شکایەوە بەسەرماندا و هێشتا باجی ئەو شکستە ئەدەین لەبەرئەوەی کە هەندێك لە پارێزگارەکانمان لە دەستدا، کەسانێك کە لەوانەیە هەرگیز نەگەڕێنەوە بۆ ئەم گروپە.

تا کاتێك کە هەڵەکان بچوکن بیاندۆزنەوە، مۆڵەت مەدەن کە گەورە بن. پەندێکی کۆن ئەڵێت: (خۆ پاراستن لە چارەسەرکردن چاکترە.) چ پەندێکی حەکیمانە و قابیلی دەرك. هەوڵمەدەن کە بچنە ژێرباری هەڵەوە بەم مانایەی کە سنوری هەڵەکانتان دیاریبکەن تا ئەو جێیەی کە ئەتوانن لە هەڵە بچوکەکان وانە فێرببن، بەجۆرێك کە ناچار نەبن توشی هەڵەی گەورە ببن.

## هەڵەی پەیوەست بە کارەوە

تا کاتێك کە هەڵەکان بچوکن دیاریکردن و بەدواداچونیان زۆر ئاسانە، ئەڵبەتە ئەگەر قبوڵیان بکەین و ڕێگربین لە دروستبونی هەستی خراپی خەڵکی دەربارەیان، لەبەرئەوەی بەدەر لەم حاڵەتە زیانبەخش ئەبن. ئەمە کێشەی گەورەی شوێنی کارە. زۆربەی کات ناتوانن هەڵەکانتان بشارنەوە وئەترسن تەمەنێك دەست بۆ ڕاکێشراو بن. بەڵام ئەم تێڕوانینە ئەبێتە هۆی شکست خواردنتان. پێویستی ئیش و کار دەرککردنی (گرنگی هەڵەکان)ە. ئەزانم کە کۆمپانیا گەلێك کە گەشتونەتە لوتکە ئەوانەن کە بەشێوەیەکی جیددی ئەگەڕێن بۆ مانای هەڵە و لێیانەوە وانە فێر ئەبن.



Scanned with CamScanner

ئێمە ئەبێت ئەم کلتورە بگۆڕین و بەئاسانی دانی پیابنێین تا زوتر هەڵ و ناتەواویەکان کەشف بکەین و ڕادەی زیانەکان سنوردارکەین.

ڕونـە، هەڵـەکان زۆرن و قبـوڵکردنی هەنـدێکیان لـە هەنـدێکی تریان دژوارترە. بۆ نمونە ئەگەر سیاسەتمەداران دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بکڕن و بفرۆشن یان گیرفانیان لە بـەیتولمال پڕبکـەن، ئـەم کارەیان لەو جۆرە هەڵانەیـە کـە ناکرێـت بەسـەریاندا بازبـدرێت. بـەڵام زۆرینـەی کات هەڵ بەشـەکیەکانی سیاسـیەکان ئەشـاررێتەوە و دواتـر بۆگـەنی کارەکە دەرئەکەوێت. ئەمەش جۆرێکە لە هەدەردانی کات بە گەمژەییانە.

هەروەك تۆنی، مامۆستای خزمـەتگوزاری شارەوانی ئـەیوت: (هەمیشە دوای هەڵەکردن باشتر ئەتوانین بیانبینین. )بە دەبڕینێکی تـر وا باشە کە تێپەڕن بەسەر هەڵـەکانی سـەردەمی منـداڵی و گەنجیتانـدا. باشـە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەموویان قبوڵبکـەین و لـە کـاتی ئێستاشدا توشی هەڵە ئەبینەوە. لەبەر ئەمە ئەمە دانپیانانی من:

چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە زانکۆ دەربارەی ڕابەری قسەم کرد. ئـەوان نمونەیەك لـە وتارەکـەمیان بـۆ ناردمـەوە. مـن نەمئـەتوانی دەرکی کەم. هـەموی قسەی پڕوپـوچ بـو بـەڵام مـن بەهەڵـە قسە دڵخوازەکانیـانم بۆ نەکردن. ڕێك ئەوەبو کە بڵێم: (سەیرکەن، ئەگەر قسەی پڕوپوچتان ئەوێت بڕۆن بۆلای کەسێکی تر. ) بەڵام من ئەمـەم نـەکرد. گـوێم لـە قـسەکانیان گرت، ئێستا هەر ئەوەتامـە تاڵـە ئەچێژم کـە سـاڵانێك لەمـەو پـێش لـەبن دانمدابو.

ئەمە ئەوە نیشان ئەدات کە تەنانەت سەگێکی پیری وەك منیش ئەتوانێت هەڵەکانی پێشوی دوبارە بکاتەوە، ئەو هەڵەیەی کە ئەو قسانەم کرد. لەبەرئەمە بەسەختی مەیگرن و لە هەڵەکردن مەترسن. ئەگەر هەڵەکانتان قبوڵبکەن هەورە تریشقە لێتان نادات. تەنیا لەبیرتان بێت کە جاری داهاتو چاوەڕوانی زیاترتان لە خۆتان هەبێت.



Scanned with CamScanner

*هەڵـەكان بەشـێوەیەك كـە وانـەیان لێـوە فێـرببن، بـەهێزترو سەركەوتوترتان ئەكەن.

*شەڕە قۆچ لەگەڵ هەڵـەكانی خۆتـان و خەڵكیـدا مەكـەن مەگـەر وانەیان لێوەفێربن. كاتێـك كـە هەڵەیـەك ئەكـەن، هەرچـەندە خراپ بێت، ڕونی كەنەوە و قبوڵی بكەن، بەسەریدا تێپەڕن و بەردەوامبن.

*ئەگەر هەڵەیەكتانكرد، هێمن بن و ڕونكردنەوە و شیكردنەوەی بۆ بكەن. بەوردی ڕەخنەی لێبگرن. بەشێوەیەك كـە وا بـزانن ڕەخنـە لە هەڵەی كەسێكی تر ئەگرن. بزانن چی وانەیەكی لێوەفێر ئەبن.

*قبوڵی بكەن كە ناتوانن لەهەمو بوارێكدا بـاش و سـەركەوتو بن و ئەدای كەسێكی تر دەربێـنن كـە وەك ئـەو نـین. خۆتـان ئەوەنـدە بە مرۆڤی باڵا مەزانن چونكە زەمینە گەلێك هەن كە تیایاندا كارامـە نین. هـەمومان خـاڵی لاوازمـان هەیـە. تـەنیا وردبنـەوە لـە خـاڵی بـەهێز و تواناكانتان.

*ئەگەر بە هەڵە ئەركێكتان گرتە ئەستۆ وەك من كاتەكەتان بەفیڕۆ مەدەن. هەرچەندە زیاتر هەوڵبدەن لە ئەنجامدانی كارێكدا كـە تیایدا شارەزا نین، زیاتر باوەڕبەخۆبونتان لەدەسـت ئـەدەن و پەیـدا كردنی كارێكی ڕێك و گونجاو سەختتر ئەبێت.

*كاتێكی زۆر لە هەڵەكانتاندا نقوم مەبن. بەردەوامبن لە ژیان و ئەو كەسایەتیە بخولقێنن كە چاوەڕوانی ئەكەن وابن.



Scanned with CamScanner

## بەشی هەشتەم

# چیتر خۆتان بە قوربانی مەزانن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دنیا پڕە لە قوربانی. مەبەستم لە ملیۆنان کەس نیە کە ئازاریان کێشاوە بەدەست شەڕ و وێرانکاری و نادادپەروەری، بەڵکو مەبەستم ئەو کەسانەیە کە تەواوی تەمەنیان بەم بیرەوە تێپەڕاندوە کە ژیان ستەمکارە، دنیا لەگەڵیاندا بە نادادپەروەری ئەجولێتەوە و کەسێکی تر هۆکاری کێشەکانی ئەوانە. هەرچەندە لەوانەیە کە وا بیربکەنەوە ئەم جۆرە کەسانە زیاتر لە بەشە ناکامەکانی کۆمەڵگەن، ئێوە هەڵەن، ئەم کەسانە تەنیا و تەنیا کەسانێك نین کە لە چینی کەم دەست و هەژاری نێو کۆمەڵگەن، یان ئەو کەسانەی کە دیل کراون یان بەندی دەستی هەژاری و بێ ماڵوحاڵین، بەڵکو لە ڕاستیدا زۆرێك لەو کەسانەی کە وا بیرئەکەنەوە بونەتە قوربانی، لە خێزانانە سەرکەوتو و خۆشگوزەرانەکانن بەڵام ناتوانن خۆشبەختیەکەیان ببینن. ئەوانە لە ڕاستیدا پڕ بەپێستی وشەکە نەبونەتە قوربانی، بەڵکو وا ئەزانن کە قوربانین. لەوانەیە کە ئێوەش ئاوابن.



Scanned with CamScanner

ئایا تا ئێستا:

*هەستتان کردوە وەك بڵێی هەمو بارودۆخەکان دژی ئێوەن؟

*باوەڕتان کردوە کە ئەوە کەسانی ترن هۆی کێشەکانتانن؟

*کەسانی ترتان بە لێپرسراوی کێشەکانتان زانیوە؟

*بە کەسانی ترتان وتوە کە باوردۆخ بۆ ئێوە چەند دژوارە و لە هاودەردی و دڵسوزی ئەوان چێژتان وەرگرتبێت؟

ئەگەر هەریەکێك لەم هەستانەتان هەبوبێت ئەوا ئێوە کەسانێکن کە لە داوی بیرکردنەوە لەوەی کە قوربانین گیرتان خواردوە. ئەگەر ئەتانەوێت بۆ گۆڕانی ژیانتان هەنگاوێك هەڵبگرن ئەبێت دەست هەڵگرن لەم جۆرە بیرکردنەوانە. لەبەر ئەوەی کە خۆ بە قوربانی زانین ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر چاوەڕوانی گرتنی ماسی بن و کەچی دەستتان تەڕنەکەن. ئەبێت دەست لەم جۆرە بیرکردنەوانە هەڵگرن کە هەر ڕوداوێك کە ڕوئەدات لەهۆی هۆکارێکی دەرەکیەوەیە، کە ئێوە هیچ دەست و کاریگەریەکتان تیایدا نەبوە، و ناتوانن دەربارەی هیچ کارێك بکەن.

## قبوڵکردن

ئەڵبەتە، یەکەمین هەنگاو بەرەو ڕوی گۆڕانی بارودۆخ، قبوڵکردنی ئەم بابەتەیە کە خۆتان بە قوربانی ئەزانن. ئەم کارە بۆ زۆرێك لە خەڵکی دژوارە. بەم تازەییانە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا کە ساڵانێکە یەکتر ئەناسین یەکترمان بینی و پێکەوە بۆ نانی ئێوارە ڕۆشتینە دەرەوە. لە



Scanned with CamScanner

ئۆتۆمبێلەکەدا کەبەرەو ڕیستۆرانتەکە ئەڕۆشتین، دەستیکرد بە گلەیی و شکایەتکردن لە نەهامەتیەکانی، لەو بابەتانەی کە پەیوەست بو بە سەرمایەگوزاری خستنەگەڕی نەزانانەی بەدەستی خۆ نەبو (خۆی بە تاوانبار نەئەزانی). بەلأم کاتێك دەربارەی ئەمە بیرمکردەوە، بۆمدەرکەوت کە ئەمە کەسێکە هەمیشە دێوێکی لە سەرنەکەوتن و شکستی بە ڕاسەرەوەیە. ئەو هەمیشە گلەیی ئەکرد کە بارودۆخ بە خواستی دڵی ئەو نیە و بەڵکو دژیەتی – لەبەرئەمە لە جیاتی ئەوەی کە سەروەتێکی چەند سەد ملیۆنی هەبێت تەنیا دەستی بە دەمی خۆیدا ئەگات– و لە هەرجێیەکیشدا کە کاری ئەکرد خەڵکی ئەویان خۆشنەئەویست. تەنانەت ئێستاش کە ئیش بۆ خۆی ئەکات، هێشتا بەربەستانێك ڕێگری لێئەکەن لە گەشتن بە لوتکەی ئارەزوەکانی.

من بۆمدەرکەوت کە سەرەڕای سەرکەوتنەکانی، ئەو نمونەی کەسێکی خۆ بەقوربانی زانە. ئەو وەك بێلّ ئەهاتە بەرچاو کە سالأنێك سوالّی کردبو، کەسێك کە ئەوم جارێك لە وێست ئاندی لەندەندا بەرچاو کەوت. هەرجارێك کە بێل ئەبینم لە هەموجارەکانی تر تورەترە لە دەستی ژیان. لاوازتر بوە و گرفتاریەکانیشی زیاتر. بە سوالّکردن هیچی نەبوە بە هیچ، لەبەرئەوەی کە هەمو ئەو پارەیەی کە پەیدای ئەکات خەرجی ئەکاتەوە لە ئالودەبونەکەیدا. بەلأم بە جیاکردنەوەی شێوەی دەربڕین و مونەدەبانە تری ڕقەکەی، هاوڕێکەشم وەك بێلّ گەلەیی و شکایەتی ئەکرد و خەڵکی تری بە لێپرسراوی هەڵەکانی ئەزانی.



Scanned with CamScanner

به بۆچونم هاوڕێکەم چێژی ئەبرد لە پڕکردنی گوێم لە قسە دەربارەی کێشەکانی، لەبەرئەمە بەهێواشی شۆفێری ئەکرد. ماوەی سەدەیەکی برد تا گەشتینە ڕێستۆرانتەکە و چاومانکەوت بە هاوسەر و هەندێك لە هاوڕێکانی. لە تەواوی ئەو عەسرەدا بەکەمی قسەی لەگەڵ کەسێکدا ئەکرد، بەڵام وەك کەسێکی کێشەدار ئەهاتە بەرچاو. لەبەرئەمە ئەبێت بڵێم کە لە دوای نانخواردنەکە هەوڵمدا کە ڕێگەیەکی تر هەڵبژێرم بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە قوربانی ئەزانن لە ڕاستیدا کەسانێکی تەمەڵی هێنەر و ئازاربەخشن. ئەوان هێندە ڕۆچون بە بەدبەختیەکانیاندا کە بە کەمی هەلێك ئەدۆزنەوە بۆ گوێگرتن لە کەسانی تر. بەڵام هیچ ڕێگەیەکی دەرچونم نەبو. ناچاربوم لەگەڵیدا بگەڕێمەوە. وە هەروەك ئەوەی کە پێشبینیم ئەکرد دوبارە دەستی کردەوە بە قسەکردن دەربارەی کێشەکانی ڕابردو و هەمو ئەو ڕێگرانەی کە کەسانی تر لەسەر ڕێگەیدا دروستیان کردبو. ئەمویست هەلێك بەدەستبێنم تاوەکو چەند ئامۆژگاریەکی بکەم. چەندین ساڵ ڕای خۆم دەربارەی ئەو لە دڵدا هەڵگرتبو. ئەوەی کە بڵێم: (هێی، ئەڵێی تۆش قوربانیت. جیاوازی لەنێوان تۆ و ئەو قوربانیانەی تر کە ئەیانناسم ئەوەیە کە تۆ بەربەستێکی تایبەتیت بە دەوری کێشەکانتدا دروستکردوە. تۆ ئۆتۆمبێلت هەیە، و پشوەکانت لە دورگە بەناوبانگەکاندا بەسەرئەبەیت. بەڵام تۆش هەروەك ئەو کەسانەی کە ئەیانناسم، کەسانێك کە لەپشتی ئەم بیانووەوە خۆیان ئەشارنەوە کە ژیان لەگەڵماندا سازگار نیە.)



Scanned with CamScanner

ئەمویست هەمو ئەمانە بڵێم، بەڵام ئەو مۆڵەتی نەئەدا. لەکۆتاییدا کاتێک کە لەبەردەم دەرگای ماڵە گرانبەهاکەیدا وەستاین —تائەوکاتە خانویەکی ئەوەندە جوانم نەبینیبو— دەستمپێکرد. وتم: (تۆ ئەبێت دەست لەوە هەڵگریت کە خۆت بە قوربانی بزانی. لەتەواوی تەمەنتدا خۆت بە قوربانی زانیوە. بە پەیژەی سەرکەوتندا سەرکەوتویت بەڵام هەمو ئەو شتانەت نەدیوە کە نیشانی ئەدات تۆ قوربانی نیت. لەبەرامبەردا تەواوی تەمەنت بە دڵ سوتان بە حاڵی خۆت تێپەڕاندوە. ) ئەمئەویست کە ڕێك لە بەردەم خانوەکەیدا ئەم شتانەی پێبڵێم، بەڵام ئەکرا ببینم کە ژیانی بەم شێوە بیرکردنەوانە ژیانی نابوت بکات، هەروەها خێزان و سەروەتەکەشی؟

ناوچاوی دا بەیەکا و وتی: (ئاوا بیرئەکەیتەوە؟ تۆ شێتی وا ئەزانی من قوربانیم؟ من، لەناو ئەم هەموە خەڵکەدا؟ ) منیش دەستم دایە چەکەکەی خۆم و وتم: (بەڵێ تۆ قوربانیت. بارودۆخ هەمیشە دژتە. ژیان لەگەڵتدا باش نەهاتۆتەوە. هیچ کەسێك لێهاتویی ڕاستەقینەی تۆ نابینێت. تۆ هیچ جیاوازیت نیە لەگەڵ ئەو کەسە بێ ماڵوحاڵانەدا کە ئەیانناسم. کێشەکە ئەمەیە: هەمیشە بۆ هۆکارگەلێك ئەگەڕێیت تا ڕونی بکەیتەوە بۆچی نەگەشتویت بە ئاواتەکەت. )بەڵام ئەو گوێی لە قسەکانم نەگرت و تەنیا ئەیویست بچێتە ماڵەوە.

چەند خولەکێك وەستام و تا کۆتایی شەقامەکە ڕۆشتم. بۆچی هیچ کەسێك لە قسەکانم تێناگات؟ بۆچی هەمیشە هەڵە تێگەشتن ڕوئەدات؟ بۆچی ژیانی من ئاوایە. . . .



Scanned with CamScanner

کاڵتە ئەکەم! بەڵام بە جدی ئەڵێم، تا کاتێك کە هاوڕێکەم پەینەبردایە بە ڕاستێتی قسەکانم ژیانی باش نەئەبو.

## هیچ بیانویەك قبوڵناکرێت

هەمیشە کاتێك کەسانێك ئەبینن کە بە ڕێتێچونێکی زۆر چاوەڕوان ئەکەن زۆر لە ژیانیان گلەیی و شکایەت بکەن و هۆکارگەلێکیشیان بۆ گلەییەکانیان هەیە بەڵام ئەم کارە ناکەن، وزە وەرئەگرن: من بە ڕێکوپێکی سەردانی زیندانەکان ئەکەم و باسی چۆنێتی دەستهەڵگرتن لە خراپەکاری و شێوازی گۆڕینی ژیانم بۆ زیندانیەکان ئەکەم. لە یەکێك لەو سەردانانەمدا بۆ زیندانی ۆندز ۆرس، لەکاتی قسەکردنم لەگەڵ زیندانیەکاندا، دوای گفتوگۆکەم بو کە بۆمدەرکەوت هیچ یەکێکیان دەربارەی ڕەفتاری ناشرین گەلەییان نەئەکرد، کەسێکی تر بە لێپرسراوی خراپەکاریەکانیان نازانن یان پەنا نابەنەبەر بەختە ڕەشەکەیان وەك هۆکاری عوزر و بیانو. چونکە بەدەر لەمە وەك قوربانی لە قەڵەم ئەدرێن. تەنیا بەسە کە بیانویەکی باش بۆ ڕەفتارەکانتان و بەڕێژەی پێوست هەوڵنەدانەکانتان لە ژیاندا بدۆزنەوە. لەوانەی کە ژیانێکی تاڵ و ڕۆگارانێکی سەختتان تێپەڕاندبێت بەڵام کەسانێکی زۆر ئاوا بون و لەبەرئەوەی کە ژیان بە ویژدان نیە. بۆ ئەبێت چاوەڕوان بن کە سەرتاسەری ژیانتان بە بێ کێشە و تەنگەتاوی بێت؟ بابەتی گرنگ ئەوکارەیە کە بڕیارئەدەن بیکەن. ئایا نیەتتان وایە کە ئەو تەمەنەی ماوتانە بە نقومبون لە دڵسوتان بە حاڵی خۆتان و بەدبەختکردنی



Scanned with CamScanner

خۆتانەوە تێیپەڕێنن، یان ئەتانەوێت هەمو کارێك بکەن تاوەکو باشترین بن؟

تا ئەم چەند ساڵەی پێشتر کە کاری دەرکردنی گۆڤارەکەم دەستپێکرد هەمیشە بەم شێوەیە دڵم بە خۆم ئەسوتا. سەرسوڕمانی من ئەوە بو کە ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتیەکانم بە هۆکاری دزیەکانی ساڵانی پێشوم ئەزانی. ماوەیەك ئاوا تێئەپەڕی بەڵام لە کۆتاییدا بۆمدەردەوت کە بەردەوامبون لەسەر ڕەفتاری ناشرین و شاردنەوەی بە دڵسوتان بە حاڵی خۆم و دەستکردن بە پەشیمانی چیتر بیانویەکی قبوڵکراو نەبو.

## کارێك بکەن

کەسانێکی بێ ماڵوحاڵی زۆرم بینیوە کە بونەتە هۆکاری ئەوەی کە تێبگەم خۆ بە قوربانی زانین تا چەندێك ئەبێتە هۆی شکستی مرۆڤ. ئەوان لە نەخشی قوربانی بونیاندا تێوە ئەگلێن و لە بەزەیی هاتنەوە بە حاڵی خۆیاندا نقوم ئەبن. لەبەرئەمە هەربە دەستپێکردنی کاری بڵاوکراوەکە چیتر سودم لە بیانوەکانی پێشوم وەرنەئەگرت. چیتر بیرم لەوە نەکردەوە کە دنیا لەگەڵمدا چەند بێ بەزەیی بوە و تەنیا دەستمکرد بە بەڕێوەبردن و ڕابەری کردنی. چیتر وەك قوربانیەکان بیرم نەکردەوە چونکە خەڵکانێکی زۆرم بینیوە کە وەك من بانگەشەگەلێکی وەك منیان هەبو کە لەسەر بنەمای قوربانی بون دامەزرابون کەچی لەبەر چاوی کەسانی تر وەك کەسانێکی لاواز و بێ ئیرادە سەیر ئەکران. یەکێك لەو کەسانەی کە



Scanned with CamScanner

نیشانیدام خۆ بە قوربانی زانین چەند وێرانکەرە، ژنێکی زۆر لێهاتو بو ئەو لە ناوەڕاستەکانی چل ساڵیدا، یەکەم دانیشتوی شوێنێکی نا یاسایی بو و دوەم سواڵکەرێکی سەرنەکەوتو بو. گۆڤاری پەیامی مەزن لەکاتی خۆیدا یارمەتی ئەوی دا. ئەو ئەوەندە ڕۆژنامەی فرۆشت تا توانی بگات بە ژیانە دڵخوازەکەی. ئێمە لە ماڵەوەدا یارمەتیماندا و کاتێکیش کە توانای پێویستی بەدەستهێنا، یارمەتیماندا لە فێربونی ئەدەبیاتدا، ئەو بەشەی کە تیایدا بەتوانا بو. بەڵام ئەمانە هەرگیز بەس نەبون بۆی. هەمیشە کەمیەك هەبو کە من یان یەکێك لە ئەندامانی گروپەکەم دەرحەق بە ئەو نواندبومان. ئەو بە بۆڵەبۆڵەوە ئەیوت کە خەڵکی ڕێگرن لە بەردەم کارەکانیدا. واتە گەیشتن بە پلەی ئەنجومەنی ناوچەیی. ئەو لیستێکی درێژی لە گلەیی و گازندەکانی بەرامبەر خەڵکی نوسیبو کە بو بونە هۆی شکستەکانی. لە جیاتی ئەوەی کە ببینێت چەند زەحمەتیان کێشاوە بۆی تەنیا لەسەر گلەیی و گازندەکانی بەردەوام بو و هەستی بە نارازیبون ئەکرد و بۆڵەبۆڵی ئەکرد.

کاتێك بیزانیایە کە گلەیی و گازندە چی ئەهێنێ بەسەر ڕۆژگاری چواردەورەکەیدا، کۆتایی پێئەهێنا. کەسانێکی ئاوا بە وێناکردنی قوربانی بونیان لە ژیان دوا ئەکەون. لەبەرئەمە من ئەم کارەم لەسەر ڕێگاکەم لابرد لەبەرئەوەی بینیم کەسانێك سودی خراپی لێوەرئەگرن تا بیانویەکیان هەبێت بۆ ئەنجام نەدانی کارێکی تر. کەم کەم بۆمدەرکەوت کە چۆن هەوری دڵ بەخۆسوتانەکان ئاسمانی هەلەکان تاریك ئەکەن و بەرەو سەرزەمینی کەسنەزانتان ئەبەن. دڵسوتانی من بە حاڵی خۆم لەژێر

باری گرانی بینینی چەندەها کەس کەوا بیریان ئەکردەوە لەناوچو، و من بۆمدەرکەوت کە ئەم کارە نایانگەیەنێت بە هیچ شوێنێك.

لەبەرئەمە هەرکە زانیتان خۆتان بە قوربانی ئەزانن سەیری ژیانی کەسانی دەوروبەرتان بکەن. کاتێك قوربانیانی ڕاستەقینە ئەدۆزنەوە ئەوان کەسانێکن کە زیاتر لە شکست هەڵدێن. هەرچەندە لە ڕوکەشدا هەمو هەلومەرجەکان دژیانە. ئێوە مرۆڤبون لەوپەڕی کەماڵدا ئەبیننەوە. وە وەك ئیلهام بەخشی هەمو ئەوانە سەیریان ئەکەن کە ئەیانەوێت دونیا بە تاوانبار بژمێرن و خۆیان بە قوربانی کەموکوڕیەکانیان ئەزانن.

خۆ هەڵخەڵەتاندن کێشەی جیاوازی هەیە، بەڵام وازهێنان لە(خۆ بە قوربانی زانین) یەکێکە لە سادەترینیان.



Scanned with CamScanner

*دەستهەڵگرن لە ئاهوزاری و ڕاکێشانی هەستی بەزەیی خەڵکی. چونکە ئەبنە هۆی ڕێگریتان لە سەرکەوتن.
*مێشکتان پڕکەن لە بیرکردنەوەی ئەرێ (موسبەت). ڕوبەری مێشکتان زۆر فراوانە. پڕی مەکەن لە هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی شتانێك. لە جیاتی ئەمە بیربکەنەوە کە چۆن ئەتوانن کارێك بکەن و بەرنامەیەك دابنێن بۆ خۆتان تا ببینن چۆن ئەتوانن بگەن بە ئامانجەکانتان.
*ڕوداو و کارەساتەکان بخەنە پشت سەرتان. ئەگەر ڕوداوێکی خراپ ڕویدا شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی بۆ بکەن. لەجیاتی ئەوەی کە نارەحەتتان بکات، هەوڵبدەن کە بە وردی بەسەریدا بچنەوە تا بۆتان دەربکەوێت کە چۆن ڕویدا. تاوانەکە مەخەنە ئەستۆی کەسانی تر. یان وەك تەڵەکەیەکی مەبینن دژی خۆتان. هەرچەندە خۆشەویستبن کەسانێك هەن کە ڕقیان لێتانە. بەڵام سود لەم هۆکارە وەرمەگرن وەك بیانویەك بۆ نەگەشتن بە لوتکەی ئارەزوەکانتان. کاتێك کە بۆ ناسینی ڕێگرەکان هەمو کارێکتان کە ئەتانتوانی ئەنجامتاندا، ببچنە پێشەوە و دواتر هەوڵبدەن.
*هەمو کارێك بکەن تا دڵنیابن کە بەتەواوی نابنە قوربانی. وەك قوربانیەکان مەڕۆن بە ڕێگادا، وەك ئەوانیش قسەمەکەن و بیرمەکەنەوە. مۆڵەت مەدەن بەخۆتان لە ڕاکێشانی هەستی بەزەیی پێداهاتنەوەی خەڵکی و ئاهو ناڵەدا نقومبن. ئەمە هیچ ناکات بە هیچ. لەبیرتانبێت کە زۆرینەی قوربانیە ڕاستەقسنەکان، ئەوانەن کە تەسلیمی قوربانی بونەکەیان بون.
*مۆڵەت مەدەن بێ بەختی یان کێشەکان ڕێگربن لە پێشکەوتنتان. هەستنە سەر پێ و بیسەلمێنن کە ئەمانە ئەتوانن ببنە پەیژە بۆ سەرکەوتنتان.



Scanned with CamScanner

# بەشی نۆیەم

# دەست لە بۆڵەبۆڵکردن هەڵگرن



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەسە بۆڵەبۆڵکەرەکان ئەوانەن کە کەسانی تر بە هۆکاری هەر نەگەشتن بە دەستکەوتێك ئەزانن. ئەوان هەرگیز بەشێك نین لە کێشەکە، هەرچەندە کەسانی تر بە هۆکاری دەستنەگەشتن بە ئاواتەکان ئەزانن، بە وتایەکی تر، کەسانی بۆڵەبۆڵکەر کاتی خۆیان بەم بیرکردنەوانەوە بەسەرئەبەن کە چۆن بە تۆڵەکردجنەوە لە خەڵکانی تر، هۆکار بدۆزنەوە بۆ شکستەکانیان. ئەم بابەتە زیاتر گونجاوە لەگەڵ کەسایەتیە کۆمیدیەکانی تەلەفزیۆندا. ئەزانن کە دراوسێ فزوڵەکان سەربەئەکێشنە ناو کاروباری هەمو کەسێکەوە. بەڵام وادێتە بەرچاو کە بۆڵەبۆڵکردن بوەت خوی هەمو کەسێك.

هەموان ئەم کارە ئەکەن. فزوڵی، ئاهوناڵە و بۆڵەبۆڵکردن بەردەوامە. من زۆرینەی تەمەنم لەگەڵ کەسانێکدا بەسەربردوە کە هیچ کارێکیان نەکردوە بەڵام گلەیی و گازندەیان کردوە لە هاوکاران، ئەکتەرەکانی تەلەفزیۆن، وەزیرەکان و هاوڕێیانێك کە لە وێ نەبون. من زۆرینەی کات

لەو دانیشتنانەدا بەشداریمکردوە و چەندین جار بە هەڵە، بە بەهای ڕەخنە گرتن لە کەسانیتر خۆم ناساندوە. مەبەستم ئەوە نیە کە هەرگیز ڕەخنە لە هاوڕێیانمان نەگرین. کاتێك کە ڕەخنە لە کەسانێك ئەگرین هێندەی ئێمە باشنین هەستەکەین کە ژیانی ئاساییمان هێندەش خراپ نیە. هەر لەبەرئەمەیە کە هەمومان عاشقی بیستنی داستانە جەنجاڵەکانین دەربارەی شکستی ئەستێرەکانی مۆسیقا، چاودێرەکان، سیاسەتمەداران و هەر کەسێکی تری بەناوبانگین. بەڵام ئەگەر ئەمە ببێتە خویەکی هەمیشەیی و بنەڕەتی دواتر دوچاری کێشە ئەبین، لەبەرئەوەی ئاشکرایە کە کەسانی ڕەخنەگر هەرگیز شتێکیان نەگۆڕیوە کە نرخی گۆڕانکاری نەبێت.

## ڕەخنەگرتن و عەیب دۆزینەوە لە کەسە سەرکەوتوەکان

ئەڵبەتە، دورکەوتنەوە لە عەیبگرتن و عەیب دۆزرەرەوەکان، ناڕەحەتە. یەکێك لە کالآکانی ئەمڕۆ ڕەخنەگرتنە لە کەسانێك کە سەرئەکەون، لەکەسانێك کە هەوڵئەدەن کارێك ئەنجامبدەن. سوکایەتیکردن بە خەڵکی و بێ ڕێزی نواندن بەرامبەریان بەڵگەنامەیەکە(مستمسك)بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامە بفرۆشن و دواتر ناچارمانبکەن بە گوێگرتن لە ڕادیۆ و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن. ئاوەڵاکردنی شکستی کۆمپانیاکانیش بۆ هەندێك نان و ئاوێکی بە چێژە.



Scanned with CamScanner

باشـه، لەوانەیـە بلـێین بابـەتانێکی زۆر هـەن کـە ئـەتوانرێت گلـەیی و گازنـدەیان لێبکرێـت. ئێمـە لـە دنیایەکـدا ئـەژین کـە سیاسـەتمەداران و لێپرسـراوان بـێ ئومێـدمان ئەکـەن، بانـك و فرۆشـیارە تەلەفزیۆنیـەکانیش کاریگەریان لەسەرمان جێئەهێڵن. وادێتەبەرچاو کە هۆکاری زۆرتـر هـەبێت بۆ گلەیی و گازندە و شکایەت و بەڵێ، ئێمە ئەبێت ڕەخنـە بگـرین. ئـەبێت ڕەفتـاری کەسـانی دەوروبـەرمان هەڵسـەنگێنین. هێـشتا ناشـرینیەکان ڕوئەدەن و مـن نـاڵێم ئـەبێت لـە بەرامبەریانـدا تـەنیا بێدەنگ بـبن. بـەڵام پسپۆڕی پەیداکردن لە ڕەخنە گرتن لە کەسانی تـر و بەزەویـدا کوتانیـان هیچ کێشەیەك چارەسـەر ناکـات. تـەنیا ئـەبێت خۆتـان واز لـە گلـەیی و گازنـدە بێـنن و بەتـەنگ چارەسـەری کێـشەکانتانەوە بـن. هـەروەها هـی کەسانی تریش.

## وردبنەوە لە بۆچونە نەرێکانتان

کەسـە ڕەخنـەگرەکان بـە چـاویلکەیەکی تاریکـەوە ئـەڕوانن لـە ژیـان و دەربارەی هەمو شتێك بۆچونێکی نەرێیان هەیە. ئەگەر بەم تێڕوانینەوە لە ژیان بـڕوانن، هـەلی گـۆڕینی بارودۆخـەکان لەدەستئەدەن. ئەگـەر هـەمو مرۆڤەکان سەرەڕۆ و هەمو بنەماکان ناشـرین بـن، وەك ئـەوەی کـە مرۆڤـە ڕەخنـەگرەکان ئـەیڵێن، دەی هــەر هــەوڵێك بـۆ ئەنجامـدانی هــەرکارێك بێهودەیە. ئەڵبەتە ئەم تێڕوانینە ڕاست نیە. کاتێك چیرۆکێك ئەبیـستن کـە کەسێك یـان شـتێك لـە خراپـەیەکـدا تێـوە گـلاوە، وردبنـەوە کـە بـەبێ بیرکردنەوە و تێڕامان ئەو بیرە نەرێیە قبوڵئەکەن. بۆ نمونە دوێنێ بیستم



Scanned with CamScanner

که ڕادیۆ هەواڵێکی بڵاو کردەوە: فێرکارانی ئەستێرەناسی ناسا بەکاتی وانە وتنەوەدا مەست بون، ئابڕوی ناسا چو، بەڵام سەرم سوڕئەمێنێت کە بۆچی ئەم هەواڵەیان بڵاوکردەوە. بەدەر لەمەش ئەو ئەستێرە ناسان مرۆڤن و شایەنی هەڵەن، ڕێك وەك ئێمە و مانان. بەڵام ڕوداوەکە بەجۆرێك درا بە گوێماندا کە وەك بڵێی ڕێکخراوێکی تری جیهانی گرنگ دوبارە توشی گەندەڵی بوەوە. ئەتوانم سەدان هەزار بابەتی ترتان بۆ بێنم لەماوەی ئەم ساڵدا کە بەشێك لە زانیاریەکان بە شێوەیەك پێتان فرۆشراوەتەوە تا بۆتانی بسەلمێنن کە ناتوانن باوەڕبە هیچ کەسێك بکەن و هەموان فێڵبازن. ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکی لە خەڵکی یان بنەماکان چاوەڕوانی کامڵی و ڕاستبونتان هەبێت، مانای ئەوە نیە کە ئەبێت بە مەنفیانە و ڕەشبین بین.

## دروستکەن، خراپی مەکەن

کەسە بە کەم ڕازیبوەکان، لە ڕاستیدا هیچ کارێك ئەنجام نادەن. لەبەرئەوەی ڕەخنەگرتن لە کەسانی تر، هەستێکی باشترتان تیا دروستئەکات و چیتر وا نازانن کە پێویستە شتانێك بگۆڕن. دایکم هەمیشە رشەخنەی لە خەڵکی ئەگرت، لە دین، ڕەگەز، چین و هەمو و هەر شتێك، هیچ شتێکی نەئەپەڕاند.

وا بیری ئەکردەوە کە هەمو شتێك بێ سودە و (ناگۆڕێت). وای پێشانئەدا کە ئەو لە هەموان باشتر کارەکان ڕائەپەڕێنێت. بەڵام هەرگیز هیچی ئەنجام نەئەدا. ئەگەر ئەتانەوێت کەسێکی ئەهلی کار بن، کەسێکی



Scanned with CamScanner

داهێنەر یان کار ڕاپەڕێن، دەی ئەبێت دەستهەڵگرن لە ڕەخنە گرتن لە کەسانی تر و دورکەونەوە لە کەسە ڕەخنەگرەکان و تێڕوانینێکی ئەرێیتان هەبێت. لەوانیە لەسەر ئەم باوەڕەبن کە ڕەخنەگرتن زۆر چێژبەخش نیە بەڵام بەلایەنی کەمەوە هیچ پێویست نیە. بەدەر لەمەش، کەسە بۆڵەبۆڵکەر و ڕەخنەگرەکان تەنیا قسەئەکەن. بەبۆچونی من ڕەخنەگرتن زۆر زیانبەخشە لەبەرئەوەی هەمو شتێك نابوت و لەناو ئەبات.

من ڕەخنەگرتنم لە دایکمەوە فێربوم و وە لەو کاتوەی کە مرد گەورەیەك بوم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانم بە سەختی و بەبێ سەرزەنشتکردنی خۆم تێئەپەڕاند، هەمیشە ڕەخنەم لە کەسانی تر ئەگرت. دواتر لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی زاینی، کاتێك کە بیست و یەك ساڵم بو، کەوتمە ناو یەکێك لە گەورەترین گروپە جوێن دەر و ڕەخنەگرەکان: حیزبێکی شۆڕشگێڕ.

ئەوان ڕەخنەگرتن و عەیب دۆزینەوەیان وەك ڕێوڕەسم و گروپ لێکردبو. زۆرینەی وزەیان لە ناڕازیکردنی خەڵکی لە ڕژێمی سەرمایەداری و یەکخستنی تواناکانیان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی چینی دەسەڵاتداردا بەهەدەرئەدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی باشتر بێتە سەر حوکم. بەڵام کێشەی ئەمان ئەوە بو کە نەیانئەزانی چۆن دەسەڵاتێکی باشتر بخولقێنن، لەبەرئەمە ڕەخنەگرتن و نابوتکردنیان کردبوە ئامانجی خۆیان. سەدان کەسمان کاتی خۆمان بە بڵاوکردنەوەی بیرەکانمان و نابوتکردنی فەلسەفەی ڕژێمی دەسەڵاتەوە بەسەرئەبرد، لەجیاتی ئەوەی کە



Scanned with CamScanner

هەولبدەین بابەتە هەڵەکان بدۆزینەوە و شیکردنەوە و هەڵهێنجانی بۆ بکەین، یان کارێکی باشتر بکەین بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە.

## ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن و بێ ماڵوحاڵی

هەندێك جار بەخۆم ئەڵێم لەوانیە خەڵکی نەزانن کە بۆڵەبۆڵ هەمیشەییان چەندە ترسناکە و سەرمسوڕ ئەمێنێت کە ئەگەر بیانزانیایە ئایا هێشتا بەردەوام ئەبون لەسەری یان نا. من بەزۆری لە کەسە بێ ماڵوحاڵەکان بۆڵەبۆڵ و ئاهوناڵە ئەبیستم. هەندێك ئەوەندە بەهێزن کە بەرگەی ئەگرم و هەندێك جاریش بەرگەناگرم. لەبیرمە جارێکیان لەناو کۆمەڵێکی زۆردا وەستابوم و هەوڵمئەدا لە مێزێکی نانخواردن نزیك ببمەوە. کاتێك نزیکتر بومەوە بینیم کە پیاوێکی زەبەلاح بەرەو پێشەوە ڕێی خۆی ئەکاتەوە. من ناسیمەوە، ئەو فرۆشیاری گۆڤارەکەمان بو،کاتێك بینیمی بارودۆخی ڕوخساری لە هێمنیەوە گۆڕا بۆ تورەیی و لەوبەر مێزەکەوە هاواری کرد بەسەرما: (هێی، بیانویەکی باشم بەدەستەوەیە بۆ دەمەقالێکردن لەگەڵتا. )منیش لە وەڵامدا هاوارمکرد: (منیش بیانویەکی باشم هەیە بۆ دەمە قالێکردن لەگەڵتا. )

دەنگی من لە دەنگی هەموان بەرزتر بو. ئەو دەنگی منی بیست. لەبەرئەمە هەردوکمان لە قەرەباڵغیەکە دورکەوتینەوە و لە شوێنێکدا وەستاین. ئەو هاتە پێشەوە تا لەگەڵمدا دەمەقالێ بکات و لیستێك بیانوی سەبارەت بە گۆڤاری پەیامی مەزنی خستەڕو: (کارگوزارەکانی گوێنادەن بە خەڵکی بێ ماڵوحاڵ، گۆڤارەکە بە ڕێژەی پێویست دەربارەی ئەو



Scanned with CamScanner

کێشانەی کە ڕوبەڕوی ئەبنەوە وتار بڵاوناکاتەوە و لە بەڕێوبردندا گۆڤارێکی باش نیە. )و هەندێك گلەیی و گازندەی تری لە نوێنەری خەڵکی بێ ماڵوحاڵ و کەسانی ترەوە خستەڕو. لەوپەڕی هێمنیدا گوێم بۆ قسەکانی شلکرد تا لەناکاودا وتم: (باشەئەگەر ئەو گۆڤارە باش نیە و بێ سودە بەیانی ئەڕۆم بۆ نوسینگەکە ەو دەرگاکەی دا ئەخەم. من هە بەیانی ئەوە ئەکم. چیتر ناچارنابن سودی لێوەربگرن و قازانجی لێبکەن. بەڵێ بەیانی ئەم کارە ئەکەم. ) و ئەمەم هەر بەو ئاوازەی کە ئەو قسەکانی کردبو وت. فرۆشیاری گۆڤارەکە بە دەمی کراوەوە سەیری منی ئەکرد. ئەتانتوانی سەرسوڕمان لە دەموچاویدا ببینن دەربارەی ئەو شتەی کە ئەو ئەیوت بێ بایەخە. ڕەخنە گلەیی ئامێزەکانی زۆر لەوە گرانتر بەسەریدا شکابوەوە کە چاوەڕوانی ئەکرد و ئەمەش ڕاستیکەی گەورەبو.

لە کۆتاییدا وتی کە ئەیەوێت ساردەمەنیم بۆ بکڕێت و هەر ئەم گۆڤارە بوە کە لە بەندیخانە ئازادی کردوە و یارمەتیداوە تا کرێی ژورەکەی بدات. لەبەرئەمە بۆی سودمەند بوە. لەوانەیە ڕەخنەی لەسەری هەبوبێت بەڵام مەبەستی داخستنیشی نەبو. بەڵام بۆمدەرکەوت کە ئەگەر ئەتانەوێت لە ژیاندا کارێك بکەن ئەبێت ئامادەیی قبوڵکردنی ڕەخنەکانی خەڵکیشتان تیابێت. خۆتان مەدەن بەدەستوە و مۆڵەت مەدەن کەسە ڕەخنەگرەکان دڵتان ساردکەنوە. ئەڵبەتە لەوانەیە هەمو بارودۆخەکان بە دڵتان نەبێت و هەمو شتێك لەسەدا سەد ڕێك نەبێت، لەبەرئەوەی هیچ کەسێك کامڵ نیە، لەبەرئەمە هەڵە گەلێك هەر ئەکەن. بەڵام لەبرتان بێت کە ئەو کەسانەی ڕەخنەتان لێئەگرن خۆیان هیچ کارێکیان ئەنجامنەداوە و بوێری تاقیکردنەوەی ڕێگەی تازەیان نیە.



Scanned with CamScanner

هەندێك كات گلەیی و گازندەی كەسە بێ ماڵوحاڵەكان ئەوەندە زۆر بو كە هەستمنەكرد ئەبێت گۆڤارەكە داخەم. ئەمە هۆكاری كەم بونەوەی كارە سەختەكانمان بو كە ئازاری ئەداین. بەلاّم زۆرینەی كات هێمنیم ئەپاراست لەبەرئەوەی كە دیاربو كەسە بێ ماڵوحاڵەكان قوربانی بون و بۆڵەبۆڵكردنیان بەسەرْ خەڵكیدا(جگە لە خۆیان) نیشانەی كێشەدار بونیان بو و ئاهو ناڵەكردنیشیان بە بەشێك لەم بارە ناڵەبارەی دەرونیان دائەنرا. بەشێك لەو شتە بو كە وانەهاتە بەرچاو ئەلێن: (بۆڵە بكە، بەلاّم هیچ كارێك مەكە. بۆڵە بكە، بەلاّم گۆڕانكاری مەكە. )

زۆرینەی كەسانی بێ ماڵوحاڵ ئاوا بون، بەلاّم ئەكرا لێیان خۆشببین لەبەرئەم قسە سەرزارەكیانەیان. تاڕادەیەك قبوڵكردنی ئەم بابەتە ئاسان بو. بەلاّم بۆ كەسانێك كە كار، خانو، یان پشوی بەردەوامیان هەیە، هیچ بیانویەك بۆ بۆڵبۆڵكردن نیە ، بەڵكو ئەبێت پێشكەون. ئەگەر ڕەخنەیەكتان هیە. ئاهوناڵە مەكەن، پێشكەون. ئەگەریش ناتوانن كارێك بكەن لانی كەم ئاهو ناڵە مەكەن. ناڵە و زاری ژیانی داهێنەرانەتان لەناو ئەبات.

ئەو فرۆشیارە ساڵانێك لەمەوبەر لای ئێمە ڕۆشت. نازانم كارێكی تری پەیدا كرد، خرایە بەندیخانە، ڕۆشتەو ماڵەوە یان مرد. ئەمە چیەتی گۆڤارەكەی ئێمەیە خەڵك دێن و لەگەڵماندا ئیشئەكەن و زۆرێكیان دیارنامێنن. حەزئەكەم بیهێنمە بەرچاوم كە چوبێتە جێیەكی باشتر. بەلاّم بە بۆچونی من ئەگەر ئەو لە كاتی كاركردنی لە گۆڤارەكەدا تێروانینێكی گەشی بۆ ژیان بەدەستهێنا هۆكارەكەی ئەوە بو كە دەستی هەڵگرت لە ئاهوناڵە و گۆڕا بۆ كەسێكی كارا.



Scanned with CamScanner

## وزەی خۆتان لە کارێکی بەسودتردا بەکارببەن

سەیرکردنی ئەو برە وزەیەی کە خەڵکی لە ڕەخنەگرتن و ئاهوناڵەدا بە هەدەری ئەدەن، سەرسوڕهێنەرە. هەفتەی ڕابردو بە تاکسیەك گەشتم ئەکرد کە شۆفێرەکەی بەبێ ئامادەیی من دەستیکرد بە دەربڕینی ڕای خۆی دەربارەی کارەکانی یەکێك لە یانەکانی تۆپی پێی لەندەن. زانیاریە سەرەتاییەکانی دەربارەی تۆپی پێ پیاو حەپەسێن بو. دەربارەی بەڕێوبەر شتانێکی لاوەکی باوەڕپێنەکراوی ئەوت، هەروەها دەربارەی سەرۆکی یانەکە و یاریکەرەکانی، بەڵام سەرنجی لە کردارەکانی نەبو. وێنابکەن ئەگەر ئەو ئەم زانیاری و وزەیەی لە زەمینەیەکی بەسودتردا بەکاربردایە چی ئەبو؟ لەوانیە بیتوانیایە ببێتە شیکەرەوەیەکی تەلەفزیۆنی، یان پەیامنێری وەرزشی. تەنیا شتێك کە پێویستی پێی بو هەندێك زانیاری بو. بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ئەبوایە هەندێك لەو وزەیەی کە لە ڕەخنەگرتندا بەکاریئەبرد لە ڕێگەیەکی دروستدا کاربکردایە.

ئەگەر دەستهەڵگرن لە ڕەخنەگتن و ئاهوناڵە ئەتوانن سود لە وزەکەتان وەربگرن بۆ گۆڕینی چەندین بابەتی تایبەت بە خۆتان. لەوانەیە بەرەبەرە ئارام بنەوە و لە چواردەورتاندا بگەڕێن بەدوای هەلەکاندا. لەبەرتان بێت کە ئەم ڕەخنەگرتنە لەهەمو کەسێك زیاتر دەگە لە خۆتان ئەدات، لەبەرئەوەی بەم شێوە بیرکردنەوە نەرێیە خۆتان دوائەخەن لە کاروانی پێشکەوتن.



Scanned with CamScanner

*خۆتان مەدەن بەدەستەوە. ئەم بیرەی کە لەوانەیە شکست بێنن نابێت لە هەوڵدان ساردتان بکاتەوە. ئەگەریش شکست بێنن لانی کەم هەوڵی خۆتان داوە و ئەمە باشترە لەهەر کارێک کە خەڵکی تر ئەنجامی ئەدەن.

*دەربارەی گۆڕانکاری گەلێک کە حەزئەکەن لە ژیانتاندا بیکەن، کار بکەن و تەنیا قسەیان دەربارە مەکەن. ئەگەر حەز لە شتێك ئەکەن، بچنە پێشەوە و بەرنامەیەکی بۆ دارێژن. ئەگەر وا گومان ئەکەن کە دنیا پڕە لە سەرکردەی سیاسی ناشایستە، دەی خۆتان ڕابەری بگرنە ئەستۆ، تەنانەت لە بابەتانێکی لاوەکیشدا. چیتر دەربارەی ئەوەی کە کارساز نیە گلەیی و گازندە مەکەن. ڕێچکەی وزەی نەرێ بگۆڕن و لە کارێکدا کە ڕەوتی ژیانتان بگۆڕێت و سودی هەبێت کاربکەن. زیاتر کار بکەن و کەمتر قسەبکەن.

*بەرلەوەی کە دەربارەی کەسانی تر قسەبکەن، سەیرێکی خۆتان بکەن. ئەزانین کە هەمومان کەمێك ڕشەخنەئەگرین بەلام باشترین ڕێگەی بەدەستهێنانی دڵنیایی ئەوەیە کە دەست لە ئاهوناڵە و عەیب دۆزینەوە هەڵگرین. ئەوکاتە حاڵەتی بەرگری نامێنێت و دەرگاکە دائەخرێت و چیتر گوێکان هیچ نابیستن.



Scanned with CamScanner

*دەبارەی شتێك كە زانیاریتان هەیە دەربارەی بۆچونتان دەربڕن. سەبارەت بە شتێك یان كەسێك كە هیچ نازانن دەبارەی بێ هەڵوێست بن. ئەگەر بینەری بارودۆخەكە نین وازبێنن لە دەربڕینی بۆچونتان. ئەگەریش نازانن یان دڵنیا نین و ئەتانەوێت ڕەخنە بگرن، زیاتر دەربارەی وردبنەوە. ڕەخنە و ئامۆناڵە بگۆڕن بە شیكردنەوە و بەدواداچون و لێكۆڵینەوە. بە هەڵە ڕەخنەگرتن لە كەسێك، وەك كەسێكی ناشایستە و قسە بێ ڕەواج دەتان ئەخات. لەبەرئەوەی كە لەكاتی ڕەخنەگرتندا بەهاو نرخی خۆتان لەدەست ئەدەن.

*هەرچەندە زیاتر ئامۆناڵە بكەن و ڕەخنەبگرن زیاتر لەو جێیەی كە تیایدا ئەژین ئەمێننەوە. لەبەرئەمە دەستهەڵگرن بە ئامۆ ناڵە و ئەهلی كار بن.



Scanned with CamScanner

*دەبارەی شتێك كە زانیاریتان هەیە دەربارەی بۆچوونتان دەربڕن. سەبارەت بە شتێك یان كەسێك كە هیچ نازانن دەبارەی بێ هەڵوێست بن. ئەگەر بینەری بارودۆخەكە نین وازبێنن لە دەربڕینی بۆچونتان. ئەگەریش نازانن یان دڵنیا نین و ئەتانەوێت ڕەخنە بگرن، زیاتر دەربارەی وردبنەوە. ڕەخنە و ئاهوناڵە بگۆڕن بە شیكردنەوە و بەدواداچون و لێكۆڵینەوە. بە هەڵە ڕەخنەگرتن لە كەسێك، وەك كەسێكی ناشایستە و قسە بێ ڕەواج دەتان ئەخات. لەبەرئەوەی كە لەكاتی ڕەخنەگرتندا بەهاو نرخی خۆتان لەدەست ئەدەن.

*هەرچەندە زیاتر ئاهوناڵە بكەن و ڕەخنەبگرن زیاتر لەو جێیەی كە تیایدا ئەژین ئەمێننەوە. لەبەرئەمە دەستهەڵگرن بە ئاهو ناڵە و ئەهلی كار بن.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## بەشی دەیەم

# پێویست ناکات هەوا بکەنە فیل



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لـه شـێوەی قـسەکردنی خـەڵکی وا دێتـە بەرچـاو کـە بـەدیهێنانی بنەڕەتیترین گۆڕانکاری وەك هەواکردنە فیلە. لەبەرئەمـە هـەمو شتێك زۆر کێشەدار و ئـاڵۆزە. بـەڵام ئومێدەوارم کـە ئـەم کتێبـە پیـشانی دابن کـە گۆڕانکاری لە ژیاندا زۆر ئاسانە. بەو مەرجەی کە بە سانا بیگرن، بە بنـەما دەستپێبکەن، بە شتانێکی بچوك، سادە و کارساز. خـودی مـن ژیـانم بـەم شێوەیە گۆڕیـوە: بەئەنجامـدانی بابـەتانێکی سـادە. مـن لـە سەرانسەری ژیانمدا بیرێکی بەڕاستی گەورەم نەبو. حەزەکەم بارودۆخ بیّ گریّ و سادە بێت، نەك پێچاوپێچ، واش گومان نابەم کە ئێوە بۆ خـۆش بەختانـە بـژیان پێویستیتان بە پسپۆڕی هەبێت لە زانستەکاندا.

## پێویست بە بلیمەتی ناکات

زۆرینـەی خـەڵکی کـارانێکی زۆر لـە ژیانیانـدا ئـەنجام ئـەدەن. ئەگـەر ئەتانەوێت لـە شـتێکدا سـەرکەوتو بـن، تاقیبکەنـەو و هـەوڵی بـۆ بـدەن.



Scanned with CamScanner

ئەگەریش لەسەرەتای ڕێگەدا سەرکەوتو نەبون، دوبارە تاقیبکەنەوە. بون

کە زۆرینەی خەڵکی هەندێك بابەت لە هەندێکی تر ئاسانتر فێرئەبن، بەڵام

بۆ فێربونی هەندێك بابەت پێویست بە بلیمەتی ناکات تەنانەت کەسێکی

سەرکەوتوی وەك ڕیچارد برانسۆنی ملیاردلێریش بلیمەت نیە. ئەو بە مەولی

و تەقەلا گەیشت بە و پلەیەی ئێستای. ئەگەر ئێوە بەدواداچون بکەن بۆ

هەمو کاروبارێك کە ئەو ئەنجامی داوە، باش یان خراپ، بۆتان

دەرئەکەوێت کە کار گەلێکی زۆر ئاڵۆز نەبون و پێویستی بە زانیاری

تایبەت نەبوە. ئەم کارە پێویستی بە لێهاتویی و بڕێکی زۆر پێداگری

هەبو. بەڵام برانسۆن بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی هەوای نەکردوەتە

فیل. ئەو تەنیا خشتە کارسازەکانی بازرگانی لەسەر یەك هەڵچنیوە.

ئەگەر هەنگاوانێکی سادە هەڵگرن و ئەوەش بخەنە کارکە پێشتر

زانیاریتان دەربارەی هەیە، ئاسانتر ئەگەن بە سەرکەوتن.

هەروەك ئەوەی کە چەندین جار وتومە، گۆڤارەکەمان دروستکراوی

بلیمەتی نەبوە. بگەرخستنی کارێکی سادە و دروستبوی پێویستیەك بوە.

لەبەرئەمە لە واقعدا کارساز بو کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گۆڤارەکەیان

کڕی و هەرئەمەش پارەیەکی زۆری کۆکردەوە.

ئەبێت ئەو وێنایە لەبیربکەین کە گۆڕانکاری تەنیا بەهۆی کۆمەڵێك

ڕوداوی زنجیرەیی درێژەوەیە کە لە ڕاددەی توانا و زانینی ئێمە بەدەرە.

ئەتوانن دوای چەند خولەکێك لە لابردنی ئەم کتێبە دەستبکەن بە

گۆڕانکاری لە ژیانتاندا.



Scanned with CamScanner

# بنەماكان فێربن

ئەگەر خوازیاری گۆڕشینی شتانێکن لە ژیانتاندا، پێویستە دڵنیابنەوە کە لە سەرەتادا بنەما و یاساکان فێربون. بیر بە شتە سادەکان بکەنەوە نەک شتە ئاڵۆزەکان. زۆرێك لە خەڵکی وانەگەلێکی سادە کە ئەبێت لە ژیاندا فێریبن وازلێئەهێنن و لە ئەنجامدا بە تەوقی سەردا ئەدەن بە زەویدا. لەبیرتان بێت کە بەر لەوەی ڕابکەن ئەبێت توانای ڕێ ڕۆشتننتان هەبێت. دایك و باوکی من نمونەی کەسانێکن کە بەر لەوەی هەوڵی ڕاکردن بدەن فێری ڕێ ڕۆشتن نەبون. ئەوان کەسانێکی لێهاتو بون، دایکم سەرۆکی هێڵی ئۆتۆمبێل بو و شیکاری بیرکاریشی زۆر باش بو و باوکیشم ئەیتوانی خانو دروستبکات، ئۆتۆمبێل چاکبکاتەوە، تەنانەت باشترین کێك و نان دروستبکات کە تا ئێستا تامی وا خۆشتان نەچەشتبێت، بەڵام ئەوان هەمیشە شپرز بون. لەبەرئەوەی نەیانئەزانی چۆن بنەڕەتیترین شتەکانی ژیانیان بەڕێوە ببەن، بەتایبەت بابەتی ماددی. ئەوان ڕوبەڕوی هیچ شتێك نەبونەوە و بەردەوام هەستیان ئەکرد کە شکستیان خواردوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر تەماشای شپرزەییە دەرونیەکانیان بکردایە لە ژیانیاندا ئەیانتوانی تێبگەن کە زۆرینەیان بە ئاسانی ئەتوانران لاببرانایە. بەڵام چونکە هەرگیز فێر نەبون کە پارە پاشەکەوت بکەن و لە بەرامبەردا خرجیان کردوە بۆ شتانێکی نا پێویست، هەرگیز نەیانتوانیوە ژیانیان دەوڵەمەند بکەن. لەبەرئەمە بنەما پایەییەکان فێربن، سەرەتا وردە کێشەکانتان چارەسەر بکەن پاشان لا بکەنەوە بە لای کێشە زەبەلاحەکاندا.



Scanned with CamScanner

## کارەکان ئاڵۆز مەکەن

هەندێك جار بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری کێشەیە لەبەرئەوەی کە هەندێك کێشە لەسەر ڕێگەماندا هەن چارەسەرکردنیان زۆر بە ناڕەحەت دێنە بەرچاو. بەڵام من باوەڕم وایە کە ئێمە بابەتەکان زۆر لە ڕادەی خۆیان زیاتر گەورە ئەکەین و ئەمەش بیانویەکی باشە بۆ دەست خستنە سەردەست و هیچ ئەنجام نەدان. ئەگەر بۆ گۆڕینی ژیانتان لە بابەتە ئاڵۆزەکانەوە دەستپێبکەن، ئەوا ڕاتانکردوە لەو ڕاستیەی کە ئەتوانن هەر لەو ساتەدا کارێك بکەن بۆ گۆڕینی ژیانتان. وا خۆتان تەڵقین مەکەن کە ناتوانن ژیانتان بگۆڕن. لەوانەشە وابیرئەکەنەوە کە پێویستتان بە کەسێکی پسپۆڕە تا کارەکان ئەنجام بدات. یەکێك لە هاوڕێکانم لەبیرە کە ئەیویست لەشێکی ڕێکی هەبێت. ئەو چاوەڕوانی هێنانی ئامێرێك بو کە لە ئەمریکاوە داوایکردبو. لە کاتی چاوەڕوانیدا نیگەرانی تەندروستی بو و وتی کە ناتوانێت بەردەوام بێت لە بەرنامە تازە خۆراکیەکەی. پێموت کە ئەو لە پێشدا هاوشێوەی ئەو ئامێرەی هەبوە و ئەتوانێت سودی لێوەربگرێت. سەرسوڕمانێك لە چاوانیدا تیشکیدایەوە! بەڵێ، ئەو سەرنجی نەدابو لە ڕێگەچارە سادەکەی کێشەکەی و لە بەرامبەردا چاوەڕوانی دەستێکی غەیبی بو.

لەبەرئەمە سەرنجبدەن لە ڕێگەچارە سادەکان. ئەگەر ئەتانەوێت تەندروست بن وەرزش بکەن، پێویس بە بڕوانامەی دکتۆرا ناکات تا کاتژمێرەکەتان نیو کاتژمێر زوتر هەلتان سێنێت لە خەو و کەمێك وەرزش بکەن. بۆ لاواز بون پێویستیتان بە دنیایەك کتێب نیە. تەنیا پێویستە



Scanned with CamScanner

خۆتان کاتژمێرەکە بنێنەوە (تەوقیت بکەن). ئەتانەوێت جگەرە تەرك بدەن؟ دەی جگەرە مەخەنە دەمتان و دایمەگیرسێنن. ئەمە سادەترین ڕێگە چارەیە. بەڵێ، ئەزانم کە پێویستتان بە هێزی ئیرادە هەیە، بەلام نابێت بۆ بەهێزکردنی ئیرادەتان وەك سوپەرمانتان لێبێت. بەدەوری هەمو ئەو هۆکارانەدا کە بۆچی ناتوانن جگەرە تەرکبدەن هێڵ بکێشن و تەنیا کارێکی سادەی تەرکدانی ئەنجامبدەن. من خۆم ئەمکارەم کرد و بلیمەتیش نیم. تەنیا یاسای لەسەدا سێ لەبیرمەکەن: هەرجارە و هەنگاوێك، هەر ڕۆژە و یەك جار، و پێیەوە پەیوەستبن. ئەگەریش بۆتان دەرکەوت کە ناتوانن بەردەوامبن، یارمەتی لەو فیلە وەربگرن کە هەواتان تێکردوە.

لەبیرتان بێت کە هەمیشە سادەکردنەوە باشترە. لەبەرئەمە بابەتەکان لە ڕادەی خۆیان زیاتر گەورە مەکەن. بە زۆری پرسیارەکان لەوە سادەترن کە گومان ئەبەن. یەکێك لە باشترین ڕوداوگەلێك دەربارەی لەڕادەی خۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی بابەتەکان تا ئێستا بیستومە، ئەو ڕوداوە بو کە ناسا چەندین ساڵ و ملیۆنان دۆلاری خەرجکردوە لە دروستکردنی پێنوسێکی تایبەتیدا کە ئەیتوانی لە ئاسماندا بەشێوەی پێچەوانە بنوسێت. لەکۆتاییدا کاتێك کە پرۆژەکە تەواو بو ناسا ئەو ئامێرە جوانە ئەندازیاریەی کە بە شێوەیەکی زۆر لێهاتوانە دروستکرابو وەك دیاری بەخشرایە ڕیکخراوی ئاسمانی ڕوسی، ڕوسەکانیش خەندەیەکیان کرد و وتیان: (ئێمە پاندان بەکارئەهێنین! )



Scanned with CamScanner

## سەرەتا شتە سادەکان جێبەجێبکەن

ئەڵبەتە کێشەکانی ژیان هەمیشە سادە نین، بەڵام ئەگەر سەرەتا بیر لە ڕێگەچارە سادەکان بکەنەوە، بۆتاندەردەکەوێت کە کێشە گەورەکان ئاسانتر چارەسەردەکرێن. بۆ نمونە گۆڤارەکەی ئێمە واتای بەدەستهێنانی یاسایی دەرامەت نیشانی بێ ماڵوحاڵەکان ئەدات نەک ڕێگەی باشبونی تەواوەتی. وە هەر لەبەرئەم هۆکارە زۆرێکیان گلەیی و گازندە ئەکەن. بەڵام دوای ئەوەی کە چەند هەفتەیەکیان تەرخانکرد بۆ دەستخستنی دەرامەت و بە فرۆشتنی گۆڤارەکە پارەیان بەدەستهێنا، سەیرم کردن و بینیم کە چۆن زۆرێکیان گۆڕاون. ئەولەویاتەکانیان گۆڕا. ئێستا ئەیانەوێت بزانن دوای ئەو قۆناغە ئەگەن بە کوێ. ئەنجامدانی کارێکی سادەی وەک هەلبەخشین بە خەڵکی بۆ بەڕێوبردنی لایەنی مادیان زۆر باشە، لەبەرئەوەی زۆربەی کێشەکانیان ئەخاتە چوارچێوەیەکی تر. ئەوان هەنگاوێکی سادەیان هەڵهێناوە بۆ گۆڕانی ژیانیان و لەناکاودا بۆیان دەرئەکەوێت کە توانای هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر بۆیان ئاسان بوە. فرۆشتنی گۆزارەکە ئەوانی لە شەوبێداری، برسێتی و زبری ڕزگارنەکردوە، بەڵام ئەتوانێت یارمەتی کاملبون و بەرزکردنەوەی ڕێژەی باوەڕبەخۆبونیان بدات.

زۆر بە کەمی کێشەیەکی گەورەی وام بینیوە کە نەکرێت کارێك بۆ چارەسەرکردنی بکرێت. هەرچەندە کێشە گەورەتر بێت، بەشێوەیەکی سروشتی شتێکی گەورەتر هەیە کە بوارەکە باشتر بکات، یان ئەم هەستەتان تیا دروستبکات کە ئەم کارە سەختە، ئەکرێت ئەنجامبدرێت.



Scanned with CamScanner

بەزۆری ئەمە سەرەتای کارەکەیە. بەڵام کاتێك کە هەمو ئەم کارە سادانە ئەنجام ئەدەن، ئەتوانن کێشە گەورەکان چارە بکەن. ڕێك وەك ناقیکردنەوەیە، سەرەتا وەڵامی پرسیارە سادەکان ئەدەنەوە، پاشان ئەڕۆن بۆ پرسیارە مامناوەندیەکان و تا کۆتایی تەماشای پرسیارە قورسەکان ناکەن، تا کاتێك کە هەڵەیەك بکەن و ئامادەی ئەوەبن کە باوەڕبکەن هەمو شتێك رێیتێئەچێت ڕوبدات.

لەبەرئەمە ئەگەر ئەتانەوێت ژیانتان بگۆڕن، تا کاتێك کە کێشەکان بچوك و بە ئەندازەی کوللەیەکن چارەسەریان بکەن. مۆڵەت مەدەن بابەتانێکی وەك پڕکردنەوەی پرسیارنامەی دامەزراندن بکەوێتە کۆتاییەوە، چونکە ئەوکاتە بوار و کاتی پێویستتان نابێت بۆ پڕکردنەوەی. لە پێشدا خۆتان ئامادە بکەن بۆ هەرکارێك کە ئەتوانن ئەنجامی بدەن، بە جۆرێك کە بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزنەبێت. دواتر ئەتوانن فوکردنە فیلەکە دابنێن بۆ ئەهلی خۆی.



Scanned with CamScanner

*هەمیشە کارەکان بە سادە وەربگرن. کارەکان بە ئەنجامدانی چەندین کار لە یەك کاتدا ئاڵۆز مەکەن.

*بە ڕێکی پرسیار لە خۆتان بکەن تا بۆتاندەربکەوێت کە پێویستتان بە گۆڕینی کام شتانەیە.

*دەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانتان ڕاستگۆ بن. ئەگەر بەشێکن لە کێشەکە ڕونی کەنەوە، و دەستبکەن بە گۆڕان بۆ بەشێك لە چارەسەر.

*بەزۆری گۆڕانەکان بالآتر لە دەستپێکەشتنی ئێوە دێنە بەرچاو. تەنیا هۆکاری پێویست، ڕاسگۆیی و هەوڵدانە بۆ گەشتن پێی.

*سەرەتا کارە سادەکان ئەنجامبدەن. ئەوکاتە بۆتاندەرئەکەوێت کە ئەنجامدانی کارە سەختەکان بۆتان ئاسانتر ئەبێت.

*باوەڕتان هەبێت بە تواناکانتان بۆ گۆڕینی بابەتەکان لە بچوکەوە بۆ گەورە.

*بە چێژبردن لە هەر هەنگاوێکی بچوك کە هەلیئەگرن تواناکانتان بناسن.

*لەبیرتان بێت کە بە زویی ئەبنە نمونە و هێمایەکی شایستە بۆ کەسانی تر.



Scanned with CamScanner

# چوړاوه



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەم کتێبـەم لـەو ڕوەوە نوسـیوە تـا بـە ڕونکردنـەوەی ئەزمونـەکانم یارمەتی کەسانی تـر بدەم. لـە ڕاسـتیدا نەمئەویست هـەموی دەربارەی بەڕێوبردنی زیرەکانەی کاروبار قسەبکەم، یان وێناکردنی ژیانێکی ڕازاوە و پیرۆز بخەمە بەرچاوتان کە ئەبێت هەمان بێت. ئەمویست دژێتیەکانی ژیان لە کاتی هەنگاونانمان بۆ لـە کۆڵبونـەوەی قورسـایی بـەردی ژیان کە بە کۆڵمانەوەیە، نیشانبدەم. ئەمویست نیشانتانی بدەم کە هێشتا لە هەوڵدان بەردەوامم بۆ بەرزکردنەوەی خۆم و ئەمەش شتێك نیە کە بەشێك بێت لـە پێشینەی من، کە لە ڕابردویەکی زۆر دوردا کفن کراوە.

زۆربـەی ئـەو چـیرۆکانەم خوێندوەتـەوە کـە دەربـارەی ئـەو کەسانە نوسراوە کە حەزیان لە بیستنی دەستخۆشی کەسانی ترە دەربارەی ژیان ربەخت و ناوچـاوانیان. لـەم چـیرۆکانەدا نوسـەرەکان دەربـارەی هەڵە، کێشەکان و بابەتانێك قسەئەکەن کە لە ڕابردویەکی دور و تاریکدا یەخەیان گرتبون. تا کاتێك کە نزیکیان ئێمە هەمومان ئەتوانین ئەمە قبوڵ بکەین.



Scanned with CamScanner

تینەپەڕیون، ئەم هەڵانە بە زۆری خەندەدارن تا تراژیدی. لە لایەکی ترەوە، ئەم هەڵانە زیاتر لەوەی شەڕانی بن هێمن کەرەوەن.

من ناتوانم وابم، هەروەك ئەوەی کە وتم من هێشتا دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو هەڵانەدا نەرم ئەکەم کە لە ڕابردودا یەخەیان گرتبوم و هێشتا خەریکم کار لەسەر خۆم ئەکەم. هێشتاش هەندێك کات هەستی بێ ئامانجی و لەدەستدانی بیرکردنەوە بەسەرمدا زاڵ ئەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا هەروەك کەسانێك کە زۆر کاریان ماوە ئەنجامی بدەن، هەوڵئەدەم. من شکست ناخۆم، و یەکێکیش نیم لە شکست خواردوەکان.

ئومێدەوارم ئامۆژگاریەکانی ئەم کتێبە سودمەند بوبێت بۆتان. ئای خۆزگە ئەم کتێبەم لەکاتێکدا بخوێندایەتەوە کە لە گەشەدابوم ، ئەبێت دانی پیابنێم کە ئەمە لەو کتێبانەیە هێشتا پێویستم پێیانە. هێشتا ئەبێت یاسای لەسەدا سێ بدەن بە گوێمدا. هێشتا پێویستم بەوەیە کە لە بیرمدابێت نەکەومە داوی خۆ بە قوربانی زانین. هێشتاش ئەبێت دانی پیابنێم کە قوڵبونەوە بۆ خۆناسین، سودمەندە.

ئومێدەوارم ئەم کتێبە لە شێوەی ڕێنوێنیکارتاندا بێت، نەك کتێبێك کە ژیانتان لەسەری بنیات بنێن، بەڵکو کتێبێك بێت کە کۆمەڵێك لەو شتانەی کە ئەتوانن دیاریان بکەن بخاتەوە بەرچاوانتان و هەندێك لەو هەڵانەش کە من توشیان بوم بدا بە گوێتاندا تا لێیان دورکەونەوە . من سودم لە ژیانی خۆم وەرگرتوە وەك نمونە. ئەمویست سەرقاڵتانکەم، نەك ئەوەی کە بە نمونەی درێژ سەرتان بخەم. تا ئێستاکە هەمو شتێك باش چوەتە پێشەوە. ئەمویست بتانخەمە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە و کارکردن. وە



Scanned with CamScanner

کارێك بکەم کە زاڵبون بەسەر کێشەکاندا ببینن، دواتر بە هۆشێکی تازەوە بەردەوام بن.

ئومێدەوارم کە ئەم کتێبە بتانخاتە سەر کار. بەبێ گومان، لەکاتی نوسینیدا بۆخۆم واتیایەکی فراوانی هەبوە.

کۆتایی



Scanned with CamScanner